ئیسماعیل تەنیا

# نمایشێک
# لە مینبەری
# (من)ەوە

هەواڵنامەی کتێب

هەولێر ٢٠١٩

* نمایشێک لە مینبەری (من)ەوە
* ئیسماعیل تەنیا
* بابەت: ڕۆژنامەگەریی
* چاپی یەکەم - ٢٠١٩
* دیزاین و بەرگ: هەژار قادر
* تیراژ: ٥٠٠ دانە
* نرخ: (٤٠٠٠) دینار

هەواڵنامەی کتێب

# دەستپێک

لە دەستپێکی ئەم کتێبەدا، حەز دەکەم ئەگەر بە کورتیش بێت، خوێنەران ئاشنای بابەتەکانی بکەم، کە بریتین لە چواردە بابەت، دوازدەیان سەر بە دنیای ڕۆژنامەگەریی کوردین، دووەکەی تریشیان کەم و زۆر، نزیکن لە ڕۆژنامەگەرییەوە... کتێبەکەم کردۆتە سێ بەش:

* بەشی یەکەم: وەڵامێکی درێژو درەنگ وەختە بۆ هاوڕێم (نەوزاد عەلی ئەحمەد). ساڵی ٢٠١٠ کتێبی (بزاڤی ڕۆژنامەگەریی کوردی لە ئەڵمانیا ١٩٦٣-٢٠٠٦)م چاپ و بڵاوکردەوە... نەوزاد، هەڵسەنگاندن و بابەتێکی ڕەخنەیی دوورو درێژی بە (١٠) بەش و زنجیرە، لە پاشکۆی (ئەزموون)ی ڕۆژنامەی (بارزان)، کە بەشی یەکەمی لە ژمارە (١٨١)ی ڕۆژی ٢٠١٠/٩/١٩دا بڵاوکردەوە، بەشەکانی تریش لە ژمارەکانی دواتر. دوای تێپەڕبوونی سێ ساڵ، هەمان بابەتی لەگەڵ کۆمەڵێک بابەتی تری ڕۆژنامەگەریی، لە کتێبی (ڕۆژنامە لە کتێبدا، بەرگی سێیەم، ٢٠١٣)دا، دووبارە بڵاوکردەوە.

* بەشی دووەم: حەوت ناوونیشانی جیاوازن لەسەر مێژووی ڕۆژنامەگەریی کوردی لە نێوان ساڵانی (١٩٧٥-١٩٩٣)دا. ساڵی ٢٠١٣ کتێبی (ڕابەری ڕۆژنامەگەریی کوردی ئازاری ١٩٧٥-١٩٩٣)م، بڵاوکردەوە، دەبوو ئەم حەوت بابەتە وەک بەشێکی سەربەخۆ لەگەڵ کتێبی گۆڕین، بڵاوبکرێنەوە، بەڵام لەبەر ئەستوور بوونی بارستایی لەلایەک و نەبوونی کتێبەکە بە دوو بەرگ، ئەو کات بڵاونەکرانەوە.

* بەشی سێیەم: شەش ناوونیشانی گرتۆتە خۆ کە چواریان لەسەر گۆڤارەکانی: (دەنگی پێشمەرگە، پەڕەنگ، پێشکەوتن، هاڤیبوون)ە. بە درێژی باسی ئەم گۆڤارانەم کردووەو بەپێی زانیاری دەستکەوتوو، دەست نیشانی ئەو نووسەرانەم کردووە کە بابەتیان لەم گۆڤارانەدا – جگە لە دەنگی پێشمەرگە-دا، بڵاوکردۆتەوە.

دوو بابەتەکەی تر، یەکیان لەسەر کتێبی (مێژوویەک لەسەر لم)ی (سالار ڕەشید)ە، کە ئەویش کۆمەڵێک باسی لەسەر ڕۆژنامەگەریی چەپ تێدایە. . . ئەوی تریان لەسەر مێژووی دروست بوونی (کتێبخانەی کوردی لە شاری هانۆڤەر)ی ئەڵمانیایە کە ئەمیش کەم و زۆر، سەرەداوێک بە ڕۆژنامەگەریی کوردی دەیان بەستێتەوە. کاتی خۆی ساڵی (٢٠١٧)، لە خوولێکی مەشق و ڕاهێنان و کار دۆزینەوەدا، دوای تەواو کردنی ماوەی تییۆری، سێ مانگ وەک پراکتیک لە کتێبخانەی نێونەتەوەیی (هانا ئارنت) کارم کرد. کتێبخانەکە جگە لە کتێبی ئەڵمانی، چەند بەشێکی تریشی تێدابوو وەک: کتێبخانەی (کوردی، یۆنانی، چینی، فارسی، ئەمازیغی، باشووری ئەفەریقا. . . . ).

ئەم بابەتانەی دوو تویێی ئەم کتێبە، سیخناخن لە ژمارەو ڕێژەو داتا، چۆن دڵنیام کە ڕۆژ هەڵدێت ئاوابوونیشی بە دواوە دێت، ئاواش دڵنیام کە ژمارەو ڕێژەو داتاکانی منیش قابیلی ئەوەن گۆڕانکارییان بەسەردا بێت، چونکە: دۆزینەوەو خستنە سەری یەک دوو ناوونیشان بۆ سەر بابەتەکانی من، گۆڕانکاریی دێننە ئاراوە. . . دڵنیاشم، گۆڤارو ڕۆژنامەی تریش هەبوون، کە من دەستم پێڕانەگەیشتوون، یان ئاگاداریان نەبووم.

لە دوا جاردا، هیوادارم ئەم بابەتانە کار ئاسانییەک بێت بۆ هەواداران و توێژەرانی ڕۆژنامەگەریی کوردی و بەشێکی یەکجار بچووک لە کتێبخانە گشتیی و تایبەتییەکان ئاوەدان بکاتەوە. . .

دەمێنێتەوە سەر ئەوەی کە بڵێم: بەشی زۆری بابەتەکان، لە کات و شوێنی جیا جیادا، بڵاوکراونەتەوە.

*ئیسماعیل تەنیا*

*کانوونی دووەمی ٢٠١٩*

*هانۆڤەر*

# بەشی یەکەم

هەواڵنامەی کتێب

# نمایشێک لە مینبەری (من)ەوە

## پێشەکی

لە ساڵی ٢٠١٠دا، کتێبی (بزاڤی ڕۆژنامەگەریی کوردی لە ئەڵمانیا ١٩٦٣-٢٠٠٦)م، بڵاوکردەوە. ئەم کتێبەم لە بڵاوکراوەکانی (دەزگای بارزان نیوز بۆ توێژینەوەو ڕاگەیاندن) بوو، کە هاوڕێی دێرینم (غازی حەسەن) سەرپەرشتی دەکرد. ئەو دەزگایە، ڕۆژنامەیەکیشیان بە ناوی (بارزان)، دەردەکرد. پاشکۆیەکی ئەدەبی و هونەری بە ناوی (ئەزموون)، هەبوو.

کە کتێبەکەم بڵاوکرایەوە، لە چەند (گۆڤار، ڕۆژنامەو پێگەیەکی ئەلکترۆنی)، چەند بابەتێکی لەسەر نووسراو بڵاوکرایەوە. یەکێک لەم بابەتانە، بابەتی هاوشارو هاوڕێی دێرینم (نەوزاد عەلی ئەحمەد) بوو. لە ساڵی (١٩٨٣)ەوە، لە نزیکەوە ناوبراو دەناسم. ئەو، هەم شاعیرەو هەم ڕۆژنامەنووس و لێکۆلەری بواری ئەرشیف و ساغکردنەوەو دووبارە لە چاپدانەوەی بڵاوکراوەکانی سەردەمی شاخە. لەم بوارەدا کۆمەڵێک کاری باشی کردووە. بابەتەکەی نەوزاد، بە ناونیشانی (بزاڤی من بۆ کتێبی بزاڤی ڕۆژنامەگەریی کوردی لە ئەڵمانیا)، بوو. بە زنجیرەو بە دە بەش لە پاشکۆی ئەدەبی و هونەری (ئەزموون)ی ڕۆژنامەی (بارزان)دا، بڵاویکردەوە. هەمان بابەت، بۆ جاری دووەم، لە دوو تویی کتێبی (ڕۆژنامە لە کتێبدا، بەرگی سێیەم، هەولێر، ٢٠١٣)دا، بڵاویکردۆتەوە. ناوبراو، کۆمەڵێک سەرنج و تێبینی باشی خستۆتە ڕوو. لە چەند شوێنێکیشدا، هەڵەی منی ڕاست کردۆتەوە. بۆ چەند گۆڤارو بڵاوکراوەیەکیش زانیاری زیاتری نمایش کردووە. هەندێکیان لە شوێنی خۆیاندان، هەندێکی تریان ئەوەندە پەیوەندی بە ڕەخنەو کتێبەکەی منەوە نییە. زانیارین و لەبەر دەستی ناوبراو دان. هەست دەکەم ئەم زانیارییانە، کتێبەکەی منی کردۆتە پەراویزێک، بۆ بڵاوکردنەوەیان. . . دەکرا، لە شوێنێکی تردا، نەک لە مینبەری منەوە، نمایش بکرابان.

رۆژ کەریم

# من هەموو جۆرە گۆرانییەکم گوتووە، بەڵام قەت ناگەم بە ترۆپک



سازدانی: کانی جەلال

# چاوپێکەوتنێک لەگەڵ بەڕێز نەورۆز سالح بەرپرسی کۆمکاری زیندانییە سیاسییەکان لە ئەوروپا

## مەرجی وەرگرتنی ئەندام ئەبێ لەپێش گیران تەمەنی لە ٩ ساڵ کەمتر نەبووبێ





نەوشیروان ئەمەدی
ئەڵمانیا

# ئەرشیفی رۆژنامەگەری کوردی لە ئەڵمانیا

### کوردستان ئینفەر ماسیۆن

### ئیسماعیل تەنیا- ئەڵمانیا


Kurdistan
INFORMATION

# کۆنفرانسی ئەنجومەنی جالییەی عیراقی فیدرالی دیموکرات لەدوو هەرێمی ئەڵمانیا کورد بە زۆرینەی دەردەچن،لە حەوت ئەندام پێنجیان کوردن



رەوەز محەمەد مەنتک/ئەڵمانیا

من، به گوێرەی ئەو زانیارییانەی کە تا ساڵی چاپکردنی کتێبەکەم، دەستم کەوتبوون، دەستپێکی ڕۆژنامەگەریی کوردی (چاپکراو بە فۆرمی گۆڤار و ڕۆژنامە) لە ئەڵمانیا، بۆ ساڵی (١٩٦٣)م گەڕاندۆتەوە. نەوزاد هەوڵیداوە ئەوە بسەلمێنێت کە یەکەم بڵاوکراوەی کوردی لە ئەڵمانیا، ڕۆژنامەی (خەبات)ی (پارتی دیموکراتی کوردستان- عێراق)ەو، لە ساڵی ١٩٦٢دا، دەرچووە. ناوبراو لە کۆتایی بابەتە درێژەکەیدا، باسی بیست گۆڤارو بڵاوکراوەی کردووە، کە لە ئەڵمانیادا دەرچوون و من باسم نەکردوون. هەڵبەتە ئەمە کارێکی باشەو بە سوپاس و پێزانینەوە، دەکرێت لە چاپێکی تردا ئەمانەش پۆلین بکەم و بیانخەمە دووتوێی کتێبەکەم.

ئەم بابەتە بێ دەستکاری کردن - ئەگەر هەش بووبێت، یەکجار کەم بووە- ، وەک ئەوەی لە (ئەزموون)دا بڵاوکراوەتەوە، لێرەش (ڕۆژنامە لە کتێبدا)، بە (٧٦) لاپەڕە، بە هەمان زانیارییەوە، بڵاوکراوەتەوە. من پێموایە، بەشی زۆری ئەو زانیارییانەی کە ناوبراو، دەربارەی کتێبەکەی من خستویەتییە ڕوو، زانیاری لاوەکین و لەسەر حسێبی (ڕەخنەو هەڵسەنگاندنی کتێبەکەی من)، وتارەکەی خۆی پێ قەبە کردووەو دەکرا لە شوێنی تریش بڵاوبکرابوونایەوە. ئەو؛ کۆمەڵێک زانیاری ئەرشیفی لەبەر دەستدا بووە، کە بۆ کتێبەکەی من زیادەن و پێویستی بەوە نەکردووە، کە من باسیان بکەم. بۆ نموونە: لە سەرنجەکانیدا دەربارەی (دەنگی کۆمکار)، چوار لاپەڕەی کتێبی لەسەر نووسیوە، کە سێ لاپەڕەی تەواوی بۆ خستنە ڕووی کاتی دەرچوونی ژمارەکان تەرخان کردووە. هەروەها بۆ (سەرخوەبوون، ل ١٣٤) و (بەرخودان، ل١٤٠و . . . تاد)، بە هەمان شێوە. مەبەست لە کتێبەکەی من، خستنە ڕووی بڵاوکراوەو گۆڤارەکان بە هەموو ژمارەکانیانەوە، نەبووە، بۆیە ئاماژەم پێ نەکردوون.

بە کورتی: ئەم بابەتەی نەوزاد، لە جیاتی (٧٦) لاپەڕە، دەکرا بە (٢٠-٣٠) لاپەڕەیەک، بخرابوونایە ڕوو. وەڵامەکەی من درەنگ کەوت. دەبوو زووتر وەڵامم هەبێت، بەڵام ئەم هۆکارانە ڕێگر بوون:

١- کاتی خۆی، کە بابەتەکە بڵاوکرایەوە، لە یەکێک لە بەشەکان هەڵەی

زۆری تێکەوتبوو، بۆیە نەوزاد خۆی لێ بێبەری کرد. نە دەکرا تا تەواو بڵاو نەکرێتەوە، من لەو شوێنانەی کە وەڵام هەڵدەگرن، وەڵامیان بدەمەوە.
٢- لە زۆر شوێنی بابەتەکەی (ئەزموون)دا، بەڵێنی ئەوەی داوە کە لە کۆتاییدا، تەواوی بابەتەکە، لە دووتوێی کتێبێکدا، بڵاو بکاتەوە. منیش چاوەڕوانی ئەم کتێبە بووم.
٣- دوای بڵاوبوونەوەی تەواوی بابەتەکەی ناوبراو، پاش چەند ژمارەیەکی کەم، ڕۆژنامەی (بارزان) و تەواوی دەزگاکەش داخرا.
٤- من پێموابووە، ئەم بابەتە دوورو درێژو تایبەتمەندە، (ئەزموون)ێکی چوار لاپەڕەی هەفتانە، یان دوو هەفتە جارێک، ئەوێ شوێنی ئەوە نەبووە بۆ بڵاوکردنەوە.
٥- وەڵامە درەنگ وەختەکەی منیش لەوە سەرچاوەی گرتووە:
- قەرد کۆن دەبێت بەڵام نافەوتێت.
ئەم بابەتەی نەوزاد چووە ئەرشیف و دەکرێت خەڵکانێک پشتی پێ ببەستن. لەوانەیە ئەم وەڵامەی منیش، هەمان ئامانج بپێکێت و بەرچاو ڕوونییەکیش بداتە ئەو کەسەی کە بابەتەکەی نەوزاد دەخوێنیتەوە.
- لە هەردوو حاڵەتەکەشدا -ئەوەی نەوزاد و ئەمەی منیش- ، خزمەت بە ئەرشیفی ڕۆژنامەگەریی کوردی دەگەیەنن.
لە هەموو حاڵەتێکیشدا، مەبەستم لەوە نەبووەو (نییە)، لە هەوڵ و کۆششەکانی نەوزاد کەم بکەمەوە. تێگەیشتن لە ئەدەب و مێژوو و کولتور، حاڵەتێکی ڕەها نییە، تا سەرنجی تر هەڵنەگرن. لەوانەیە ئەوەی نەوزاد پێی ڕاست بوو بێت، لای من ڕاست نەبێت. بە پێچەوانەشەوە، دروستە. نەوزاد، هەر هاوڕێ و دۆستی خۆشەویستمەو بە ڕێزەوە سەیری هەوڵەکانی دەکەم. حەز دەکەم ئەوەش بڵێم: کە ئەوە یەکەم و دوا وەڵامم دەبێت بۆ ئەم بابەتە.

**سەرنجەکانی من**

دەمەوێت لە ڕاستکردنەوەی ئەم دوو هەڵەی نەوزاد دەست پێ بکەم، کە بە سەریدا تێپەڕیوە:
لە لاپەڕە (١٧٥)ی کتێبەکەیدا، دەنووسێت: ئەم بابەتەم بە زنجیرە لە پاشکۆی (ڕەسەن)ی هەفتەنامەی (بارزان نیو) ساڵی ٢٠١١، بڵاوبۆتەوە.

# هەواڵ

ئەم ژمارەیە **1**

گۆڤارێکی سیاسی گشتی یە

**فۆنداسیۆنی کورد دەری دەکات**

لەیەک کاتدا لە واشنتن و برلین و ستۆکهۆلم بلاودەکرێتەوە

هەواڵ
لەسەر ئاستی جیهانی بلاودەبێتەوە

هەواڵ
هەموو پروپاگەندەیەکی بازرگانی و ئابوری بلاودەکاتەوە

بۆ ئەوەی هەموو ژمارەکانت دەست بکەوێت دەخرێت بەشداری بکەیت لەرێگای ئۆفیسەکانمانەوە

نرخی هەواڵ
٥ دۆلار ـ ٨ مارک ـ ٣ پاوەن



**رەوەنـــدی ئـاشـتـــی بـــەرەو کــــــوێ ؟** 17





**سەدام حسێن لەکام دەرگاوە دێتە دەرەوە؟** 32

**کریستین گۆسدن: تراژیدیای بەردەوامی هەڵەبجە ئاشکرا دەکات** 12


- خواجاکان لەبەردەم قیامەتی سلێمانی‌دا 44
- سینبەری عەسکەر 26
- تەختەی شەترەنجی کوردستان 24
- حسێن میسری: باخەڵکی بێن لێرە ....... 50
- تەلەفزیۆنی کوردی و سیستەمێکی مەحاڵ 48
- وشیار: بەکێڵکەکانی (مین)دا گەشتمە ژاپۆن 37



ئەدرەس


نوسینگەی واشنتن
PO BOX 86
Annanadale, VA 22003
U.S.A.

نوسینگەی برلین
Postfach 210231
10502 Berlin
Germnay

نوسینگەی ستۆکهۆلم
BOX 1106
164 22 Kista
Sweden

هەڵەی یەکەم: پاشکۆ ئەدەبی و هونەرییەکەی هەفتەنامەی (بارزان)، ناوی (ئەزموون) بوو، نەک (ڕەسەن).
هەڵەی دووەم: هەفتەنامەکە ناوی (بارزان نیو) نەبوو، بەڵکو ناوی (بارزان) بوو. دەزگاکە بە گشتی ناوی (دەزگای بارزان نیوز بۆ تویژینەوەو ڕاگەیاندن) بوو، نەک (بارزان نیو). نازانم چۆن ئەم دوو هەڵە زەقە لە ڕستەیەکی یەک دێریدا بەسەر نووسەرێکدا تێپەڕیوە کە تەمەنێکی خۆی لەم بوارەدا سەرف کردووە ؟ جا چ جای بڵاوکردنەوەی بابەتێک بە دە (١٠) بەش و بە هەڵە ناو هێنانی ئەو (دەزگا، ڕۆژنامە، پاشکۆ)یە؟ (ڕەسەن) و (ئەزموون)، لە ڕووی ماناو پێکهاتەوەش ئەوەندە لەیەک دوورن ناکرێت بڵێین هەڵەی چاپە.
هەوڵ دەدەم بە گوێرەی پێویست، لاپەڕە بە لاپەڕە، وەڵامی ئەو بۆچوونانە بدەمەوە، کە وەڵام هەڵدەگرن.
* نەوزاد دەنووسێت: (لەم بەشەدا، زانیاری سەبارەت بە١٤٠ ڕۆژنامەو گۆڤارو بڵاوکراوەی هێناوە. ل ١٠٢).
ڕاست و ڕەوانتر بوو گەر بینووسیبایە: لەم بەشەدا، زانیاری سەبارەت بە (١٤٠) ڕۆژنامەو گۆڤارو بڵاوکراوە، خستۆتە ڕوو، چونکە زانیاری ناهێنرێت، بەڵکو دەخرێتە ڕوو، یان باس دەکرێت.
* نەوزاد دەنووسێت: بە داخەوە ئامادەکەرو نووسەری کتێبی ناوبراو جیاوازی لە نێوان ئامرازی (ئەم)و (ئەو)دا نەکردووە، کە وەک دەزانرێت (ئەم) بۆ شتی نزیکەو (ئەو) بۆ شتی دوورە. ل١٠٣.
ناوبراو، خۆیشی تووشی هەمان هەڵە بووە، کاتێک کە دەنووسێت: لە هەفتەیەکدا تەنیا چەند کاتژمێرێکم بۆ کار کردن لەسەر (ئەو کتێبەدا) داناوە. دەبوا بنووسێت: (ئەم کتێبە). هەروەها بینووسیبا : لە هەفتەیەکدا تەنیا چەند کاتژمێرێکم بۆ کار کردن لەسەر ئەم کتێبەدا، تەرخان کردووە، نەک داناوە.
* نەوزاد دەنووسێت: دەکرا بۆ ساغکردنەوەی مێژووی کورد لە وڵاتی ئەڵمانیادا وردتر سەبارەت بەو بابەتە بنووسرێت، چونکە ئەو سەرچاوانەی کە نووسەر ئاماژەی پێداون هیچیان ناچنە خانەی زانستییەوە. . . ل١٠٤.


ڕۆژنامە لە کتێبدا
نەوزاد عەلی ئەحمەد
بەرگی سێیەم
2000

تەوەری سەرەکی بابەتەکەی من، بوونی مێژووی کورد لە وڵاتی ئەڵمانیادا، نەبووە، تا بە دوورو درێژی و سەرچاوەی زۆرەوە باسی ئەم بابەتە بکەم. لەگەڵ ئەمەشدا بە شەش لاپەڕە، بە کورتی، ئەم بابەتەم باس کردووەو قۆناغەکانی هاتنی کوردیشم بۆ ئەڵمانیا دەست نیشان کردووە. من لە گۆترەوە ئەم باسەم نەنووسیوە، پشتم بە چەند سەرچاوەیەک بەستووە، وەک: (بیرەوەری، ماڵپەڕی ئەلکترۆنی). نەوزاد دەنووسێت: ئەو سەرچاوانەی کە نووسەر ئاماژەی پێداون هیچیان ناچنە خانەی زانستییەوە. . .

سەرچاوەکەی من، (بیرەوەری و ماڵپەڕی ئەلکترۆنی)یە. مێژوونووسی ناوداری کورد پرۆفیسۆر دکتۆر کەمال مەزهەر، لەم بارەیەوە دەنووسێت: (من لە بەرنامە توێژینەوەییەکاندا، هەمیشە بە قوتابییەکانم گوتووە کە بەڵگەنامە یەکەم سەرچاوەیە، بیرەوەری سەرچاوەی دووەمە، ئەمانە سەرچاوەی ڕەسەنن. . . بڕوانە: زانیار سەردار قرگەیی، دکتۆر کەمال مەزهەر ئاوڕ لە مێژوو دەداتەوە، چاپخانەی شڤان، ٢٠١١، ل٤٢).

من پشتم بە زانیاری وردی ئەو کەسایەتییە ڕۆشنبیرو سیاسییانە بەستووە کە تەمەنی خۆیان لە بزاڤی سیاسی و ڕۆشنبیریی و کولتوری کوردیدا سەرف کردووە. . . وێرای ئەمەش، نەوزاد لە کارێکی ئەکادیمی خۆشیدا، کە نامەی ماجستێرەکەیەتی بە ناوی (هونەرەکانی ئەدەب لە ڕۆژنامەگەریی نهێنی کوردیدا ١٩٦١-١٩٩١)دا، چاوپێکەوتن و پەیوەندی تەلەفۆنی وەک سەرچاوە بەکار هێناوە، کە بەلای منەوە دروستن و لە کاری زانستیدا دەکرێت بکرێنە سەرچاوە. بۆ جەخت کردنەوە لەسەر ئەم ڕاستییە، نامەی ئەکادیمی و کتێبی زۆری چاپکراو لەبەر دەستدان، بەڵام بۆ خۆ دوور خستنەوە لە درێژدادڕی، تەنها کتێبەکەی ناوبراوم بە نموونە هێناوەتەوە.

دەربارەی مێژووی دروستی کوردیش لەم وڵاتەدا(ئەڵمانیا)، تا ئێستا کتێب و بابەتی تێرو تەسەل لەبەر دەستدا نین، چونکە ئەو زانیارییانەی کە بڵاویش کراونەتەوە، زۆر جێگای متمانە نین، لەبەر ئەوەی : ئەڵمانیاو وڵاتانی جیهان بە گشتی، بە گوێرەی هاووڵاتی بوون ڕەگەزنامە، ئەو پەناهەندانە پۆلین دەکەن. بۆ نموونە: ئەو کوردانەی کە لە (عێراق و سوریا و تورکیا و ئێران)ەوە هاتوون، بە هاووڵاتی ئەم وڵاتانەیان حسێب دەکەن، نەک کورد. بابەت و سەرچاوەی لەم جۆرە زۆرن، کە دەکرێت لای من باوەڕ پێکراو

بن و لای یەکێکی تر، لەوانەیە وا نەبێت.

* نەوزاد دەنووسێت: وەک لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا باوە پلەی زانستی بۆ ناوی ئەو کەسانە دەنووسرێت کە پلەی بەرزی خوێندنیان هەیەو ناکرێت بە یەکێک بڵێین دکتۆرو بە ئەویتر نەڵێین دکتۆر کە لە ئەسڵدا دکتۆرە، لەو ڕووەوە دەکرێت سەیری لاپەڕە(١٥٩ تا ١٦٤) بکرێت. . . ل١٠٤.

مـن لە باسکردنی بیۆگرافییای ئەو کەسایەتییانە بە دروستی ئاماژەم بە پلەی زانستی ئەوان کردووە، دەکرێت خوێنەر سەیری ئەو لاپەڕانە بکات کە نەوزاد ئاماژەی پێکردوون.

* نەوزاد دەنووسێت: لە کاتی نووسینی ناوی ڕۆژنامەو گۆڤارو بڵاوکراوەکاندا لە نێوان بەکارهێنانی پیتی لاتینی لەلایەک و پیتی بەکارهاتوو لە خوارووو و ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا لە لایەکی تردا جۆرە تێکەڵییەک دێتە بەرچاو، بۆ نموونە ناوی چەندان گۆڤارو ڕۆژنامەو بڵاوکراوە بە پیتی لاتینی نەنووسراون کە لە ئەسڵدا بە پیتی لاتینی دەرچوونە، بۆ نموونە دەکرێت سەیری لاپەڕەکانی ٣٩، ٤٤، ٤٥، ٤٨، ٥٠، ٥٤، ٥٧، ٥٨، . . . . . هتد بکرێت، مادام ئەو گۆڤارو ڕۆژنامەو بڵاوکراوانە بە پیتی لاتینی دەرچوونە پێویست بوو کە لە ناوهێنانیشدا بە هەمان پیت ناوەکانیان بنووسرێت. . . . ل١٠٥.

یەکەم جار دەبێت بنووسرێت: (لە ناو هێنانیشیاندا)، نەک (لە ناو هێنانیشدا)، چونکە (گۆڤارو ڕۆژنامەو بڵاوکراوانە)، (کۆ)ن نەک (تاک). ئەو ڕایەی نەوزاد، ڕایەکی ڕەها نییە، تەنها ڕای شەخسێکەو بەس. بە لای منەوە، لەبەر ئەوەی زۆربەی هەرە زۆری خەڵکی (باشوور و ڕۆژهەڵاتی کوردستان)، بە – بەشێکی کەم– لە نووسەرو وەرگێڕە کوردەکانیشەوە، لاتینی نازانن و ناتوانن بەم ڕێنووسە، کتێب و بابەت بە دروستی بخوێننەوەو بنووسن. نەوزاد لە کاری ڕۆژانەیدا، دەتوانێت هەست بەم ڕاستییە بکات. . . من ناوونیشانەکانم بە ڕێنووسی ئارامی نووسیوەتەوە تاوەکو لەکاتی گۆ کردندا گرفتێک دروست نەبێت و زانیارییەکان بە ئاسانی بگەنە هەموو جۆرە خوێنەرێک. بۆ نموونە: ناوونیشانە ئەسڵییەکە بە لاتینییەو نووسراوە: (H□viya wel□t). من نووسیومە: (هێڤیا وەڵێت)... وا بزانم بۆ خوێندنەوەو تێگەیشتن هیچ گرفتێک

بۆ خوێنەر دروست ناکات. بۆ ئەمەش کە خوێنەر بزانێت ئەم بڵاوکراوەیە بە چ ڕێنووسێک (ئارامی یان لاتینی)، دەرچووە، ئەوا لە ناوەڕۆکدا ئاماژەم پێ کردووە. لە دوا جاردا، خوێنەران سەرپشکن کە لایەنگیری من یان نەوزاد بن.

* بۆ دەست نیشانکردنی مێژووی دەستپێکی ڕۆژنامەگەریی کوردی لە ئەڵمانیادا، من ساڵی (١٩٦٣)م، وەک دەستپێک بۆ ساغ بۆتەوە. بۆ سەلماندنی ساڵێک بۆ پێش ئەم مێژووە کە من دەست نیشانم کردووە، نەوزاد دەنووسێت: هەر بەیاننامەو ڕاگەیەنراو بڵاوکراوەیەک کە لە ناوەوە دەردەچوو، لە چاپخانەی لیژنەی دەرەوەی پارتی لە بەرلینی ڕۆژئاوا بە چەند دانەیەک چاپ دەکراو بە پۆست بۆ ڕێکخراوەکان لە وڵاتانی ئەورووپاو ئەمەریکا دەنێردرا ئەوانیش جارێکی تر بە گوێرەی پێویست و بوونی ژمارەی کورد لە وڵاتەکانیان دانەیان لەبەر دەگرتەوە. . ل ١٠٨.

لە ڕاستیدا ئەم کارە ناچێتە خانەی (شوێنی ئەساسی دەرچوون)ی ئەو بابەت و بڵاوکراوەو بەیاننامانە، بەڵکو تەنها لەبەرگرتنەوە (کۆپی کردن)و لێ زیاد کردنە کە بە عەرەبی پێی دەڵێن (تەکسیر)، تاوەکو هەرچی زیتر خەڵک سوودی لێ ببینن. ئەگەر ئەوەی نەوزاد ڕاست بێت، دەکرێت زۆربەی گۆڤارو بڵاوکراوەکانی سەردەمی شاخ (شۆڕشی نوێی باشووری کوردستان ١٩٧٦-١٩٩١)، شوێنی دەرچوونیان بکرێنە ئەو وڵاتانەی کە کوردییان وەک پەناهەندە تێدا نیشتەجێ بووە، چونکە هەموو پارتە کوردییەکان، ڕێکخراوی دەرەوەیان هەبووەو، لە کاتی خۆیشیدا، ئەو گۆڤارو بڵاوکراوانەی کە حزبەکانیان لە شاخ و باشووری کوردستان، بڵاویان کردۆتەوە، ئەوان (ڕێکخراوەکانی دەرەوە)، دووبارەو چەند بارە، دانەی زێتریان لەبەر گرتۆتەوەو بەسەر ئەندام و هەوادارانیان دابەش کردووە.

* نەوزاد بۆ ئەوەی ئەمە بسەلمێنێت کە یەکەم بڵاوکراوە لە ساڵی ١٩٦٢دا، دەرچووە نەک ساڵی (١٩٦٣)، وەک ئەوەی کە من ئاماژەم پێکردووە، ناوبراو دەنووسێت: لە ماوەی ساڵی ١٩٦٢ تا ئەو مێژووەی کە ئیسماعیل تەنیا بە مێژووی دەرچوونی یەکەمین بڵاوکراوەی کوردی لە ئەڵمانیا داناوە کە مانگی ڕەزبەری ساڵی ١٩٦٣-یە، ڕێکخراوی ئەورووپای پارتی دیموکراتی

کوردستانی عێراق سێ ژماره له ڕۆژنامەی خەبات و ژمارەییێک له بڵاوکراوەی ڕزگاری جارێکی تر چاپ کردۆتەوه که له شێوەدا لەگەڵ چاپەکانی کوردستاندا زۆر جیاوازن و وەک بەڵگەش دەتوانرێت سەیری ژماره (٤٦٥)ی ڕۆژنامەی خەبات بکرێت که له مانگی نیسانی ساڵی ١٩٦٢ دەرچووه. . . ل١٠٨.

ئەو (خەبات)ەی نەوزاد (ژماره ٤٦٥ ئەوائل نیسان ١٩٦٢)، باسی دەکات چاپی وڵات (کوردستان)ەو به تایپ نووسراوه. ئەو (٤٦٥)ەی که گوایه له ئەوروپا (ئەڵمانیا)دا بڵاوبۆتەوه، وا نییه، چونکه (ئارم) و (ژماره) و (نرخ)ی کوردستانی لەسەرەو تەنها بریتییه له بەیاننامەیەکی پارتی و به دەست نوسراوەتەوه. . . دەتوانین بڵێین: بەیاننامەیەکەو له (خەبات)ی ژماره (٤٦٥)ی کوردستان گواستراوەتەوەو به دەست نووسراوەو ئارمی (خەبات)یان لەسەر داناوه. . . بۆ ڕاستی بۆچوونەکەشمان هەر نرخەکەشی پارەی عێراقییه که (١٠٠) فلسه. گەر له ئەڵمانیا دەرچوو بێت، بۆ نرخەکەی پارەی عێراقی لەسەر نووسراوه؟!

بۆ ژماره (٤٦٦) ئەوائل ئابی ١٩٦٢-یش، ئەویش تەنها (کلمه عدد)ی تێدایەو بەس. . . ئەگەر له ئەڵمانیا دەرچووه، بۆ نرخەکەی پارەی عێراقییه؟. من پێموایه ئەوەی نەوزاد ئاماژەی پێکردووه دەچێته خانەی (لێ زیاد کردن، کۆپی کردن)، نەک شوێنی سەرەکی دەرچوون.

* نەوزاد له کتێبەکەیدا (خەبات ئۆرگانی پارتی دیموکراتی کوردستان نیسانی ١٩٦٢- کانوونی دووەمی ١٩٦٤)، له لاپەڕه (١٥)دا، دەنووسێت: بەشی دووەمی ئەم کتێبه بریتییه له چاپکردنەوەی ژماره ئۆرگیناڵەکان، دوو شێوەو جۆرو چەشنی ژماره (٤٦٧)م تێدا داناوه، یەکێکیان چاپەکەی کوردستانەو ئەوی تریش چاپکردنەوەکەی دەرەوەیه)، بەڵام نەوزاد تەنها چاپەکەی دەرەوەی چاپکردۆتەوه که ئەویش زێتر دەچێته خانەی لەبەر گرتنەوه نەک ڕۆژنامه، یان بڵاوکراوەیەکی سەربەخۆ.

* نەوزاد دەنووسێت: (نووسەرو ئامادەکەری کتێبەکەدا جوگرافیای به واتای شوێن بەکار هێناوه، بەڵام لەبارو بواری زانستدا جوگرافیا هەر تەنیا شوێن

نییەو بەڵکو زانستێکی فراوانە دابەشی کۆمەڵێک بەش و لق دەبێت، ئاسایی بوو ئەگەر بنووسرێت شوێنی دەرچوونی بڵاوکراوەکان. . . ل١١٢).

بەڵێ، لێرەدا من جوگرافیام بە واتای شوێن بەکار هێناوە، مادام شوێنیش دەکەوێتە خانەی جوگرافیاوە زۆر ئاساییە بنووسین جوگرافیا (واتە شوێن)ی دەرچوونی بڵاوکراوەکان، ئەوە هیچ لە ڕاستی مەسەلەکە ناگۆڕێت.

* نەوزاد ڕەخنە لە ڕستەیەکی من دەگرێت و دەنووسێت: (بەشی زۆری زمانی بڵاوکراوەکان، کوردی بووینە. . . ل٢٥). تا ئێرە ئەو ڕستەیە هی منە – ئیسماعیل-. ناوبراو بۆمان ڕاست دەکاتەوەو دەنووسێت: (ئەگەر بە زمانێکی سادەی نووسین ئەم ڕستەیە دابڕێژینەوە جوانترین گوزارشت ئەمەیە: بەشی زۆری بڵاوکراوەکان بە زمانی کوردینە، یاخود زمانی زۆربەی بڵاوکراوەکان کوردییە. ل١١٣).

ئەگەر ڕستەکەی من بەلای نەوزادەوە ڕەوان نەبێت، ئەوا ئەو دوو ڕستەیەی کە ئەو وەک ئەلتەرناتیفێک بۆ ڕستەکەی منی داناوە، هیچیان ڕەوان نین. کە دەڵێت: زمانی زۆربەی بڵاوکراوەکان کوردییە. . . ئەو بڵاوکراوانەی کە من باسم کردوون، لە دۆخی ڕابردوودان، دەبوایە بنووسرێت: زمانی زۆربەی بڵاوکراوەکان، کوردی بووینە، یان کوردی بوون. ئەوە تەنها نەوزاد ڕای خۆیەتی و ناکرێت بەسەر خەڵکی تردا فەرزی بکات.

*من نووسیوومە: (چونکە پەیامەکان زێتر ئاراستەی پەناهەندە کوردەکان کراوە. . . ل٢٥). نەوزاد ڕەخنەی هەیەو دەنووسێت: (من لەگەڵ ئەوە نیم کە وشەی کورد کۆ بکرێتەوەو بنووسرێت کوردەکان، هەست دەکەم زاراوەی کوردەکان لە ئەکراد هاتووەو جوانتر دەبوو ئەگەر ئەم ڕستەیە بەم شێوەیە بنووسرێت: چونکە پەیامەکان زێتر ئاراستەی پەناهەندەی کورد کراون. . . ل١١٣).

نەوزاد، ڕستەکەی منی پێ جوانە، بەڵام ئەو لە جوانتر دەگەڕێت، بۆیە دەنووسێت: (جوانتر دەبوو). . . هەروەها دەنووسێت: (دەکرێت لەباری ڕێزمان و ڕێنووسدا قسەی تریش بخرێتە سەر ئەو قسانەی من و ڕستەکان بە شێوە داڕشتنی تر بنووسرێنەوە. . . ل١١٣).

کەواتە: شێوەی دارشتنی ئەو ڕستانە لە نووسەرێک بۆ نووسەرێکی تر دەگۆڕێت. . . بەم قسەیەی نەوزاد بێت دەکرێت یەکێکی تر بێت و ئەو ڕستەیەی من بە جۆرێکی تر دابڕێژێتەوە کە هیچ لەوەی من و نەوزاد نەکات.

* بە ناچاری دەمەوێت ئەو چەند پەرەگرافەی نەوزاد بگوازمەوە، تاوەکو خوێنەر لە ئەسڵی مەسەلەکە بگات. نەوزاد دەنووسێت: (ئیسماعیل تەنیا دەنووسێت: کرۆکی پرۆژەکە، بە گوێرەی ئەو زانیارییانەی کە دەستم کەوتوون، باسی ئەو ١٤٠ گۆڤارو ڕۆژنامەو بڵاوکراوانەم کردووە کە لە نێوان ١٩٦٣- ٢٠٠٦دا دەرچوونە. لە پۆلین کردنەکەش ڕەچاوی ساڵ و مانگ و کاتی دەرچوونیانم کردووە. . . هەندێک بڵاوکراوە شانسی ئەوەیان هەبووە کە زۆر بە فراوانی لەسەریان بنووسم و زانیاری پێویستیان لەسەر تۆمار بکەم. بە پێچەوانەش، هەندێکی تریان ئەو شانسەیان بۆ نەڕەخساوە، کە ئەوەشیان بۆ نەبوونی سەرچاوەو زانیاری زێتر دەگەڕێتەوە. . . ل١١٤). تا ئێرە، نووسینی منە. نەوزاد ڕەخنە لەم چەند دێرەی من دەگرێت و دەنووسێت: (لەم چەند دێرەدا بۆمان دەردەکەوێت کە میتۆدی نووسین و ئامادەکردن لەم کتێبەدا بوون و ئامادەی نییەو نازانرێت نووسەر بە چ پێوەرو لەسەر چ پلانێکی زانستی کاری لەسەر ئەم کتێبەدا کردووە! بۆ نموونە دەکرا لەم بەشەدا گۆڤارو ڕۆژنامەو بڵاوکراوەکان بە شێوەی ڕابەرێک یاخود بیبلۆگرافیایەک پۆلین بکرێن و بۆ ئەمەش ڕێسای کلیشەبەندی باشترین و ساکارترین ڕێگایە، یان سوود لە بیبلۆگرافیا وەربگرێت. لەم کتێبەدا میتۆدی کار کردن پرۆسەیەکی هەژارە. . . ل١١٤).

ئەم بۆچوونەی نەوزاد پێویستی بە چەند ڕوونکردنەوەیەک هەیە تاوەکو خوێنەر وا نەزانێت، کە ئەمەی نەوزاد دەیەوێت، من نەمکردووە. . . .

- ئەم کتێبەی من، بیبلۆگرافیا نییە، تا بە چەند ڕستەیەک باس لە گۆڤارو ڕۆژنامەکان بکەم.

- خوێنەر، گەر بە وریایی سەیری کارەکانی من بکات زۆر بە ئاسانی هەست بەوە دەکات کە من نووسینەکانی خۆم بێ گرێ و گۆڵ دەخەمە بەردەستی خوێنەران. من کتێبەکەم کردۆتە دوو بەشی سەرەکی: یەکەمیان

(ڕۆژنامەو گۆڤارو بڵاوکراوەکان)م، بە گوێرەی ساڵی دەرچوونیان، پۆلین کردووە. لە بەشی دووەمیشدا، خشتەیەکم کردووەو بە گوێرەی ئەلف و بێی کوردی ناوونیشانەکانم پۆلین کردووە. . . ئەوا، تەواو ئەم داخوازییەی نەوزادە کە لە منی کردووە. ئەمەی من کردوومە، یەکێکە لە بنەماکانی بیبلۆگرافیا نووسین. گەر خوێنەرێک بییەوێت بە دوای ناوونیشانێکدا بگەڕێت، گەر حەز بکات بە گوێرەی کاتی دەرچوون، یان بە گوێرەی ناوی بڵاوکراوەکە لەسەر بنچینەی ئەلف و بێ، زۆر بە ئاسانی دەتوانێت بیاندۆزێتەوە.

– بۆ مەبەستی کەم و زۆر نووسینیش لەسەر بڵاوکراوەکان، دەڵێم: کتێبەکەی من ناوی بیبلۆگرافیا، یان ڕابەر نییە تاوەکو زانیاری هەموو ناوونیشانەکان وەک یەک بن. ئەمەی من کردوومە، ئەمەیە کە لە هەندێکیاندا بە شێوەیەکی فراوان لەسەرم نووسیون و لە هەندێکی تریشدا زانیاری کەمترن. لە هەردوو حاڵەتەکەدا: ئەم زانیارییانەم خستۆتە ڕوو کە پێویستە هەبن، وەک: دەرچوونی یەکەم ژمارە، شوێن، کات، زمان، لایەنی سەرپەرشتکار. . . تاد. نازانم لەمە زیاتر، مەبەستی چییە کە ڕێگای بیبلۆگرافیاو ڕابەر نووسین بە من نیشان دەدات؟! . ئەوە میتۆدی منە لەم کتێبەدا: (زۆر بە ڕوونی ناوونیشانەکانم بە دوو جۆر پۆلین کردووە، یەکەمیان بە گوێرەی کاتی دەرچوون، دووەمیشیان بە گوێرەی ئەلف و بێی کوردی). وا بزانم میتۆدەکەی من زۆر ڕوون و سادەو ڕەوانە، کەچی نەوزاد لەم پەرەگرافەدا، دوو جار جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە من ڕەچاوی هیچ بنەمایەکی زانستیم نەکردووە، کە دەنووسێت: (میتۆدی نووسین و ئامادە کردن لەم کتێبەدا بوون و ئامادەی نییە). یان دەنووسێت: (لەم کتێبەدا میتۆدی کارکردن پرۆسەیەکی هەژارە).

ئەم بۆچوونەی نەوزاد، ناچاری کردم کە سەرێک بەسەر کارەکانیدا بکەم، تا بزانم ئەو بە چ میتۆدێک کارەکانی خۆی ڕایی کردووە. . . خوێنەر دەتوانێت سەیری ئەم کارانەی ناوبراو بکات:

– یەکەم: ئەو، لە هەڵسەنگاندنی کتێبەکەی مندا، پەیڕەوی ڕێبازێکی زانستی

نەکردووە. لە ڕەخنە گرتن و خستنە ڕووی بۆچوونەکانیدا، نەهاتووە لاپەڕە بە لاپەڕە، یان بەگوێرەی زنجیرەی ناوونیشانەکان، یاخود بە گوێرەی ئەلف و بێی ناوونیشانەکان، کتێبەکەی من شەن و کەو بکات. . . ئەو، بەم میتۆدەی کە کاری لەسەر کردووە، سەری لە خوێنەر شێواندووە. ئەم بابەتە لە چەند شوێنێکدا دووبارە بۆتەوە. بۆ نموونە: ناوبراو باسی گۆڤاری (مزگین) دەکات، کە لە لاپەڕە (٥٨)ی کتێبەکەی مندایە. دوای ئەمە، یەکسەر باسی گۆڤاری (ڕێ) دەکات کە کەوتۆتە لاپەڕە (٦٨)ی کتێبەکەم. . . . دواتر دەچێتە سەر لاپەڕە (٧٠). ئەمجارەیان، لە لاپەڕە (٧٠)وە گەڕاوەتەوە لاپەڕە (٥٩)، کە باسی گۆڤاری (خوێندکار) دەکات. . . جارێکی تر، لە لاپەڕە (٥٩)وە دەچێتە لاپەڕە (٦٢)و هەڵسەنگاندن بۆ گۆڤاری (درک) دەکات. . . مادام لە هەڵسەنگاندنەکەیدا پەیڕەوی زنجیرەی لاپەڕەکانی کردووە، دەبوو بەم شێوە بوایە: (٥٨، ٥٩، ٦٢، ٦٨، ٧٠).

- دووەم: نووسەر لە کتێبی: (ڕابەریی ڕۆژنامەگەریی نهێنی کوردی ١٩٢٣-١٩٦٠)دا، کە لە ساڵی ٢٠٠٤دا، بڵاویکردۆتەوە، تووشی هەمان کێشە بۆتەوە. . . ئەو بە گوێرەی ساڵی دەرچوون (کات)، گۆڤارو ڕۆژنامەو بڵاوکراوەکانی پۆلین کردووە، کەچی لە چەند شوێنێکدا هەڵەی تێکەوتووە. بۆ نموونە: لە لاپەڕە (٢٧)دا، باسی ڕزگاری دەکات کە لە ئەیلولی ١٩٤٦دا دەرچووە، ئەمجارە لە لاپەڕە (٣١) دا باسی (نیشتیمان) دەکات کە یەکەم ژمارەی لە تەموزی ١٩٤٣دا دەرچووە.

- سێیەم: نووسەر لە کتێبی: (ڕابەری ڕۆژنامەگەریی نهێنی کوردی ١٩٦١-١٩٩١)دا، کە لە ساڵی ٢٠٠١دا بڵاویکردۆتەوە، تووشی هەمان کێشە بووە. . . بۆ نموونە: لە لاپەڕە (٤٨)دا، باسی (تێکۆشانی قوتابیانی کوردستان) دەکات، کە یەکەم ژمارەی لە ساڵی ١٩٨٢دا دەرچووە. دوای ئەمە، لە لاپەڕە (٤٩)دا باسی (ڕێبازی پێشمەرگە) دەکات، کە یەکەم ژمارەی لە ڕۆژی ١٩٨٠/٢/٨دا، دەرچووە. کەچی دەبوو باسی (ڕێبازی پێشمەرگە، ل٤٨)بکات و (تێکۆشانی قوتابیانی کوردستان)یش بخاتە لاپەڕە (٤٩)، واتە: دوای ڕێبازی پێشمەرگە. هەروەها دەبوایە ناوونیشانی لاپەڕەکانی (٥٠، ٥١، ٥٢، ٥٣، ٥٤)یش پێش لاپەڕەی (٤٨) باس بکات. لە لاپەڕە (٥٦)دا، باسی (ئاڵاتحاد) دەکات کە لە ساڵی

(١٩٨٢)دا دەرچــووە. . . لە لاپەڕە (٥٧)یــشدا باســی (ڕێبــازی خوێنــدکاران) دەکات کە لە کۆتایی ساڵی (١٩٨١)دا دەرچووە. ئەمەش دەبوایە پاش و پێش بە لاپەڕەکان بکرابوایە، چونکە (ڕێبازی خوێندکاران) لە ڕوی کات (ساڵ)ی دەرچوونەوە پێش (آلآتحاد)، دەرچووە. لە لاپەڕە (٦٤)دا باسی (کوردستان) دەکــات کە یەکەم ژمــارەی لە نیــسانی (١٩٨٣)دا دەرچــووە. دوای ئەمە، لە لاپەڕە (٦٥)دا باســی (پێشمەرگە) دەکات کە لە کانوونی دووەمی (١٩٨٢)دا، دەرچووە. ئەمەش دەبوا پاش و پێشی پێ بکرابوایە.

لە لاپەڕە (٩٢)دا باسی (تێکۆشــەری حــزب) دەکــات کە ئەم ژمــارەی نەوزاد باسی دەکات و بینیویەتی، ژماره (١)ی مانگی ئازاری (١٩٨٦)ە. کەچی لە لاپەڕەکانی (٩٣، ٩٤، ٩٥)دا، باسی (گزنگی بچووکان، هۆرە، ئەزمر) دەکات. . . دەبوو (تێکۆشەری حزب)، دوای ئەمانە باس بکرابوایە، چونکە لە ڕووی کاتی دەرچوونەوە دوای ئەمانە دێت.

– چــوارەم: نەوزاد لە کتێبێکی تــردا، (ڕۆژنــامەگەریی خوێنــدکارانی کــورد لە ئەوروپاو ئەمەریکا ١٩٤٩–١٩٩١)دا، گوایە لە بەشی چوارەمدا لە کاتی پۆلین کــردن کە کەوتــۆتە لاپەڕە (٨٧)ی کتێــبەکەی، پەیــڕەوی کــاتی دەرچــوونی کردووە. کەچی لەوێشدا، زۆر پاش و پێش بە ناوونیشانەکانەوە کراوە. بۆ نموونە:

– لە لاپەڕە (٩٣)دا دەنووســێت: شۆڕشــی کــورد، یەکەم ژمــارەی لە ســاڵی ١٩٧١ دەرچــووە. دوای ئەمە باســی بڵاوکــراوەی (١١ی ئەیلــول) دەکــات کە یەکەم ژمارەی لە ئەیلولی ١٩٦٩دا دەرچووە. دەبوو، (١١ی ئەیلول) لەپێش (شۆڕشی کورد)، باس بکرابوایە.

– لە لاپەڕە (٩٦–٩٧)دا، دەنووســێت: دەنگــی کــۆمەڵە، ژمــارە (١)ی ١٩٧٨ لە شوباتی دەرچووە. دوای ئەمە، یەکسەر باسی (الشعلە) دەکات و دەنووسێت: ژمارە (١)ی لە کانوونی دووەمی ١٩٧٨ دەرچووە. کەچی دەبوایە (الـشعلە) پێش (دەنگی کۆمەڵە)، بکەوتایە.

– لە لاپەڕە (١٠٢)دا، باسی بڵاوکراوەکانی ساڵی ١٩٨٢دەکات، کەچی لەپڕ دێتە سەر باسی (ڕوانگەی ئازاد) کە لە مانگی جۆزەردانی ١٩٨١دا، دەرچووە.

تــا ئێــرە، بــا بەس بێــت بــۆ بەراورد کردنــی میتــۆدی مــن و هــی ئەو، لە ساغکردنەوەی مێژووی ڕۆژنامەگەریی کوردیدا. ئەم سەرنجانەی من لەسەر

کارەکـانی نـاوبراو، نەدەبـوو لەم وەڵامەدا باسـیان بـکەم، بەڵام لەبەر ئەوەی ئەوەنـدە جەختـی لە نەبـوونی میتـۆد و بنەمـای زانـستی لە کتێـبەکەی منـدا کردۆتەوە، ناچار بووم باسیان بکەم.

* دەربـارەی گۆڤـاری (هێڤیا وەلێت) کە مـن نووسـیومە: (حەمـرەش ڕەشـۆ)، سـەرپەرشـتی کـردووە، نەوزاد دەنووسـێت: ئەوەنـدەی گۆڤـارەکەم هەڵگێـڕو وەرگێڕ کرد ناوی سەرپەرشتیاری گۆڤارم نەهاتە بەرچاو. . . . ل١١٥.

ناوبراو ڕاست دەکات کە ناوی هیچ کەسێکی لەسەر نەبووە، چونکە ئەو کات و تـا (٤٠) سـاڵیش دوای ئەمە، هەنـدێک جـاریش لە سـاڵانی (٢٠٠-٢٠٠٥)یـش، لەبەر لایەنـی ئاسـایش و پاراسـتنی ژیـانی ئەو کەسـانە، نـاوی خۆیـان نەنووسیوە. ناوبراو، بـاش ئەمە دەزانێت کە موخـابەراتی وڵاتە داگیرکەرەکانی کوردستان لە ئەوروپا، چەند ترسناک و دەست ڕۆیشتوو بوون. . . مەرج نییە کە نـاوی ئەو نەهاتبێـت، ئیـدی ئەو سـەرپەرشـتی نەکردبێـت. لەگەڵ ئەمەشـدا، نەوزاد خۆیـشی لە لاپەڕە (٩١)ی کتێبەکەیـدا (ڕۆژنـامەگەریی خوێنـدکارانی کورد لە ئەوروپاو ئەمەریکا) هەمان بۆچوون دووبـارە دەکاتەوەو دەنووسـێت: (سەرنج: حەمـرەش ڕەشـۆ سەرنووسـەری بووە). جگە لەمە، مـن چۆن باسـی (حەمـرەش ڕەشـۆ)م کـردووە کە سەرپەرشـتکاری (هێڤیـا وەلێـت) بـووە، نەوزادیـش بە هەمـان شـێوە لە باسـکردنی (پرشـنگ)، لە لاپەڕە (١١٩)ی کتێبەکەیـدا (ڕۆژنـامەگەریی خوێنـدکارانی کـورد. . . .) دەنووسـێت: (د. کەمـال فـواد سەرپەرشـتی دەرچـوونی کـردووە). منـیش بە هەمـان شـێوەی نەوزاد سەیری گۆڤارەکەم کرد، کەچی ناوی (د. کەمـال فواد)ی وەک سەرپەرشـتیکار، لەسـەر نەبوو. . . بەلای منەوە، ئەو بۆچوونەی نەوزاد دەربـارەی (پرشـنگ) و (د. کەمـال فـواد)، نـاچێتە خـانەی هەڵەوە، چـونکە مـادام (د. کەمـال) داینەمـۆی سـەرەکی ئەم گۆڤـارە بـووە، بـا نـاوی ئەویشی لەسـەر نەبوو بێت، دەبێت بـۆ مێـژوو و ئەرشـیفی ڕۆژنـامەگەریی کـوردی، ئەم نـاوانە بهێنـرێن و سـاغ بکرێنەوە.

جگە لە قۆناغی (شاخ)، هەتـا کۆتاییەکانی سـاڵانی نەوەدی سـەدەی ڕابردوش لە باشـووری کوردسـتان، چەنـدین گۆڤـارو ڕۆژنـامە بەبـێ نـاوی سەرپەرشتکارو دەستەی نووسەران، بڵاو دەکرانەوە. بە قسەی نـاوبراو بێت، ئەگەر هەر گۆڤـارو بڵاوکراوەیەک نـاوی لەسـەر نەبـوو، پـاش سـۆراغ کـردن،

گەر ساغیش بۆوە کە کێ سەرپەرشتکارو دەستەی نووسەران بوون، ئەوا دەچێتە خانەی گومانەوە. . . بەڕای من، ئەمە ساغ بکرێتەوەو ئاماژەشی پێ بکرێت، زۆر باشترە لە نەکردنی.

* نەوزاد لە زۆر شوێنی کتێبەکەیدا (ڕۆژنامە لە کتێبدا)، کە بەسەر ناوونیشانەکاندا گوزەر دەکات، بەو سیفەتەی ئەو بەشێک لە ژمارەی ئۆرگینالی گۆڤارو بڵاوکراوەکانی بینیوە، دێت باسی جۆری کاغەزو (کوالیتێت)و ڕەنگ و شێوەی پیتی چاپ کردن، دەکات. من مەبەستم ئەوە نەبووە دەست نیشانی جۆرو ڕەنگی کاغەز بکەم. ئەوەی نەوزاد خستویتیە ڕوو، زانیاری بەسوودن، بەڵام کە من باسم نەکردوون، ناکرێت بە خەوش بەسەر مندا بشکێتەوەو بچنە خانەی ڕەخنەوە. دەربارەی پۆلین کردنی هەر سێ ژمارەکەی (هیڤیا وەلێت)یش زانیارییەکانی منیش لە ڕووی کاتی دەرچوون و ژمارەی لاپەڕەکان، وەک ئەوەی نەوزادن، بەڵام لەوەدا ڕاست دەکات کە من لە پۆلین کردندا پاش و پێشم بە ژمارەکانی (٢ و ٣) کردووە.

* دەربارەی گۆڤاری (چیا)، کە من نووسیومە: (یەکەم ژمارەی لە تشرینی یەکەمی ١٩٦٥دا دەرچووە)، نەوزاد ڕەخنەی هەیەو دەنووسێت: (ئەو گۆڤارە لە تشرینی یەکەم دەرنەچووە، بەڵکو لە تشرینی دووەم دەرچووە. . . ل١١٥).

لە ڕاستیدا، یەکەم ژمارەی ئەم گۆڤارە، مانگی کوردی (ڕەزبەر)ی لەسەر نووسراوە، لە کاتی گۆڕینی مانگی کوردی بۆ مانگی ساڵی زایینی، ئەوا هەفتەیەکی مانگی (ڕەزبەر) دەکەوێتە مانگی تشرینی یەکەم. هەفتەی یەکەمی مانگی (گەڵاڕێزان)ی کوردی دەکەوێتە بەرامبەر هەفتەی کۆتایی مانگی تشرینی یەکەم. زۆر جاران مانگ و ساڵەکان بە کوردی نووسراون، لە کاتی گۆڕینیان، هەندێک کێشە دروست دەبن. کەواتە: هەڵە نییە گەر بنووسرێت: یەکەم ژمارەی لە مانگی تشرینی یەکەم دەرچووە، چونکە هەفتەی کۆتایی (ڕەزبەر) دەکەوێتە مانگی تشرینی یەکەم. هەروەها نەوزاد دەنووسێت: (ژمارە ٨، ساڵ ٥، بەفرانبار، سێپتێمبەر ١٩٧٠، ٢٧ لاپەڕە، ل١١٧).

نازانین ئەمە هەڵەی نەوزادە، یان هەڵەی ئۆرگینالی گۆڤاری (چیا)یە، دەنا مانگی (بەفرانبار)ی کوردی نابێتە سێپتێمبەر(ئەیلول)ی زایینی.

* نەوزاد لە بـارەی (خوێنـدکاری کـورد)ەوە، دەنووسـێت: (دەنگـی یەکێتـی خوێندکارانی کورد لە ئەوروپا- نۆکسە بووە. . . ل١١٨).
منـیش نووسـیومە: (ئۆرگـانی یەکێتـی نەتەوەیـی خوێنـدکارانی کـورد لە ئەوروپـا- نۆکـسە) بـووە. مـن (دەنـگ)م کـردووە بە (ئۆرگـان). لە هەردوو حاڵەتەکەشـدا، کرۆکـی مەبەسـت ئەمەیە کە ئەم بڵاوکـراوەیە لە لایەن (یەکێتـی نەتەوەیی خوێندکارانی کورد لە ئەوروپا- نۆکسە)وە دەرچووە. جگە لەمەش لە دوا لاپەڕەی ژمـارە (١)دا، بە ئەڵمـانی لەسـەری نووسـراوە (ئۆرگـان). دەربـارەی کـاتی دەرچـوونی هەر سـێ ژمـارەکەش، مـن نەکەوتـوومەتە هـیچ هەڵەیەکەوە. . . بـۆ قەبارەکەشـی، مـن پـشتم بە زانیارییەکـانی (بروسـکە ئیبـراهیم)، بەسـتووە، کە لە ڕێگـای پەیوەنـدی تەلەفـۆنییەوە، لـێم وەرگرتـووە. هەر نـاوبراویش دانەیەکـی کـۆپی کـراوی ژمـارە (١)ی بـۆ نـاردووم، بەڵام بە داخەوە، ئەو بە شـێوەی بچـووک کـراوە (ئەی ٥) بـۆ منـی نـاردووە، بـۆیە لە دەسـت نیـشانکردنی قەبـارەکەی کەوتـوومەتە هەڵەو بە (ئەی ٥) حـسێبم کـردووە. دەربـارەی قەبارەکەشـی نەوزاد دەنووسـێت: لە قەبـارەی فۆلـسکاب (ئەی ٤) دایە. کەچـی ئەویـش تووشـی هەڵە بـووە. ڕاسـتییەکەی بەم شـێوەیە بووە:

- ژمارە (١)، ٢ لاپەڕە، قەبارە (ئەی ٣)ە.
- ژمارە (٢)، ٤لاپەڕە، قەبارە (ئەی ٤)ە.
- ژمارە (٣)، ٢ لاپەڕە، قەبارە (ئەی ٣)ە.

هەر سـێ ژمـارە ئۆرگینـاڵەکە لە ئەرشـیفی (جەمـال خەزنەدار)دا پـارێزراوەو، نـاوبراو لە دوا لاپەڕەی ژمـارە (١٩٠)ی ٢٠١٠/١١/٢٨ی هەفتەنـامەی (بـارزان)، زۆر بە پوختی (خوێندکاری کورد)ی نمایش کردووە.
* دەربارەی (پرشنگ)، ل١١٨، نەوزاد هیچ گلەییەکی نییە. بە هەمـان زانیـاری ئێمەو هەندێک تەفاسیلەوە، باسی ئەم گۆڤارەی کردووە. بۆ باسکردنی ژمـارە (٤)یـش، مـن وەک سـەرچاوە پشتم بە کتێبەکەی د. ئـازاد عوبێـد (کـاریگەریی شۆڕشی ئەیلول لەسەر ڕۆژنامەوانیی کوردی ١٩٦١-١٩٧٥)، بەستووە.
نەوزاد دەنووسـێت: تـا دوو سـێ سـاڵ لەمەوبەر پـسپۆڕانی بـواری

ڕۆژنامەنووسی دڵنیا نەبوون لە ژمارەکانی تر، من پێش سێ ساڵ لەمەوبەر لە کتێبی ڕۆژنامەگەریی خوێندکارانی کورد لە ئەوروپاو ئەمەریکا باسم کردووە کە ئەم گۆڤارە تەنیا چوار ژمارەی لێدەرچووە.

لە ڕاستیدا کتێبەکەی (د. ئازاد عوبێد). ساڵێک پێش کتێبەکەی نەوزاد دەرچووەو، ئەو (د. ئازاد)، ئەو راستییەی باس کردووە. جگە لەمەش، لەم پەراوێزەدا، باسی پڕۆژەیەکی خۆی دەکات لە بارەی ئەم گۆڤارەوە کە هیچ پەیوەندی بە زانیارییەکانی منەوە نییە. بە ڕای منیش ئەم ڕستەیەی نەوزاد کە دەنووسێت: (ئەمە ئەگەر بەراورد بکرێت بە چاپکراوەکانی ئەو کاتە. . . ل١١٩). وا دابڕێژرێتەوە ڕەوانترە: (ئەمە ئەگەر بە چاپکراوەکانی ئەو کاتە بەراورد بکرێت).

* دەربارەی (شۆڕشا کورد)، نەوزاد دەنووسێت: (زانیاری زۆر ورد نین و لە دەستی دوو یان سێ یاخود چوار گواستراونەتەوە. ل١٢٠).

لە نەوزاد دەپرسم: ئەدی ئەگەر ژمارەی ئۆرگیناڵ نەبوو، ئاسایی نییە سەرچاوەی دووەم و سێیەم بەکار بهێنیت؟ من خۆم وەڵامەکە باش دەزانم، بەڵام ئەمە هەر بۆ ناوبراوە. لەبارەی ئەم گۆڤارەوە، لە ڕووی زانیاری بەخشینەوە، هیچ زیادی (ئیزافە)یەکی نەکردووە، تەنها بۆ ژمارە (٤)، من پشتم بە کتێبەکەی ئەو (ڕۆژنامەگەریی خوێندکارانی کورد . . . .) بەستووە، وەک سەرچاوە ئاماژەشم پێکردووە. لەوێدا نەوزاد دەنووسێت: ژمارە (٤)ی لە نیسانی ١٩٧٢دا دەرچووە. کەچی لە ڕۆژنامەی (بارزان)و لەم کتێبەیدا دەنووسێت: ژمارە (٤)ی لە نیسانی ١٩٧٤ دەرچووە. جا من نازانم کامەیان ڕاستە؟!

ئەوەی من بیزانم (شەریف)، ناوی خوازراوی (د. جەمال نەبەز) بووە لەم قۆناغەدا.

نەوزاد چونکە ئۆرگیناڵی ژمارە (٣)ی لەبەر دەستدا بووە، بە دروستی نمایشی کردووە. بۆ زانیاریش، ژمارە (١)ی (٤٨) لاپەڕەیەو (١٠) وتاری تێدا بڵاوکراوەتەوە. ئۆرگیناڵی ئەم ژمارەیە لە ئەرشیفی (جەمال خەزنەدار)دا، پارێزراوە.

* دەربارەی (کوردستان ئینفەرماسیۆن)، نەوزاد دەنووسێت: (سەبارەت بەو بڵاوکراوەیە زانیارییەکانی هیچ ئیزافەیەکی نەخستۆتە سەر ئەو زانیارییانەی من کە لە کتێبی: ڕۆژنامەگەریی خوێندکارانی کورد لە ئەورووپاو ئەمەریکادا ئاماژام پێداون، من لە کتێبەکەمدا کە دوو ساڵ پێش ئەم کتێبەی ئیسماعیل تەنیا چاپکراوە. . . ل١٢١). نازانم ناوبراو، مەبەستی (لە هیچ ئیزافەیەک) چییە؟ من ئاماژەم بە لایەنی کات و شوێنی دەرچوون و سەرپەرشتکارو قۆناغەکانی دەرچوونیم کردووە. . . ئاماژەم بە کاتی دەرچوونی بەشێک لە ژمارەکانی کردووە. وێرای ئەمەش، ئەگەر مەبەستی ئەوە بێت کە وەک سەرچاوە، باسی کتێبەکەی ئەوم نەکردووە، ئەوە بە ناچاری دەبێت ئەمە ڕوون بکەمەوە کە:-

١- من ئەم زانیارییانەم لە ڕۆژی ٢٠٠٧/١٠/١٦، کاتژمێر (١٤:٣٠)، بە کاتی ئەڵمانیا، لە ڕێگای پەیوەندییەکی تەلەفۆنییەوە، لە (بروسکە ئیبراهیم) وەرگرتووە. کە وەک ئەمانەتێکیش لە کتێبەکەمدا، ئاماژەم پێکردووە. هەفتەیەکیش دوای ئەم پەیوەندییە، (بروسکە)، کۆپییەکی ئەم بڵاوکراوەی لە ڕێگای پۆستەوە، بۆ ناردم. ئەمە ئەوە دەسەلمێنێت کە زانیارییەکانی من، کەم و زۆر، دوورو نزیک، پەیوەندی بە کتێبەکەی نەوزادەوە نییە.

٢- کاتی خۆی ستوونێکی بچووکم لە ڕۆژنامەی (بەدرخان) بە ناوی (ئەرشیفی ڕۆژنامەگەریی کوردی لە ئەڵمانیا) دا هەبوو. لە ژمارە (٩٣)ی ڕۆژنامەی ناوبراو، لە لاپەڕە (١٧)ی ڕۆژی ٢٠٠٨/٤/٨دا، بە درێژی ئەم زانیارییانەم بڵاو کردۆتەوە.

٣- ئەگەر کتێبەکەی نەوزاد، (دوو ساڵ پێش کتێبەکەی من چاپکراوە)، مەبەستی لەوە بێت کە ئاماژەم بە کتێبەکەی ئەو نەکردووە، ئەدی خۆ نووسینەکەی من لە (بەدرخان)، یەک ساڵی تەواو پێش کتێبەکەی نەوزاد بڵاو بۆتەوە. . . . دڵنیاشم نەوزاد، خوێنەرێکی بەردەوامی بەدرخان بووەو بابەتەکەی منیشی بینیووە.

RIZGARİ

Kovara
Rêzani û Çandiya
Mehani

Aylık
Politik ve Kültürel
Dergi

*Sahibi : Ruşen ARSLAN ● Yazı İşleri Müdürü : Mehmet UZUN ● Yönetim Yeri : Sezenler Sok. 3/11 Sıhhiye - Ankara ● Yılık Abone 100, Altı Aylık 50 Lira. Dış Ülkeler için iki katı ● Dizilip Basıldığı yer : ÇAĞDAŞ BASIMEVİ*

SAL : 1
HEJMAR : 1
21 AVDAR 1976

YIL : 1
SAYI : 1
21 MART 1976

٤- سەرەڕای ئەم سێ خاڵەی کە باسم کردن، خاڵێکی تریش هەیە دەمەوێت ئاماژەی پێ بکەم: نەوزاد کاتی خۆی بەشێک لە کتێبەکەی خۆی (بەشی چوارەم- ڕابەر)ەکە بوو بە (ۆرد)، لە ڕێگای ئیمێلێکەوە بۆ ناردم. . . داوای ئەوەی کردبوو کە پێش چاپکردنی گەر زانیاری زیادەم لا بێت، بۆی بنووسم (کە بە لای منەوە داوایەکی ڕەواو لەجێی خۆیدا بووە). . . منیش لە وەڵامدا، دەربارەی (کوردستان ئینفەرماسیۆن)، کۆمەڵێک زانیاریم پێدا کە نیوەی زیاتری لە (ۆرد)ەکەدا نەبوو، کەچی ئەو لە سەرچاوەو پەراوێزدا، هیچ ئاماژەیەکی بەم زانیارییانە نەکردووەو بە شێوەیەکی خێراو سەرپێی، لەگەڵ چەند کەسایەتییەکی تر بۆ سەرلەبەری کتێبەکەی، ناوی منی هێناوەو نووسیوویەتی: لە ڕێگای ئاڵوگۆڕ کردنی زانیاری سوودم لێ بینیوون. جگە لە زانیارییەکانی بڵاوکراوەی ناوبراو، من زانیاری وردم دەربارەی بڵاوکراوەی (تروسکە)، کە کاتی خۆی (پارتی سۆسیالیستی کورد- پاسۆک)، یەک ژمارەی لە ئەڵمانیا دەرکردووە، پێداوە. . . ئەم (تروسکە)یەش لە (ۆرد)ەکەی ئەودا نەبوو. کۆپی بەرگی یەکەمیشم بۆ نارد، کەچی ئەو لە کتێبەکەیدا هیچ ئاماژەیەکی بەم زانیاری و نامەیەی من نەداوە!!. وا دیارە میتۆدی دروست لە ساغکردنەوەو بە ئەرشیف کردن، ئاماژە نەدانە بە سەرچاوەکان. . . بە کورتی: نەوزاد ئەم زانیارییانەی خۆم پێ دەفرۆشێتەوە کە ساڵێک پێش کتێبەکەی ئەو بڵاوم کردۆتەوەو چەند مانگێکیش پێشتر بە تەلەفۆن پێمداوە. . . ئەگەر باوەڕیش ناکات، ئەوا کۆپی بابەتەکەی ئەوم بە (ۆرد) لایە کە (تروسکە)ی تێدا نییەو زۆر بە کورتیش باسی (کوردستان ئینفەرماسیۆن)ی کردووە.

* دەربارەی (ڕۆناهی)، من نووسیومە: (لەلایەن کۆمەڵا شۆرشڤانێن کوردێن تورکیایێ- هەڤرا، لە ئەوروپا چاپ و بڵاو دەکرایەوە). نەوزاد نووسیویەتی: (ئەم دەستەواژەیە هەم هەڵەیەو هەم کەموکوڕی تێدایە. . . بۆیە من بە پێویستم زانی کە وردتر و تێرتر لە ڕۆناهی بدوێم. ل١٢٢). هەروەها دەنووسێت: (دوای چەند ژمارەیەک دەستەواژەکە بەم جۆرە گۆڕانکاری تێدا کراوە: هەڤرا کۆمەڵا شۆرشڤانێن کوردێن تورکیێ. . . ل١٢٢).

ئەم ڕستەیەی دوایی نەوزاد، ڕێک وەک ڕستەو دەستەواژەکەی منە کە باسم کردووە. ناوبراو خۆی ئەوە دەزانێت کە زۆربەی بڵاوکراوەکان، بە درێژایی کاتی دەرچوونیان، لە یەک فۆرم و کلیشەدا نەماونەتەوە. لەوانەیە ئەم ژمارەیەی کە من بینیوومە وای لەسەر نووسرا بێت، بۆیە من وام گواستۆتەوە. زانیارییەکانی من و نەوزاد، لەڕووی: (خاوەن، کات، زمان، . . .)، لەیەک دەکەنەوە، تەنها ئەوەی نەوزاد کە بە دوو لاپەڕە باسی کردووە، دەچێتە خانەیەکی ترەوە کە دەکرێت لە کاتێکی ترو لە وتارێکی تایبەتیدا باسی لێوە بکات. . . ئەو دوو لاپەڕەیە، هیچ پەیوەندی بە بابەتەکەی منەوە نییە. ئەو باسی شیعرێکی (هەژار)ی کردووە، هەروەها ئاماژەی بە کاتی دەرچوونی هەموو ژمارەکانی کردووە، کە ئەوە مەبەستی من نەبووە، کە لا خاڵێکی ترو لە شوێنێکی تردا وەڵامیشم بۆ ئەمە دەبێت. . . نیوەی زیاتری قەبارەی نووسینەکەی نەوزاد دەچێتە خانەی ئەم بابەتەوە. هەر لەسەر (ڕۆناهی)، حەز دەکەم هەندێک هەڵەش بۆ نەوزاد ڕاست بکەمەوە:

- نەوزاد نووسیویەتی: (لە ژمارە ١ دا لە لاپەڕە ١). ڕاستتر وایە بنووسرێت: (لە ژمارە ١ ولە لاپەڕە یەکدا).

- نەوزاد نووسیویەتی: (ڕۆناهی بە پیتی لاتینی بابەتی بە زمانی تورکی و کوردی بڵاوکردۆتەوە. ل١٢٣).

ڕاستییەکەی بەم شێوەیەیە: ڕۆناهی بابەتی بە زمانی تورکی و(کوردی-کرمانجی ژووروو و ڕینووسی لاتینی) بابەتی بڵاو کردۆتەوە، چونکە کە گوتت تورکی پێویست بەوە ناکات بنووسی لاتینی چونکە ڕێنووسی تورکی لە بنچینەدا لاتینییە.

- (چیرا پێشین ١٩٧١، ٨ لاپەڕە. ل١٢٣). ڕاستییەکەی: (چریا پێشین)ە نەک (چیرا پێشین). ئەم مانگە بەرامبەر بە تشرینی یەکەم دێت.

* دەربارەی (ڕزگاری)، من نووسیومە: (گۆڤارا ڕێزانی و جآندیا مەهانەیە). نازانم ڕەخنەکەی نەوزاد لەم ڕستەیەی من چییە کە دەنووسێت: (بەڵام لە ژمارە ١٠ دا نووسراوە گۆڤارا ڕێزانی و چاندی. . . ل١٢٤). وا بزانم ڕستەکانی هەردووکمان وەک یەکن، تەنها من (مەهانە)م نووسیوە کە دیارە

لەم ژمـارەیەدا وا نووسـراوە کە مـن بینیـوومە. نـاوبراو دەنووسـێت: (وەک ئەمـانەتێکی مێژوویـی لە کـاتی گـۆڕینی زانیاریـدا بە گـوێرەی سـەرچاوەی بەڵـگەدار باشـترە زانیارییەکـان بە وردی بگـوازرێنەوە. . . ل١٢٤). منـیش ئەم پرسـیارە لە نەوزاد دەکەم و دەڵـێم: ئایـا ئێـوە لە پرۆژەکـانی خۆتانـدا، واتـان کــردووە؟! بــۆ (ڕزگــاری)، مــن پــشتم بە کتێــبەکەی مەحمــود لەوەنــدی (ڕۆژنامەگەرییـا کـوردی ل کوردسـتانا بـاکورو ل ترکیێ ١٩٠٨-١٩٨١، سـوید، ئاداری ١٩٨٩)، بەستووە کە کاتی خۆی لە کتێبێکی ترم بە نـاوی (بیبلۆگرافیـای ڕۆژنـامەگەریی کـوردی ١٩٧٥-١٩٩٣) ئامـاژەم پێکـردووە. (لەوەنـدی) زۆر بە دوورو درێــژی لە (ڕزگــاری) دواوە. باســی ژمارەکــانی تورکیــاو ئەڵمانیــاو پاشـکۆکانی کـردووە. هەروەهـا کلیـشەی بەرگەکەشـی بـڵاو کـردۆتەوە. مـن ئامـاژەم بە ژمارەکـانی تورکیـاو ژمارەکـانی ئەڵمانیـا کـردووە کە بابەتیـان بە کــوردی (کرمــانجی ژووروو- ڕێنووســـی لاتینـــی)، بڵاوکـــردۆتەوە. نەوزاد دەنووسێت: (ژمارە ٣، سـاڵی ٣، گوڵانی ١٩٧٧، ١٣٦لاپەڕە. کەواتە سـاڵی ١٩٧٤ یان ١٩٧٥ یەکەمین ژمارەی لێدەرچووە! ل١٢٤).

بەڵـێ ژمـارە (١)ی لە سـاڵی (١٩٧٦) دەرچـووە. لێـرەدا کـۆپی بەرگـی یەکەم (دیـوی ژوورەوە) بـڵاو دەکەمەوە کە لەسـەری نووسـراوە: (سـاڵ ١، هژمـار ١، ٢١ ی ئادار ١٩٧٦). وێرای ئەمانەش من نـاوی سەرنووسـەرو خـاوەن ئیمتیـازو دەسـتەی نووسـەرانم هێنـاوە. . . نەوزاد جـارێکی تـریش دەنووسێت: (ڕزگـاری بە پیتی لاتینی بە زمـانی تـورکی دەرچـووە. . . ل١٢٤). ئەمە ڕاسـتییەکی حاشـا هەڵنەگرە، چونکە زمانی تـورکی لە سـاڵی (١٩٢٨)ەوە بە (لاتینـی) دەنووسـرێت، پێویست بەم جەخت لەسـەر کردنەوە ناکات. . . خـۆ تورکیـای ئێستا تورکیـای سەردەمی عوسمانییەکان نییە تا بە پیتی عەرەبی (ئارامی) بنووسن.

* دەربـارەی (ڕاسـتی)، نەوزاد دەنووسـێت: (ئەو زانیارییـانەی سـەبارەت بەم بڵاوکـراوەیە خـراوەتە ڕوو زانیـاری وردن، بەڵام باشـتر دەبـوو ئەگەر سـەیری ناوەرۆک و ژمارەکان بکرێت. . . ل١٢٦).

زانیارییەکـانی هەردووکمـان وەکـو یەکـن. لە کـاتی داڕشـتنی ڕسـتەو بەکـار هێنـانی وشـەدا خـۆ ناکرێـت وەک ئەو ڕسـتە دابڕێـژم، هەر کەسـێک لە گەمە

کردن بە وشەو دارشتنی ڕستەدا ئازادە. مەرج نییە هەردووکمان وەک یەک بنووسین، مەبەستی سەرەکی گەیاندنی زانیاری و داتا ڕاستەکانە بە خوێنەر. سەرچاوەکەی من، بابەتێکی هاوڕێم (ڕێناس نەورۆزی)یە. من ئۆرگینالّی گۆڤارەکەم نەبینیووە، تا سەیری ناوەرۆکی بکەم. من نووسیومە: ژمارە ٥-٦ لە خەرمانان- گەلاوێژی ١٣٥٨ (مانگی تەموزو ئەیلولی ١٩٧٨) دەرچووە. نەوزاد تێبینی هەیەو (گوایا) بۆمان ڕاست دەکاتەوەو دەنووسێت: (جارێ نازانم بۆ گەلاوێژ- خەرمانانی کردۆتە خەرمانان- گەلاوێژ. . . ؟ ل١٢٧).

لە وەلامدا دەلێم: چونکە زنجیرەی مانگە کوردییەکان (خەرمانان- گەلاوێژ)ە. واتە: (خەرمانان) پێش (گەلاوێژ) دێت و ڕاستم نووسیوە. ئەوەی ئێوە نووسیوتانە هەڵەیە. بۆ بەرچاو ڕوونی ناوبراو: خەرمانان دەکەوێتە نێوان ٢٣ی تەموزو ٢٣ی مانگی ئاب. هەروەها (گەلاوێژ)یش دەکەوێتە نێوان ٢٣ی ئاب و ٢٣ی مانگی ئەیلول. کە دەشنووسێت: (ساڵی ١٣٥٧ دەرچووە نەک ساڵی ١٣٥٨). ئەوە من پشتم بە سەرچاوەی دەستی دوو بەستووە، کە لەوێدا وا هاتووە. من ژمارەی ئۆرگینالّم نەبینیووە.

* دەربارەی مێژووی دەرچوونی یەکەم ژمارەی (خوێندکاری کورد)، نەوزاد لە کتێبەکەی خۆیدا: (ڕۆژنامەگەریی خوێندکارانی کورد. . . .) و (ئەم ڕاستکردنەوەی کە بۆ کتێبەکەی منی کردووە. . . ل١٢٧)، دەنووسێت: (ژمارە ١ شوباتی ١٩٨١، ل١٢٨). کەچی لە ڕاستیدا زانیارییەکانی ئەو لە هەردوو شوێن (کتێب)ەکانیدا، زانیاری هەڵەن، چونکە: (ژمارە ١ی لە کانوونی دووەمی ساڵی ١٩٨٢دا دەرچووە). خوێنەر دەتوانێت سەیری لاپەڕە (٥١)ی کتێبەکەی من بکات کە کلیشەی ئۆرگینالّی بەرگی یەکەمم بلاوکردۆتەوە. بە کورتی: زانیارییەکانی من دروستەو هی نەوزاد هەڵەیە. نازانم چۆن ناوبراو سەیری بەرگەکەی نەکردووە کە بلاوم کردۆتەوە؟!

بۆ مەسەلەی وشەی (ئۆرگان، گۆڤار)یش، (خوێندکاری کورد)یش وەک زۆربەی بلاوکراوەکانی تر لە قۆناغەکانی دەرچوونیاندا، وشەی (ئۆرگان) کراوەتە (گۆڤار)، یان بە پێچەوانەشەوە.

*دەربارەی (دەنگێ کۆمکار)، نەوزاد نووسیویەتی: (ئەمەو ئەو زانیارییەکانی

تریـشی سـەبارەت بەم ڕۆژنـامەیە زۆر ورد نـین و بە ڕاگـوزەرانە بەسـەر ڕۆژنـامەکەدا تێپەڕیـوە، وا تۆزێک وردتـر لە ڕۆژنـامەکە دەدوێـم و شـتێک بـۆ زانیارییەکانی لێ زیاد دەکەم. . . . ل١٢٨-١٢٩).

مـن لە باسـکردنی هەمـوو ناوونیـشانەکاندا، کرۆکـی مەبەسـتم خـستۆتە ڕوو، وەک: (دەرچـوونی یەکەم ژمـارە، شـوێن، سەرپەرشـتکار، زمـانی نووسـین، ڕێنـووس، نـاوی بەشـێک لەو نووسـەرانەی کە بابەتیـان تێـدا بڵاوکـردۆتەوە، کاتی دەرچوونی چەند ژمارەیەک . . . .). ئەم کتێبەی مـن تـایبەت بە ڕێکخستن و ئامـادەکردنی (ئینـدێکس) نیـیە بـۆ ئەو بڵاوکـراوانە، تـا ناچـار بـم هەمـوو ژمارەکـان بـاس بـکەم. . . مـن دەستنیـشانی ژمـارە (١)و (٧٤-٧٥)و (٨٨)و دوا ژمـارە (١٤٢)م کـردووە. باسـی فـۆرمەکەم کـردووەو نووسـیومە: (قەبـارەو ژمارەی لاپەڕەکانی جێگیر نەبووەو نـاوە نـاوە، گۆڕانکاری بەسـەردا هـاتووە. . . قەبارەکەی ئەی ٤و ئەی ٣ بووە). نازانم ورد نەبوونەکەی مـن چییە؟! نەوزاد لە چوار لاپەڕەی کتێبەکەیدا کە بۆ (دەنگی کۆمکار)ی تەرخـان کردووە، سـێ لاپەڕەی تەواوی بە خـستنە ڕووی ژمارەکـانی ئەم گۆڤـارە پـڕ کـردۆتەوە. . . ئەگەر ئەمە مەبەسـتی مـن بـوایە (کە مەبەسـتی مـن نەبـووە)، ئەوا دەمتـوانی سـەردانی بـنکەی ڕێکخـراوی کۆمکـار بـکەم، کە لە زۆربەی شـارە گەورەکـانی ئەڵمانیادا، بنکەو بارەگایان هەیە، لەوێ سـەیری ئەرشـیفی کۆمکار بـکەم و ئەم کـارەی کە نەوزاد کردوویەتـی، منـیش بـیکەم. جـگە لەمەش، ئەگەر ئەمەم نەدەتوانی، خۆ دەمتوانی ئامـاژە بە هەمـوو ژمارەکـانی (سـەکۆ، هـاوار، پەیـامی کورد، کوردستانی ئیمـڕۆ) بـکەم کە هەمـوو ژمارەکانیـانم هەیەو خۆشـم بـابەتم لە زۆربەی ژمارەکانیاندا، بڵاوکـردۆتەوە. . . ئەگەر ئەمەم بکردابوایە، قەبـارەی کتێـبەکەم لە (١٩٢) لاپەڕە، دوو قـات و بگـرە زێتـریش دەبـوو. . . خـوێنەر لە ناوەڕۆکی کتێبەکەی مندا، مەسەلەی بوونی ئیندێکس بەدی ناکات، تا نەبوونی ببێتە خەوشێک بۆ پرۆژەکەی من.

نەوزاد دەنووسـێت: (بـۆ ئەوەی ئەرشـیفی ڕۆژنـامەگەریی کـوردی بە ئامـادەکراوی ئەم ڕۆژنـامەیەی لەبەر دەسـتدا بێـت وا هەر ١٤٢ ژمـارەکە دەناسێنم. ل١٢٩).

ناوبراو لە کاتی ناساندنی ژمارەکاندا، وەک ئەم بەڵێنەی کە داویەتی نەیتوانیوە هەر ١٤٢ ژمارەکە نمایش بکات، چونکە هەموو ژمارەکانی نەناساندووە. . . . ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە ئەم کتێبخانەیەی ئەو سەردانی کردووە، هەموو ژمارەکانی تێدا نەبووە، ئەویش بەدوایدا نەگەڕاوەو خۆی ماندو نەکردووە تا ئەو بەڵێنەی کە داویەتی، جێبەجێی بکات. . . جارێکی تریش لە کاتی گواستنەوەی مانگەکاندا تووشی هەڵە بووە. بۆ نموونە:

(چیلریا پاشین- شوبات ١٩٨٠، ل١٣٠). ئەمە ڕاست نییە. نازانین مەبەست لەم مانگە چ مانگێکە؟ کە لە فەرهەنگی زمانی کوردیدا بوونی نییە. . . بە گوێرەی کاتەکە (شوبات)، وا بزانم دەبێت (چیلەیا پاشین)، بێت. . .

- (چیرەیا پاشین، ١٩٨٠، ل١٣٠). ڕاستییەکەی: (چیریا پاشین)ە، کە دەبێتە مانگی تشرینی دووەم.

* لە بارەی ڕۆژی کوردستان (ڕۆژا کوردستان)، نەوزاد دەنووسێت: (بۆ ناوی ئەم گۆڤارە نووسیوویەتی ڕۆژا کوردستانێ ! بەلام ناوی گۆڤارەکە بەو شێوەیە نووسراوە ڕۆژا کوردستان و بە پیتی سۆرانیش نووسراوە ڕۆژی کوردستان. . . ل١٣٢-١٣٣).

ئەوەی کەمێک سەرەدەری لە خوێندنەوەو نووسین دەربکات دەزانێت ئەمە هەڵەی چاپەو (ڕۆژا کوردستانێ) نییەو (ڕۆژا کوردستان)ە. ناوبراو لە من باشتر دەزانێت ئەمە هەڵەی چاپە چونکە من کلیشەی بەرگی گۆڤارەکەشم بڵاوکردۆتەوە، لەوێدا زۆر بە ڕوونی و گەورەیی بە ڕێنووسی لاتینی نووسراوە (ڕۆژا کوردستان). دیارە ئەم (ێ)یە هەڵەی چاپەو بەسەر ئێمەدا تێپەڕیوە. . . لەگەڵ ئەمەشدا، من بە دیالێکتی (کرمانجی خواروو) نووسیومە: (ڕۆژی کوردستان).

بە پیتی سۆرانیش نییە وەک نەوزاد باسی کردووە، بەڵکو بە (دیالێکتی سۆرانی)و ڕێنووسی (ئارامی)یە، چونکە سۆرانی دیالێکتە نەک (ڕێنووس).

هەر دەربارەی ئەم گۆڤارە، نەوزاد دەنووسێت: (بە زمانی کوردی دەرچووەو پیتی لاتینی و سۆرانی بابەتی بڵاوکردۆتەوە. . . ل١٣٣).

ئەمە یەکەم جارە دەستەواژەی لەم شێوەیە بخوێنمەوە یان ببیستم. ئەوەی

تـا ئێستاکە زانـراوە: (پیتـی لاتینـی) و پیتـی (ئـارامی) داهێنـراو لە ئەلـف و بێـی عەرەبـی، لە نووسـینی کـوردی (بە تـایبەتیش لە هەر چـوار پـارچەکەی کوردسـتان)دا، بەکـار دەهێنرێت. (سـۆران)یش پیت نییە بەڵکو دیالێکتە. پیتـی ئـارامی و لاتینـی هەیە نەک (پیتـی سـۆرانی). دەبـوا بنووسـرێت: ((بە زمـانی کـوردی- کرمـانجی خـواروو (سـۆرانی)و کرمـانجی ژووروو، بە ڕێنووسـی ئارامی و لاتینی)، بابەتی بڵاوکردۆتەوە.

* دەربـارەی (گازیـا وەلات)، لەگەڵ ڕاسـتکردنەوەکەی (نەوزاد)دام. مـن نووسـیومە: (یەکەم ژمـارەی لە سـاڵی ١٩٨٠دا بە زمـانی کـوردی و تـورکی دەرچـووە. . .). ئەمەیـان تەواوە. لەبەر ئەوەی تەواوی ژمارەکـانیم لەبەر دەسـتدا نەبـووە، پـشتم بە زانیارییەکـانی (مەڵبەنـدی ئـاوادانکردنەوەی کوردسـتان- بەرلـین) بەسـتووە. وەک ئەوان چۆنیـان نووسـیووە، منـیش گواستوومەتەوەو نووسیومە: (ژمارەکانی ٢، ٣، ٤، ٥، ٦، ٧ی لە سـاڵی ١٩٨١دا دەرچـووە). کەچـی لە ڕاسـتیدا، وەک نەوزاد نووسـیوویەتی دەبـوایە بنووسـم: (تەنها ژمارەکـانی ٦، ٧ لە سـاڵی ١٩٨١دا دەرچـووەو ئەوانیتـر: ٢، ٣، ٤، ٥ هەر لە ساڵی ١٩٨٠ دا دەرچووینە).

* دەربارەی گۆڤاری (دەم)، من بە تێرو تەسەلی باسم کـردووە. نەوزاد تەنها ژمارە (٩)ی بینیووەو لەسـەر ئەم بنچینەیە دەنووسێت: (من تەنها ژمـارە ٩ی ئەو گۆڤـارەم بینیووەو هەست دەکەم زانیارییەکانی دوو تـوێی ئەم گۆڤـارە بە وردی نەگـوازراونەتەوە، بـۆ نمـوونە لەسـەر بەرگـی ئەم گۆڤـارە نووسـراوە کۆمەلا دیموکراتێن کوردستان ئا سوریێ ل کۆمارا ئەڵمانیا ڕۆژاڤا. . . ل١٣٤).

سـەرچاوەو زانیارییەکانی مـن، کـاک (عەلـی جەعفەر)ە، ئاماژەشـم پێکـردووە. نـاوبراو، نووسـەرو ڕۆژنامەنووسـێکی ڕۆژئـاوای کوردسـتانەو مـاوەیەکە لە ئەڵمانیـادا دەژی. ئەو، لە گۆڤـاری (هـاڤیبوون)، بە دوو بەش بـابەتێکی بڵاوکردۆتەوە. لەوێدا، ئەم زانیارییانەی خستۆتە ڕوو کە مـن گواسـتوومەتەوە. هەروەها ناوبراو ڕۆژنامەنووسێکی بە ئاگایەو دۆستی نزیکی (جـان کـورد)یش بـووە کە سەرنووسـەری (دەم) بـووە. مـن بە وردی باسـی سەرنووسـەرو ژمارەکـانیم کـردووە. نەوزاد تەنهـا ژمـارە (٩)ی بینیـووەو لەسـەر ئەم

بنچینەیەی کە ئەو زانیارییانەی من خستوومەتە ڕوو، لەم ژمارە (٩)یەدا نییە، بۆیە دەنووسێت: (هەست دەکەم زانیارییەکانی دوو تویێی ئەم گۆڤارە بە وردی نەگوازراونەتەوە). مەرج نییە ئەوەی لە ژمارە (٩)دا نووسراوە، لە هەموو ژمارەکانی پێشوو تریش نووسرا بن. دەربارەی ناوی ڕێکخراوەکەش، دەکرێت لە ژمارە (٩)دا لە (کۆمەلا یەکێتیا کوردێن سوریێ) بۆ (کۆمەلا دیموکراتێن کوردستان ئا سوریێ) گۆڕدرا بێت، کە ئەمەش هیچ لە مەسەلەکە ناگۆڕێت.

* دەربارەی (کوردستان ڕیپۆرت)، نەوزاد دەنووسێت: (هەر بۆ زانیاری خوێنەران لە وڵاتی تریش گۆڤار هەبوو بە ناوی کوردستان ڕیپۆرت. . . ل١٣٤). سەرنجەکەی نەوزاد ڕاستە، چونکە ئەم گۆڤارە لە زۆربەی وڵاتانی ئەوروپا بە هەمان ناو، بە زمانی فەرمی ئەو وڵاتانە دەردەچێت. مەبەستەکەی من تەنها ئەم چاپە بووە کە لە ئەڵمانیادا دەرچووە، بۆیە هەر باسی ئەمەم کردووە.

* دەربارەی (سەرخوەبوون)، نەوزاد لە بەشی پێنجەمی بابەتەکەیدا، کە لە ڕۆژنامەی (بارزان)دا بڵاوبۆتەوە، نووسیوویەتی: (پارتی کرێکارانی کوردستان ساڵی ١٩٧٨ دەستی بە خەباتی چەکداری کردو ئەوەندەی من زانیاریم هەبێت ساڵی ١٩٧٩لە تورکیا بە نهێنی بڵاوکراوەیەکی دەرکردووە بە ناوی سەرخوەبوون و پاشان زۆربەی بابەتەکانی ئەو بڵاوکراوەیان لەژێر ناوی ژمارەی تایبەت بەم شێوەیە کۆکردۆتەوە).

ناوبراو کە بابەتەکەی (بزاڤی من . . .) لە کتێب (ڕۆژنامە لە کتێبدا) بڵاوکردۆتەوە، وشەی چەکداری لاداوەو کردوویەتی بە: (پارتی کرێکارانی کوردستان ساڵی ١٩٧٨ دەستی بە خەبات کرد. . . . . ل١٣٤).

مادام ڕۆژنامەی (بارزان)یش چۆتە ئەرشیفەوە، دەکرێت هەڵەکەی ئەویش ڕاست بکەینەوە، وا بزانم بێبەری نابێت لە سوود بەخشین، گەر ئەوە بخەینە ڕوو کە : پارتی کرێکارانی کوردستان لە ساڵی ١٩٧٨دا، دەستی بە خەباتی چەکداری نەکردووە، بەڵکو:-

- بە فەرمی لە١٩٧٨/١١/٢٧ دا، دامەزراندنی خۆی ڕاگەیاندووە.

- له ١٩٨٤/٨/١٥دا، یەکەمین ئۆپەراسیۆنی سەربازی خۆی لە دژی سوپای تورکیا، لە قەزای (ئەروح)، لە پارێزگای (سێرت)، ئەنجامداوە. بەمە سەرەتای چالاکی چەکدارانەی خۆی دژ بە سوپا ڕاگەیاندووە.

ئەو (سەرخوەبوون)ەی نەوزاد باسی دەکات، کاتی خۆی (فەخرەدین تاهیر)، لە کتێبەکەیدا: (ڕۆژنامەی سۆڤیەت کوردستان، هەولێر، ٢٠٠٦، ل١٥٠)، باسی کردووە کە لە ساڵی ١٩٧٩دا، لە شاری (غازی عەنتاب) دەرچووە، ئەو (سەرخوەبوون)ە نییە کە من باسم کردووە. . . ئەوەی نەوزاد باسی دەکات، لە تورکیا دەرچووەو ناچێتە ناو چوار چێوەی کتێبەکەی من کە تەنها پەیوەندی بە ئەڵمانیاوە هەیە. . . هەر بۆیەش بە دوایدا نەچوویمەو ئاماژەم پێ نەکردووە.

نەوزاد دەنووسێت: (ئەمەو سەرخوەبوون کە لە ساڵی ١٩٨٢لە ئەڵمانیا دەرچووە لە شێوەی ڕۆژنامەدا بووە نەک گۆڤار. . . . ل١٣٥).

من ئاماژەم بەوە کردووە کە سەرخوەبوون، لە قۆناغە جیا جیاکانی دەرچوونیدا، بە شێوەی گۆڤارو ڕۆژنامە دەرچووە. سەرەتا لە شێوەی ڕۆژنامەدا بووە، دواتر بۆتە گۆڤار. لە کتێبەکەمدا ئاماژەم پێ کردووە، (دیارە نەوزاد نەیبینیووە !!). زانیارییەکانی من دەربارەی ئەو (سەرخوەبوون)ە ڕوونە، وا بزانم لێکدانەوەی تر هەڵناگرێت. من نووسیومە: (گۆڤارێکی ڕۆشنبیری و سیاسیی گشتیی بووە، پارتی کرێکارانی کوردستان ڕێکخراوی ئەوروپا بە نهێنی دەریکردووە . . .). نەوزاد دەنووسێت: (بە ڕای من لە ئەوروپای ئازادی ڕۆژنامەگەرییدا ناکرێت بە سەرخوەبوون بوترێت بە نهێنی دەرچووە. . . ل١٣٥).

من دیسان جەخت لەسەر ئەوە دەکەمەوە کە بە نهێنی دەرچووە، چونکە:-

- مۆڵەتی دەرچوونی نەبووە.

- بە ئاشکرا لە کتێبخانەو (کتێبخانەی وێستگەی شەمەندەفەر)ەکان، لە شارەکانی ئەڵمانیادا نەفرۆشراوە.

- ناوی خاوەن ئیمتیازو دەستەی نووسەرانی لەسەر نەبووە وەک ئەوەی ڕۆژنامەی (ئوزگور پۆلەتیکا)، کە دەتوانین بە ڕۆژنامەی ڕەسمی و ئاشکرا ناوی ببەین. . (سەرخوەبوون)، بە نهێنی، تەنها لە نێوان ئەندام و هەوادارانی

ئەم پارتە، ئەم دەست و ئەو دەستی کردووە.
نەوزاد سێ لاپەڕەی لەسەر ئەم (گۆڤار- ڕۆژنامە)یە نووسیووە، کە دوو لاپەڕەی تەواوی تەنها لە خستنە ڕووی کاتی دەرچوونی ژمارەکانیەتی. . . مـن گەر مەبەستم بوایە، دەمتوانی ئاماژە بە کاتی دەرچوونی چەند ژمارەیەکی زیاتر بکەم، بە تایبەتیش ژمارەکانی سالانی دوای دوو هەزار، چونکە بە ئاسانی دەمتوانی لەسەر تۆڕی ئەنتەرنێت بچمە سەر پێگەکەیان و ئاماژە بە ژمارەکانی بکەم، بەڵام لە کتێبەکەمدا، ئەمە مەبەستی من نەبووە.
لە خستنە ڕووی ژمارەکانیدا، نەوزاد ناوی مانگە تورکییەکانی کە لەسەر گۆڤارەکەدا هەن، نەهێناوەتە سەر شێوەی باوی مانگی زایینی لای خۆمان و لەنێوان دوو کەوانەدا بیان نووسێت. بۆ نموونە سەیری ئەم مانگانە بکەن:-
- ژمارە ١٠، ئیکیم ١٩٨٢، ٢٤ لاپەڕە، ل١٣٦.
- ژمارە ١١، کاسیم ١٩٨٢، ٢٠ لاپەڕە، ل١٣٦.
- ژمارە ١٢، ئارالیک ١٩٨٢، ٢٠ لاپەڕە، ل١٣٦.
دەبوایە ناوبراو، ناوی ئەم مانگانە بۆ خوێنەران ڕوون بکاتەوە چونکە خوێنەری باشوورو ڕۆژهەڵاتی کوردستان، سەر لەم مانگانە دەر ناکەن. (ئیکیم: تشرینی یەکەم، کاسیم: تشرینی دووەم، ئارالیک: کانوونی یەکەم)ە.
- (ژمارە ٣٣٥، میژدەر ٢٠٠٩، ٨٠ لاپەڕە، ل١٣٧).
نازانین (میژدەر)، چ مانگێکە؟ خۆزگە ڕوونی بکردابوایە.
- (ژمارە ٣٣٧، چیلی ٢٠١٠، ل١٣٧).
لەوانەیە مەبەست لە (چیلی)، (چلەیا) بێت، بەڵام کام (چلەیا)؟ پێشین یان پاشین؟!
* دەربارەی گۆڤاری (کوردستان)، من نووسیومە: (ئەم گۆڤارە: دەنگی یەکێتی خوێندکاران و لاوانی کوردستان لە ئەوروپا- یوکسی)، بووە. نەوزاد دەنووسێت: (لە کاتی گواستنەوەی ئەم زانیارییەدا، زۆر ورد نەبووە، چونکە لەسەر تەواوی ژمارەکاندا نەنووسراوە دەنگی، بەڵکو لە ژمارە ٢ و ٦دا نووسراوە کوردستان گۆڤاری یەکێتی خوێندکاران و لاوانی کوردستان لە ئەوروپا. واتە دەنگ کراوەتە گۆڤار . . . . ل١٣٨).
بۆ دەبێت من ورد نەبووبم؟ من چی بکەم کە سەرپەرشتکارانی گۆڤارەکە لەسەر شێوەیەک جێگیر نەبووبن و لە هەر ژمارەیەکدا شتێکیان نووسی بێت،

جارێک (دەنگ) و جارێکی تریش (گۆڤار) بنووسن؟! لەگەڵ ئەوەشدا، ئەوەندە لە کرۆکی مەبەست ناگۆڕێت. ئەم (دەنگ و گۆڤار و ئۆرگان)انە لای نەوزاد بۆتە خەوشی سەرەکی و لە زۆربەی ڕەخنەکانیدا، دووبارەو چەند بارە دەبنەوە. هەر لە هەمان لاپەڕەدا دەنووسێت: (لە کاتی ڕیزبەندی ژمارەکاندا نە ئاماژەی بە ژمارە ٤و٥ داوە، هەروەها نە ژمارەی لاپەڕەکانیشی نووسیووە. . .). دیسان دەیڵێم ئەمە مەبەستی من نەبووە کە هەموو ژمارەکان بنووسم.

* دەربارەی گۆڤاری (دەنگی خوێندکارانی کوردستان)، من نووسیوومە: یەکەم ژمارەی، ژمارە (١-٢)ەو لە تشرینی دووەم و کانوونی یەکەمی ١٩٨٣دا بە (١٨) لاپەڕە دەرچووە، کەچی نەوزاد نووسیویەتی: (ئەوەندەی لای من ساغ بۆتەوە ژمارە ١ لە بەفرانباری ساڵی ٢٦٨٢ ک، واتە کانوونی دووەمی ساڵی ١٩٨٣ دەرچووە. . . ل١٣٩).

ئەمەی نەوزاد باسی دەکات زۆر ڕاستە. ئەمەی من باسم کردووە، دەبێتە ژمارە (١-٢)ی ساڵی دووەمی نەک یەکەم ژمارەی ساڵی یەکەم. ساڵەکە هەمان ساڵە (١٩٨٣)، بەڵام دەبێتە ساڵی دووەمی. وەک نەوزاد ئاماژەی پێ کردووەو نووسیویەتی کە: (ئەوەی زیاتر سەر خوێنەران و لێکۆڵەران دەشێوێنێت چۆنیەتی ڕیزبەند کردنی ژمارەکانی گۆڤارەکەیە. . . ل١٣٩). واتە: لە هەر ساڵێکی تازەی دەرچوونیدا، ڕیزبەند کردنەکە لە ژمارە (١)ەوە دەستی پێ کردۆتەوە. لەم حاڵەتەشدا پێویست دەکات کە هەموو ژمارەکانت لەبەر دەستدا بێت، یان زانیاری دروستت لەلا بێت.

* دەربارەی (بەرخودان)، من نووسیومە: (یەکەم ژمارەی لە ساڵی ١٩٨٣دا دەرچووە. . .). نەوزاد نووسیویەتی: (ڕاستە بەرخودان لە ساڵی ١٩٨٣ دەرچووە، بەڵام لە سوید دەرچووە نەک ئەڵمانیا. . . ل١٤٠). دەربارەی یەکەم ژمارەی (بەرخودان)، دەبوایە ئاماژە بەوە بکەم کە چوار ژمارەی سەرەتایی لە سوید دەرچووەو دواتر گواستراوەتەوە ئەڵمانیا. بەداخەوە من ئەو کات، ئەم زانیارییانەم دەست نەکەوتووە. تێبینییەکەی نەوزاد لە شوێنی خۆیدایە. دەربارەی ئەم گۆڤارەش ناوبراو کاتی دەرچوونی کۆمەڵێک ژمارەی دەست نیشان کردووە، کە هەر چەندە ڕیزبەندییەکە هەموو ژمارەکانی نەگرتۆتەوە، تەنها ئەوانەی دەستی کەوتوون، ئاماژەی پێ کردووە.


* بۆ گۆڤاری (دەنگی یەکێتیی)، من نووسیومە: (گۆڤارا یەکێتییا دیموکراتێن

کوردستانێ). نەوزاد نووسیویەتی: (گۆڤارا یەکێتیا دیموکراتێن کوردستان). نەوزاد ڕاست دەکات، ئەو (ێ)ەی کۆتایی (کوردستانێ) زیادەیە. نەوزاد نووسیویەتی: (ئەمەو زانیارییەکانیشی بۆ ژمارەکانی گۆڤارەکە زۆر ورد نین تەنیا ئاماژەی بە ژمارە ١و ١١ داوە . . . ل١٤٣). مەبەستی من هەر ئەوە بووە کە ئاماژە بە ژمارەکانی بکەم بە تایبەتیش یەکەم ژمارەو دوا ژمارە، کە هەرواشم کردووە. بۆ کاتی دەرچوونی یەکەم ژمارەو دوا ژمارە، زانیارییەکانی من دروستن. ئەوەی نەوزاد کردوویەتی دەچێتە خانەی لێ زیاد کردن.

* لەبارەی گۆڤاری (مزگین)ەوە، کە تەنها سێ ژمارەی لێدەرچووە، ئەویش هەر ژمارەو لە ساڵێکدا. واتە: گۆڤارێکی ساڵانە بووە. زانیارییەکانی من زۆر دروستن و هەر سێ ژمارەکەیشم هەیە. نەوزاد هیچ ئیزافەیەکی نەکردووە، هەمان زانیاری منی بە جێگۆڕکێ کردن بە وشە، دووبارە کردۆتەوە. . . من کاتی دەرچوون، ژمارەی لاپەڕەکان، ناوی سەرپەرشتکاران، زمانی ئەو بابەتانەی کە لە گۆڤارەکەدا بڵاوکراونەتەوە، ئاماژەم پێ کردوون. (نەوزاد)یش هەمان زانیاری دووبارە کردۆتەوە.

* دەربارەی گۆڤاری (ڕێ)، نەوزاد نووسیویەتی: (ئامادەکەری کتێبی بزاڤی ڕۆژنامەگەریی کوردی لە ئەڵمانیا تەنها ئاماژەی بە ژمارە ١و٤ی ئەم گۆڤارە داوە، بەڵام بەداخەوە بە گوێرەی پێویست گۆڤارەکەی نەناساندووە. . . ل١٤٤).

نازانم بۆ من بە گوێرەی پێویست گۆڤارەکەم نەناساندووە؟ من ناوی سەرپەرشتکارو ڕێنووس و شوێن و یەکەم ژمارەو ژمارە چوارم دەست نیشان کردووە. . . نەوزاد هاتووە تەنها کاتی دەرچوونی ژمارە (٣و٥)ی دەست نیشان کردووە. . . مادام من گۆڤارەکەم باش نەناساندووە، ئەدی خۆی بۆ باشتری نەناساندووە؟! من نووسیومە: (گۆڤارێکی ڕۆشنبیری بووە). نەوزاد



خوێندەوارییەکی کوردانە　　پەروەردەیەکی سۆشیالیستانە

# خوێندکاری کورد

ئۆرگانی خوێندکارانی سۆشیالیستی کورد

لە ئەورووپا

ژمارە ( ١ )　　کانوونی دووەمی ١٩٨٢

هـاتووه نووسـیویەتی: (بەڵام سیاسەتیـشی فەرامـۆش نەکـردووه، له بـارەی فۆرمـدا گۆڤـارێکی ڕێـک و پێکه. . .). تەنهـا بەم ڕسـتەیەی دوایـی گۆڤـارەکەی باشتر ناساندووه!!.

* لەبـارەی (درک)ەوه، نەوزاد نووسـیویەتی: (سـەبارەت بەم گۆڤـاره زانیـاری وردی نووسـیووەو پێویست ناکات بەدواداچوونیـان بۆ بکەم، بەڵام دەمەوێت ئەم ڕسـتەیەی بـۆ ڕاسـت بـکەمەوه که نووسـیووتی: کـۆمەڵەی خوێنـدکارانی کوردسـتان له دەرەوەی وڵات- ئەکـسا که سـەر به یەکێتـی بـوو. ناکرێـت به موتڵەقی بڵێین کۆمەڵەی ناوبراو سەر به یەکێتی نیشتیمانیی کوردستان بوو . . . ل١٤٧).

مـن ئێـستاش دووپـاتی دەکەمەوه که ئەم کـۆمەڵەیە، وەک چـۆن هەمـوو کۆمەڵەکانی تـر سـەر به لایەنـی تـر بـوون، ئەمـیش به هەمـان شـێوه سـەر به یەکێتی نیشتیمانیی کوردستان بووەو بەقەد موویەک له سیاسـەتەکانی یەکێتی لاینەداوەو ڕێنماییەکانیشی هەر له یەکێتیەوه وەرگرتووه. هیچ گومـان لەوەدا نییه که پارته سیاسییەکانی کوردستان بۆ مەبەستی خۆیـان دەیان ڕێکخراوی لەم بابەتەیان دروست کردووه.

* له بـارەی (پرشـنگ)، که نەوزاد له لاپەڕه (١٤٨)دا لەسـەری نووسـیوه، هیچ تێبینییەکم لەسەری نییه، چونکه هیچ ئیزافەیەکی نەکردۆته سـەر زانیارییەکانی مـن. زانیارییەکـانی خـۆم زۆر لەوەی نـاوبراو به تێـرو تەسـەلتر دەزانـم. . . خوێنەر دەتوانێت بەراوردیان بکات.

* دەربارەی (ئینفەرماسیۆن بولتەن کوردستان)، نەوزاد دەنووسێت: (بۆچی ڕیزبەندیکی بیبلۆگرافیایی بۆ تەواوی ژمارەکانی نەکردووه؟ ل١٤٩).

من به وردی باسی ئەم بڵاوکراوەیەم کردووه، کارەکەی من ئامادە کردنی بیبلۆگرافیـا نەبـووه، بـۆیه هەمـوو ژمارەکـانم نەنووسـیوه، تەنهـا باسـی (١٩) ژمارەم کردووەو بەشی زۆری ژمارەکانیشم هەیه.

* سـەبارەت به (گۆڤـار، بڵاوکـراوه)ی (کوردسـتان ئەرشـیف)، نەوزاد دەنووسـێت: سـەبارەت بەم گۆڤـار بڵاوکـراوەیه له دوا دێـری نووسـینەکەی ئیـسماعیل تەنیـا دەسـت پێـدەکەم که نووسـیوویەتی: (شـایانی باسـه له هـیچ

یەکێک لە بیبلۆگرافیا کوردییەکان و ئەو کتێبانەی کە لەسەر ڕاگەیاندنی یەکێتی نیشتیمانیی کوردستاندا نووسراون، کەم و زۆر باسی کوردستان ئەرشیفیان نەکردووە). . . . هەروەها دەنووسێت: (جەنابیان ڕاست دەکات لە هیچ لەو کتێبانە باس نەکراوەو وەڵامەکەش زۆر ئاسانە چونکە ناکرێت بڵاوکراوەی لایەنگر، دۆست، ئەندامێکی یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان بخرێتە دووتوێی مێژووی ڕۆژنامەگەریی حزبەکە، چونکە ئەو بڵاوکراوەیە بە هیچ شێوەیەک وەک بڵاوکراوەیەکی یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان خۆی نەناساندووە. . . ل١٥٠).

لە وەڵامدا دەپرسم: ئەدی ئێوە بۆچی لە کتێبەکەتاندا: (ڕابەری ڕۆژنامەگەریی نهێنی یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان ١٩٧٥-١٩٩١، کەرکوک، ٢٠١٢)دا، باسی (١٥) گۆڤارو بڵاوکراوەتان کردووەو خستووتانەتە ناو چوارچێوەی ڕۆژنامەگەریی یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان، کە ڕێکخراوەکانی وەک: یەکێتی نووسەران، کۆمەڵەی خوێندکاران، یەکێتی ژنان، یەکێتی هونەرمەندان، ئەنجوومەنی گوندی ژیلوان، . . . تاد؟. گەر هەندێکیشیان سەر بە یەکێتی بووبن وەک ژنان و خوێنکاران، ئەدی خۆ نووسەران و ئەنجوومەنی گوندی ژیلوان، بە فەرمی یەکێتی نەبوون؟! دیارە (بانێکەو دوو هەوایە)؟!.

هەروەها پێش (نەوزاد)یش، (ئازاد خانەقینی)، لە ئامادە کردنی کتێبی: (مادێنا مێژوو و بیبلۆگرافیای ڕاگەیاندنی ی. ن. ک ١٩٧٥-١٩٩١، سلێمانی، ٢٠٠٠)، هەمان ڕێچکەی گرتووەو کۆمەڵێک گۆڤارو بڵاوکراوەی خستۆتە خانەی بیبلۆگرافیای ڕاگەیاندنی یەکێتییەوە، کە خودی ڕێکخراوەکان، خۆیان لێ بێبەری دەکەن لە یەکێتی بوون.

من نووسیومە: سەر بە یەکێتی و هەوادارانی بووە. ئێستاش جەخت لەسەر ئەمە دەکەمەوە کە بەشی هەرە زۆری ئەم کادیرانەی سەرپەرشتیان دەکرد، ئەندام یان هەواداری یەکێتی بوون. نەوزاد نووسیویەتی: (ژمارە ١ی مانگی ئابی ١٩٨٨ دەرچووە، ٥٠ لاپەڕەیە، ل١٥١). منیش ئەمەم دەست نیشان کردووە، پێویستی بەم ئاماژە کردنە نەدەکرد. هەروەها دەنووسێت:

(ڕیزبەندی ژمارەکانیشی هەڵەی تێدایە بۆ نموونە لە دوای ژمارە ٤٣-٤٤-٤٥ ئینجا دێتەوە سەر ژمارە ٢٣-٢٤-٢٥، ل١٥١).
من لە ریزبەند کردندا هەڵەم نەکردووە وەک نەوزاد ئاماژەی پێ کردووە، بەڵکو ئەوە ناوبراوە سەپییانە کتێبەکەی منی خوێندۆتەوە، دەنا من بە زنجیرە باسی ژمارەکانیم کردووە. ئەو، ئەوەی لێ تێکچووە کە من لە پەرەگرافێکی جیاوازدا نووسیومە: (نرخی هەندێک لە ژمارەکان دەنووسین). پێشتر من لە زنجیرەکەدا باسی ژمارەکانی (٢٣-٢٤-٢٥)م کردووە، بەڵام بۆ مەسەلەی نرخ لە شوێنێکی جیاوازدا، ئاماژەم بە ژمارەکانی (٢٣-٢٤-٢٥)و (٢٧)و (٣٠-٣١)و (٣٥) کردووە. ئەمانە لە ڕیزبەندی نرخەکانە. بە کورتی: من بە ڕێک و پێکی، بێ پاش و پێش کردن، زنجیرەی ژمارەکانیم باس کردووە. لە پەرەگرافێکی جیاوازدا، باسی نرخم کردووەو ئاماژەم بە چەند ژمارەیەک کردووە. ئەوە ناوبراوە بە هەڵە خوێندنەوەی بۆ کتێبەکەی من کردووە. . . بۆ دڵنیا بوون لەم ڕاستییەش، خوێنەران دەتوانن سەیری کتێبەکەی من و نووسینەکەی نەوزاد بکەن.
نەوزاد دەنووسێت: (باسی ژمارە ٣٠-٣١ دەکات تەنیا نووسیویەتی بە ١٨ مارک بووە ساڵی دەرچوونی نەنووسیووە. ژمارە ٣٠-٣١ ، باند ٣، حوزەیرانی ١٩٩٢، ٢٠٠ لاپەڕە، بە ١٨ مارک، قەبارە ئەی ٤، ل١٥١).
کاتی دەرچوونی ئەو ژمارانەی کە نەوزاد باسی کردوون، من لە لاپەڕە (٧١)دا، وەک ئەوەی نەوزاد دەخوازێت، باسم کردوون. بۆ قەبارەکەشی نووسیومە: (قەبارەی هەموو ژمارەکان ئەی ٤) بووە. . . پێویستی بەوە نەدەکرد، جارێکی تر قەبارەکە بنووسێتەوە، چونکە من ئاماژەم پێ کردووە. بەشی هەرە زۆری ئۆرگیناڵی ژمارەکانم هەیە. . . دەمەوێت ئەوەش بڵێم: کە قەبە بوونی وتارەکەی نەوزاد، زۆربەی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە زۆر شتی دووبارە کردۆتەوە، کە من پێش ئەو کردوومن.
* دەربارەی (هەڤگرتن- الاتحاد)، لەبەر ئەوەی زانیاری زۆربەی بڵاوکراوەکان، لە هەموو ژمارەکانیاندا جێگیر نەبووینە، لە (هەڤگرتن)یشدا، وا کەوتۆتەوە. لەم ژمارەیەی کە من ناوم هێناوە، ئەو زانیارییە هەبووە کە باسم

کردووه. لەم ژمارەیەی کە نەوزاد بینیوویەتی و نمایشی کردووە، گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە. ئەمە گرفتی زۆربەی گۆڤارو بڵاوکراوەکانەو سەریان لە خوێنەرو توێژەرانی مێژووی ڕۆژنامەگەریی کوردی شێواندووە. . . هەروەها بۆ بوونی بڵاوکراوەیەکی تریش بە کەمێک جیاوازییەوە، بە ناوی (هەڤگرتن-وەلاتپارێز)، ناوبراو دەنووسێت: (هەر لێرەدا ئاماژە بە ناوی گۆڤارێکی تر دەدەم بە ناوی هەڤگرتن-وەلاتپارێز کە لە شاری کیل دەرچووە، کە هیچ پەیوەندی بە گۆڤاری هەڤگرتن-الاتحادەوە نییەو هەوڵ دەدەم لە لاپەڕەکانی داهاتوودا لەو گۆڤارە بدوێم. . . ل١٥١-١٥٢).

یەکەم: نەوزاد لە لاپەڕەکانی تردا، کە بەڵێنی بە خوێنەران داوە بۆیان باس بکات، بەڵێنەکەی نەگەیاندۆتە سەرو لە هیچ شوێنێکی کتێبەکەیدا باسی نەکردووە.

دووەم: ئەم گۆڤارەی نەوزاد بە نیاز بووە بۆ خوێنەرانی باس بکات، من لە لاپەڕە (١٠٠)ی کتێبەکەمدا باسم کردووەو پێویست بەوە ناکات بۆ خوێنەران باسی بکات (کە نەیکردووە!!). ئەمەش بەڵگەی ئەوەیە کە ناوبراو بە سەرپێی کتێبەکەی منی خوێندۆتەوە، دەنا بۆ باسی بابەتێک دەکات کە من کردوومە؟.

* دەربارەی گۆڤاری (جودی)، لەگەڵ ڕایەکەی (نەوزاد)دام، بەڵام پێم باشە ئەم سەرنجانە بخەمە ڕوو:-

- لەوانەیە ڕاست بێت کە ئەو پارتە (حەرەکەتا ئیسلامی کوردستان)، کە لە پارتی کرێکارانی کوردستانەوە نزیک بووە، لە قۆناغەکانی خەبات کردنیدا، ناوی خۆی گۆڕی بێت، وەک ئەوەی نەوزاد باسی دەکات.

- یان دەبێت ئەو (جودی)یەی کە لە ئەمەریکا دەرچووە، (جودی)ێکی تر بوو بێت، یان ڕێکخراوی ئەو پارتە لە ئەمەریکا، چەند ژمارەیەکی لەوێ لێ دەرکردبێت.

- من لە لاپەڕە (٢٢٩)ی دوا کتێبمدا: (ڕابەری ڕۆژنامەگەریی کوردی ئازاری ١٩٧٥-١٩٩٣)، بە درێژی باسی ئەم گۆڤارەو (پارتیا ئیسلامیا کوردستان)م کردووە. لەوانەیە ڕۆژانی داهاتوو شتی تازەتر لەم بارەیەوە بزانین.

* دەربارەی (ژیان، کوردستان هۆیتە، کوردستان ئەکتوئێل) لە لاپەڕەکانی

(١٥٣و١٥٤)دا، نەوزاد تێبینی نییە، تەنها ئەو ژمارانەی کە ئەو بینیوویەتی، وەک ئیزافە کردن، نمایشی کردوون.

* لەبارەی (کوردستان نیوز)ەوە، ناوبراو نووسیویەتی: (ژمارە ٣٥-٣٥ نووسراوە، بەڵام ڕەنگە هەر تەنیا ژمارە ٣٥ بێت، ئەیلولی ١٩٩٧، ٢٤ لاپەڕە، ل١٥٥).

نەوزاد باش سەرنجی نەداوە، دەنا من لە هیچ شوێنێک نەم نووسیوە ژمارە (٣٥-٣٥)... ئەوەی من نووسیومە ژمارە (٣٥-٣٦)ە کە لە ئەیلولی ١٩٩٧ دا دەرچووە. نەوزادیش هەر ئەم جووت ژمارەیەی کە لە بەرگێکدا دەرچووە وەک من نمایشی کردووە بە کەمێک هەڵەوە کە نووسیویەتی: (ڕەنگە هەر ژمارە ٣٥ بێت). کەچی لە ڕاسیدا وەک من نووسیومە ژمارە (٣٤-٣٥)ە نەک تەنها (٣٥).

* لە بارەی (ستێرکا جوان)ەوە، ناوبراو نووسیویەتی: (دانەری کتێبەکە بۆ ئەم گۆڤارە ئاماژەی بەوە نەداوە کە بۆ ناسینی ئاراستەی کاری گۆڤارەکە نووسیوویانە ستێرکا جوان دەنگی زارۆکێن ئاگرو ڕۆژێ... ل١٥٦).
من ئاماژەم بە ئاراستەی گۆڤارەکە کردووە کە گۆڤارێکی تایبەت بە لاوان بووە. زانیاری پێویستیشم خستۆتە ڕوو.

* لە بارەی (ئاڤا شین)ەوە، من باسی یەکەم ژمارەو دوا ژمارە (١٣)م کردووە. نەوزاد چەند ژمارەیەکی تریشی باس کردووە. ڕاستیش دەکات کە تەنها ژمارە (١)ی لە ئەڵمانیا دەرچووە منیش ئاماژەم بەم زانیارییە داوە کە نەوزاد خستوویەتییە ڕوو. ئەوانی تر لە سوید دەرچوون.

* بۆ گۆڤاری (هاوار)، نەوزاد نووسیویەتی: (بۆ ئەم گۆڤارە زانیاری ورد خراوەتە ڕوو، کە تیایە ئاماژە بە چەندان ژمارەی گۆڤارەکە دراوە، بەڵام لە نێو ژمارەکاندا باسی چەند ژمارەیەک نەکراوە لەوانە ژمارە ٩ کە من بینیوومەو وا تۆماری دەکەم: ژمارە ٩، بەفرانباری ٢٠٠٠، دەرچووەو بریتییە لە ٥٦ لاپەڕە، ل١٥٨).

نەوزاد لێرەش بە دیقەتەوە سەیری کتێبەکەی منی نەکردووە، دەنا من لە لاپەڕە (١١٠)دا باسی ژمارە (٩)م کردووە. پێویستی بەوە نەدەکرد هەمان

ژماره وەک من نمایش بکاتەوە.

* دەربــارەی (هەواڵ)، مــن نووســیومە: (ئەم گۆڤــارە لەیەک کاتــدالە ســێ پایتەخت: واشنتۆن، ستۆکهۆڵم، بەرلین، دەرچووە). هەر لە بارەی (هەواڵ)ەوە، پێشڕەوی سەید برایمی بەرزنجی دەڵێت: ئەو پڕۆژەیە بەسەرپەرشتی (هەڵۆ ئیبراهیم ئەحمەد)ەوە بوو. . . ناوبراو دەیویست ئەم گۆڤارە لەیەک کاتدا، لەم سێ وڵاتەدا دەربچێت و ببێتە پرۆژەیەکی گەورە. . . بەڵام دواتر سەری نەگرت و هەر یەک ژمارەی بە شێوەی گۆڤار دەرچووەو پرۆژەکە بووە ئەو ڕۆژنــامە (هەواڵ)ە کە لە ســلێمانی دەردەچێــت. . . بزاڤــی ڕۆژنــامەگەریی کوردی، ل١١٩.

لە وەڵامی ئەم زانیارییانەی کتێبەکەی مندا، نەوزاد دەنووسێت: (ئەو هەواڵە هیچ پەیوەندی بەو هەواڵەوە نییە کە لەژێر سەرپەرشتی خەڵات عومەردا بووەو هەر خۆشی خاوەن پرۆژەکە بووەو بە هیچ شێوەیەک ئەو ژمارەیە لە ئەڵمانیا دەرنەچووە. . . . تاد. ل١٥٨).

ئەو (هەواڵ)ەی من باسی دەکەم و لای منە، ئەدرەسی واشنتۆن و بەرلین و ستۆکهۆڵمی لەسەرە. لە شێوەی گۆڤاردایەو بە بەرگەوە (٦٤) لاپەڕەیە، کە لە کتێبەکەمــدا وێنەی بەرگەکەشــم بڵاوکــردۆتەوە. . . لەوانەیە ئەو (هەواڵ)ەی سلێمانی، کە خەڵات عومەر سەرپەرشتی کردووە، وەک نەوزاد دەڵێت هیچ پەیوەندی بەو هەواڵەی بەرلینەوە نەبێت، بەڵام من وەک ئاماژەم کردووە پشتم بە قسەکانی (پێشڕەوی سەید برایمی) بەستووە کە کادیرێکی چالاک و بە ئاگای یەکێتی بووە.

نەوزاد دەنووسێت: (ڕەنگە ئەم نووسینە درێژ بکاتەوە، بۆیە سەرنجەکانم بۆ کاتی چاپکردنی کتێبەکە هەڵدەگرم. . . . ل١٥٨).

هیوادارم ئەم سەرنجانەی کە نەوزاد دەیەوێت بۆ خوێنەران ڕوونی بکاتەوە، لە بــابەتێکی ســەربەخۆدا، بیانخــاتە ڕوو، کە ئەمە دووەم جــارە ئەم بەڵێــنە دەدات: جــاری یەکەم لە پاشــکۆی (ئەزمــوون) و جــاری دووەم لە بەرگــی ســێیەمی کتێبــی: (ڕۆژنــامە لە کتێبــدا، ل١٥٨). دڵنیــام ئەم بەڵێــنە هەر ئەوەی (ئەزموون) بووە بەڵام لە کاتی ئامادە کردن بۆ ئەم کتێبەی بە نووسینەکەیدا

نەچۆتەوە تاوەکو ئەم بەڵێنە دووبارە نەکاتەوە.

هەر لێـــرەوە حەز دەکەم ئەمەش بڵـــێم: کە لەکـــاتی نووســـینی بـــابەتەکەو بڵاوبـوونەوەی لە (ئەزمـوون)دا، لە چەنـد شـوێنێک بەڵێنـی ئەوە دەدات کە گەر ئەم بـابەتەی لە دوو تـوێی کتێبێکـدا بڵاوکـردەوە، ئەوا ئینـدێکس بـۆ چەنـد بڵاوکـراوەیەک دەکـات، کە مـن نەم کـردووەو بە کـاری خـۆم لەم کتێـبەدا، نەزانیـوە. . . بەداخەوە، ئەوە بـابەتەکەی نەوزاد بـووە کتێـب و بەڵێنەکانیـشی نەبردە سەر.

* نەوزاد، (٢٥) لاپەڕەی کتێبەکەی تەرخـان کـردووە بـۆ خـستنە ڕووی (٢٢) گۆڤـارو ڕۆژنـامەو بڵاوکـراوە، کە لە کتێـبەکەی منـدا نـین و لە ئەڵمانیـاش دەرچووینە. عینوانێکی فەرعی بە ناوی (دەوڵەمەند کردن)ی بۆ داناوە، کە لای من مایەی دەست خۆشی و سوپاس و پێزانینە.

# بەشی دووەم

# ڕۆژنامەگەریی چەپی کوردی
# (١٩٧٥- ١٩٩٣)

*** باشوری کوردستان:**

دامەزراندنی حزبی شیوعی عێراق، لە ساڵی١٩٣٤ دا، وەرچەرخانێکی مێژوویی گرنگ بوو لەنێو کۆمەڵگەی عێراقی بە گشتی و کوردستاندا بەتایبەتی. پێش بوونی ئەم حزبە، هەست کردن بە جیاوازی چینایەتی، جگە لەلای دەستەبژێرێک لە ڕۆشنبیرو خوێندەواران بەولاوە، بوونی نەبوو. بەهۆی خەباتی کادیرانی ئەم حزبە لەنێو چین و توێژە جیاجیاکانی کۆمەڵگاو، دواتر کردنەوەی بارەگا یاخود (هەرێمی کوردستان)ی ئەم حزبە لەشارە گەورەکانی کوردستاندا، ئیدی خەڵک هوشیار بۆوەو هەستی بەوە کرد کە لەپاڵ چەوساندنەوەی نەتەوایەتی کە لەلایەن دەوڵەتەوە دەرهەقیان ئەنجام دەدرێت، لەلایەن ئاغاو دەرەبەگ و خاوەن مولکە گەورەکانیش، ڕوبەڕوی جۆرە چەوساندنەوەیەکی تر دەبنەوە کە ئەویش، چەوساندنەوەی چینایەتییە. ئەوان، فیکری تازەو چمکی مۆدێرنی وەک: (یەکسانی ژن و پیاو، خەباتی کرێکاران، چەوساندنەوەی چینایەتی، مافی مرۆڤ، عەدالەتی کۆمەڵایەتی، . . . . تاد)یان، لە کوردستاندا، بڵاوکردەوە.

هەر لەم سەرو بەندەو، هەشت نۆ ساڵێک دوای ڕاگەیاندنی ئەم حزبە، کۆمەڵێک ئەندامی چالاک و ڕۆشنبیری (حزبی هیوا)، کە خاوەن دیدو بۆچوونی فیکری چەپ بوون، لە (هیوا) جیابوونەوەو، لەساڵی ١٩٤٣ دا، ڕێکخراوێکیان بەناوی (کۆمەڵی میللەت)، دامەزراند، کە دەتوانین بە یەکەم ڕێکخراوی سەربەخۆی چەپی کوردی، ناوزەدی بکەین. ئەم ڕێکخراوە، هەرلەم ساڵەدا، بڵاوکراوەیەکیان بەناوی (دەنگی کورد)، بڵاوکردەوە، کە بە دەستنووس، بڵاودەکرایەوە. هەر لەهەمان ساڵدا، عەبدولسەمەد محەمەد ناسراو بە (سەمەد مەنجەڵ)، ئەندامی ئەم ڕێکخراوە لە شاری کۆیە، بڵاوکراوەیەکی یەک لاپەڕەیی بە دەستنووس، بەناوی (بڵێسە)، بڵاو

دەکـردەوە. بەداخەوە، تـا ئێـستاکە دانەیەک لە هەردوو بڵاوکـراوەکە: (دەنگـی کــورد) و (بڵێــسە)، نەدۆزراونەتەوەو لەبەر دەســتدا نــین. ئەو زانیارییــانەی هەشــن هەر وردە زانیــاری نێـو یاداشــت و پەراوێـزی ڕوداوەکـانە. . . هەتـا ئەمەی دواییان (بڵێسە)، هەندێک دەڵێن هەر بوونی نەبووە، (بۆ ئەم مەبەستە بڕوانە: بورهان حاتەم گۆمەتاڵی، ساڵح حەیدەری ١٩٢٢-٢٠٠١ ڕۆڵـی سیاسـی و ڕووناکبیریی، چاپی یەکەم، هەولێر، ٢٠١٢ ، لاپەڕە ١٧٠).

ڕێکخراوی (یەکێتی تێکۆشـین)ی عەرەبی، لەسێ ڕێکخـراوو گروپی مارکسی لەســاڵی ١٩٤٣ دا، دادەمەزرێــت. لە هــاوینی هەمــان ســاڵدا، بە مەبەســتی یەکگرتن، پەیوەندی بە ڕێکخراوی (کۆمەڵی میللەت)ەوە، دەکەن. پاش گفتوگۆو دانوسـتاندن، هەردوولا، یەکـدەگرن. مەرجـی کوردەکـان ئەوە بـوو: کە لقێکـی کـوردی (وحـدة آلنـضال)، لە کوردسـتاندا بـکەنەوەو ڕۆژنـامەیەکیش بەزمـانی کوردی بەنـاوی (یەکێتـی تێکۆشـین)، دەربکەن. یەکەم ژمـارەی ئەم ڕۆژنامەیە، لەهـاوینی سـاڵی ١٩٤٤ دا، بڵاوکـرایەوە کە (نـافع یـونس و سـالح حەیـدەری و عەلـی عەبـدوڵلا)، سەرپەرشـتکارو لێپرسـراوی بـوون. بەشـە کـوردییەکەی ئەم ڕێکخـراوە (یەکێتـی تێکۆشـین)، خۆیـان هەڵوەشـاندەوەو نـاوی خۆیـان کـردە (حزبـی کۆمۆنیـست لە کوردسـتانی عێـراق). لە کۆتـایی سـاڵی ١٩٤٤ دا، ئەم حزبەش، خۆی هەڵوەشاندەوە. دەبێ ئەوەش بگوترێت کە ڕۆژنامەی (یەکێتـی تێکۆشـین)، یەکەمـین ڕۆژنـامەی چەپـی کـوردییە لەمێـژووی ڕۆژنـامەگەریی کوردیـدا. لەمە بەدواوە، کـادیرو سیاسـەتمەدارە کوردەکـانی نـاو ئەم حـزبەو دەرەوەیدا، لەبواری ڕۆژنامەگەریی چەپی کوردی، درێژەیان بەخەبات کردندا.

گرنگتـرین ئەم گۆڤـارو ڕۆژنـامەو بڵاوکـراوە کوردییـانەی کە لەنێوان سـاڵانی (١٩٤٥-١٩٧٥)دا، دەرچـووینەو دەچـنە خـانەی مێـژووی ڕۆژنـامەگەریی چەپـی کوردییەوە، دەکرێت وا پۆلینیان بکەین:

- ڕۆژنـامەی (ئـازادی): سـاڵی (١٩٤٥) بەنهێنـی دەرچـووە. لەسـاڵی (١٩٥٩)دا مۆڵەتی وەرگرتوەو، بە ڕەسمی و ئاشکرا، بڵاوکراوەتەوە.

- ئالای کارگەران: حزبی شیوعی عێراق (هەرێمی کوردستان- لقی سلێمانی)، بەنهێنی، دەریکردوە.

پاش لێکترازانە مێژووییەکەی ساڵی (١٩٦٤)، باڵی جیابۆوە (پارتی دیموکراتی کوردستان- مەکتەبی سیاسی)، کە دواتر بە (جەلالی)، ناسران، ئەندام و هەوادارانی بەشێک لەم باڵە، خەریکی زەمینەسازی بوون بۆ دامەزراندنی ڕێکخراوێکی تازە. لەم پێناوەدا، لەساڵی (١٩٦٩)، ڕۆژنامەی ڕووناکی (آلنور)، بە عەرەبی و، گۆڤاری (ڕزگاری)یان بەکوردی، دەردەکرد. بڵاوکردنەوەی وتارو ڕەخنەو گفتوگۆکانی نێو ئەم دوو ڕۆژنامەو گۆڤارە، بوونە زەمینە سازییەک بۆ دروستبوونی (کۆمەڵەی مارکسی-لینینینی کوردستان)، لەساڵی ١٩٧٠ دا. دوای (آلنور)و (ڕزگاری)ش، (ئاڵای سوور- تەموزی ١٩٧٣، ئۆرگانی کۆمەڵەی مارکسی-لینینینی کوردستان) و، (بیری نوێ)ی حزبی شیوعی عێراق- هەرێمی کوردستان، لەساڵی ١٩٧٢ دا، بڵاوکرانەوە.

لەدوای کارەساتی ئازاری (١٩٧٥)و، کۆتایی هاتنی شۆڕشی ئەیلول، هەر دوای ساڵێک، دووبارە خەباتی چەکداری دەستی پێکردەوەو، ئەمجارەیان لەجیاتی خەباتی تاک حزبی، زەمینەی ئەوە ڕەخسا کە کۆمەڵێک حزب و ڕێکخراوی جیا جیا دروست ببن و، درێژە بە کاروانەکە، بدەن. لەگەڵ بوونی هەرێمی کوردستانی حزبی شیوعی عێراق و، (کۆمەڵەی مارکسی-لینینینی کوردستان)، کە دواتر ناوەکەی بۆ (کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان)، گۆڕدراو، باڵی قیادەی مەرکەزی حزبی شیوعی عێراق، ڕیکخراوێکی تری چەپ بەناوی (بزوتنەوەی سۆسیالیستی دیموکراتی کوردستان) لە ساڵی (١٩٧٦)دا، دامەزرا. ئیدی لەمە بەدواوە، ڕێکخراوو گروپی بچووک بچووکیتر دروستبوون و تا ساڵی (١٩٨٥)، توانییان کۆمەڵێک گۆڤارو ڕۆژنامەو بڵاوکراوە دەربکەن، کە گرنگترینیان ئەمانە بوون:

- ئاڵای یەکگرتن: ڕۆژنامەیەک بوو حزبی شیوعی عێراق (باڵی قیادەی مەرکەزی)، بەزمانی کوردی، لەساڵی ١٩٧٦، لە سوید، دەریکردوە.

- ڕەنجدەر: بڵاوکراوەیەکی نهێنی بوو، ڕێکخراوی ڕەنجدەرانی کوردستان، لە ساڵی (١٩٧٦)دا، دەریکردوە. ئەم ڕێکخراوە، هەر لەم ساڵەدا دامەزراوە.

- ئاڵای شۆڕش: کۆمەڵەی مارکسی- لینینینی کوردستان، لەساڵی (١٩٧٧)دا، دەریکردوە.

- کـۆمەڵە: گۆڤارێـک بـوو، (کـۆمەڵەی ڕەنجـدەرانی کوردسـتان)، لەسـاڵی (١٩٧٨)دا، دەریکردوە.

- تێکۆشـان: ڕیکخـراوی (تێکۆشـانی ڕەنجـدەرانی کوردسـتان)، کە شـەهید (ڕەئـوف ئـاکرەیی) لێپرسـراوی بـوو، بە نهێنـی لەشـاری سـلێمانی، لەسـاڵی (١٩٧٨)دا، دەریکردوە.

- ڕاپەڕین: کۆمەڵەی مارکسی- لینینینی کوردستان- لقی ئەورووپا، لەساڵی (١٩٧٨)دا، دەریکردوە.

- ڕێگـای کوردسـتان: حزبـی شـیوعی عێـراق- هەرێمـی کوردسـتان، دوای دەرچوونیان بۆ شاخ، لەساڵی (١٩٨٠)دا، دەریانکردوە.

- سۆسیالیست: گۆڤارێکی تیـۆری بـوو، (حزبـی سۆسیالیستی کوردسـتان)، لەساڵی (١٩٨١)دا، دەریانکردوە.

- ڕێگـای ئـازادی: ئۆرگـانی ناوەنـدی حزبـی سۆسیالیستی کوردسـتان بـووە، لەساڵی (١٩٨١)دا، دەرچووە.

- کار: بڵاوکراوەیەک بووە لەنێوان ساڵانی (١٩٨١-١٩٨٢)دا، نزیکەی سێزدە ژمارەی لێدەرچووە.

- گۆڤـاری (ڕێبـازی زەحمەتکێشان)، لەنێـوان سـاڵانی (١٩٨٣-١٩٨٥)دا، یـازدە ژمارەی لێدەرچووە.

لەسـاڵی (١٩٨٥)، لەهەنـاوی (یەکێتـی نیـشتیمانی کوردسـتان) و (حزبـی سۆسیالیستی کوردستان)دا، دوو ڕێکخراوی چەپ دروستبوون کە خۆیـان لە دایکە چەپەکانیان بە چەپتر دەزانی، ئەمانە بریتیبوون لە:

- ئـاڵای شـۆڕش: سـاڵی (١٩٨٤) هەوڵیانـداو لەسـاڵی (١٩٨٥)دا، بە ڕەسـمی دروستبوونی خۆیان ڕاگەیاند. (مەلا بەختیار) ڕێبەرایەتی دەکردن.

- حزبی سۆسیالیستی کوردستان-ئیتجاهی دیموکراتی شۆڕشگێڕ، لەساڵی (١٩٨٥)، بە ڕێبەرایەتی (قادر عەزیز و عەبدولخالق زەنگەنە)، دروستبوو. ئیدی ئەمانەش بە بڵاوکردنەوەی ئۆرگـان و گۆڤارەکانیـان، مێژووی ڕۆژنـامەگەریی چەپـی کوردیـان، دەوڵەمەنـدتر کـرد. لەسـاڵی (١٩٨٥)ەوە تـاوەکو ڕاپەڕیـن، کۆمەڵێک گۆڤارو بڵاوکراوەی تر، چ لەلایەن ڕێکخراوە شۆڕشگێڕەکانی سەر

گۆڕەپانی خەباتی چەکداری، یان لەلایەن ڕێکخراو و دەستەو گروپی تازە دروستبوو لەنێو شارەکانی کوردستاندا، بڵاوکرانەوە، بریتیبوون لە:

- بیری نوێ: گۆڤارێک بوو، حزبی شیوعی عێراق- هەرێمی کوردستان، لەساڵی (١٩٨٥)دا، دەریکردوە.

- سۆسیالیزم یان بەربەری: بڵاوکراوەیەکی کۆمۆنیستی بووە، لە مانگی ئابی (١٩٨٥)، لە سوید دەرچووە.

- پێشکەوتن: گۆڤارێکی تیوری بوو، حزبی سۆسیالیستی کوردستان- ئیتجاهی دیموکراتی شۆڕشگێڕ، کە دواتر بوونە (حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان)، لەساڵی (١٩٨٦)دا، دەریانکردوە. تەنها پێنج ژمارەی لێ بڵاوکراوەتەوە.

- دەنگی کرێکار: بڵاوکراوەیەک بوو، ئاڵای شۆڕش لەساڵی (١٩٨٦)دا، دەریکردوە.

- ڕێگای ئاشتی و سۆسیالیزم: گۆڤارێک بوو لە بنچینەدا بە زمانی عەرەبی دەردەچوو. چاپە کوردییەکەی لەلایەن حزبی شیوعی عێراق- هەرێمی کوردستان، لە ساڵی (١٩٨٦)، لە سوریاوە، بڵاودەکرایەوە.

- ئاڵای ئازادی: ئۆرگانی ناوەندی حزبی سۆسیالیستی کوردستان- ئیتجاهی دیموکراتی شۆڕشگێڕ بوو و لە ساڵی (١٩٨٦)ەوە، بڵاو دەکرایەوە.

- ڕابەر: گۆڤارێک بوو، (ئەڵقەی ئەدیبانی کۆمۆنیست)، بەنهێنی لە شاری هەولێر، بە دەستنووس (بە کاربۆن لێی زیاد دەکرا) و بڵاو دەکرایەوە. لە ساڵی (١٩٨٧)، دەرچووە. ئەڵقەی ناوبراو، لەساڵی (١٩٨٧)، لەلایەن (عەبدوڵلا سلێمان مەشخەڵ، نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد، جەمال کۆشش)، دامەزراوە.

- ئاسۆی سۆسیالیزم: بڵاوکراوەیەک بوو، ڕێکخراوی (کۆمەڵەی تێکۆشەرانی کۆمۆنیست- کۆتک)، لەساڵی (١٩٨٧)، دەریاندەکرد. ڕێکخراوی ناوبراو، لە ساڵی (١٩٨٧)، لەلایەن (سالار ڕەشید، ڕەحمان داود، ڕێبوار ئەحمەد)، دامەزراوە. - پەیامی کرێکاران: ئاڵای شۆڕش- کۆنفرانس، (گروپی عیماد ئەحمەد و ئەبوبەکر خۆشناو)، لەساڵی (١٩٨٨)دا، دەریانکردوە. ڕێکخراوی ناوبراو، لە ئاڵای شۆڕش، جیا ببوونەوەو خۆیان بە (ئاڵای

شۆڕش- کۆنفرانس)، دەناساند.

- ئاڵا: ئاڵای شۆڕش- کۆنفرانس، لە ساڵی (١٩٨٨)دا، دەریدەکرد.

- خەباتی کرێکار: (کۆمەڵەی کرێکارانی یەکی ئایار)، لە ساڵی (١٩٨٩)دا، دەریانکردوە.

- ئاسۆی کرێکار: کۆمیتەی ڕێکخستنی هەولێری (ئاڵای شۆڕش)، بە نهێنی، لەناو شاری هەولێر، لە ساڵی (١٩٨٩)دا، دەریانکردوە.

- ئاڵای شۆڕش: ڕۆژنامەیەکی قەبارە گەورە (ئەی سێ) بوو، (ئاڵای شۆڕش)، لە ساڵی (١٩٩٠)دا، دەریاندەکرد.

- نۆژەن: گۆڤارێکی تیوری بوو، (ئاڵای شۆڕش)، لە زستانی (١٩٩١)، یەک مانگ پێش ڕاپەڕین، دەریکردوە.

لە دوای ڕاپەڕینی بەهاری (١٩٩١)، بەهۆی بەرقەرار بوونی ئازادی و نەمانی دەسەڵاتی ڕژێم لە کوردستاندا، چەندین گروپ و ڕێکخراوی چەپی مۆدێرن دروستبوون کە ئەندام و دامەزرێنەرانی زۆربەیان بە سیاسەتمەداری چەپی فارس (مەنسووری حیکمەت ١٩٥١-٢٠٠٢)، سەرسام بوون. لەژێر ڕۆشنایی نووسین و وتارەکانی ئەودا، خەباتیان دەکرد. گرنگترین گۆڤارو بڵاوکراوەی ئەم ڕیکخراوانە، لەم قۆناغەدا، ئەمانە بوون:

- هەواڵنامەی کرێکار: بڵاوکراوەیەک بوو، (هەستەی کرێکارانی سۆسیالیست)، لە ساڵی (١٩٩١)دا، دەریاندەکرد. ڕێکخراوی ناوبراو، لە کۆتایی نیسانی (١٩٩١)دا، دامەزراوە.

- بۆ پێشەوە: بڵاوکراوەیەک بوو، ڕێکخراوی (ڕەوتی کۆمۆنیست)، لەساڵی (١٩٩١)دا، دەریدەکرد. ڕەوتی کۆمۆنیست، لەساڵی ١٩٨٤دا، دامەزراوە.

- پەیامی کرێکار: هەڵسوڕاوی بواری خەباتی چەپ لە کوردستان، تاهیر حەسەن، لە ساڵی ١٩٩١ دا، دەریدەکرد.

- سەرنجی کرێکار: بڵاوکراوەیەک بوو، کۆڕو کۆمەڵ و ئەڵقە کرێکارییەکان لەساڵی ١٩٩١ دا، دەریاندەکرد.

- ئەدەبی کرێکاری: گۆڤارێکی ئەدەبی، خاوەن ئایدیای چەپ بوو، عەباس شوان، لەساڵی ١٩٩١ ، لە شاری سلێمانی دەریدەکرد. (٣٣) ژمارەی

لێدەرچووە.

- پرۆلیتاری: بڵاوکراوەیەک بوو، ڕەوتی کۆمۆنیست، لەساڵی ١٩٩١ دا، بڵاویدەکردەوە.

- ڕێبازی کارکەر: بڵاوکراوەیەک بوو، (کۆمەڵەی خەباتی سور)، بە کوردی (کرمانجی خواروو)، لەساڵی ١٩٩١دا، دەریاندەکرد.

- بڵێسە: بڵاوکراوەیەک بوو، (ئەڵقەی کۆمۆنیستی بڵێسە)، لەساڵی ١٩٩٢ دا، دەریاندەکرد. ئەڵقەی ناوبراو لەساڵی (١٩٨٥)دا، دروست بووە.

- دەنگی بێکاران: ڕێکخراوی یەکێتی بێکاران، لەساڵی ١٩٩٢دا، لە هەولێر دەریانکردوە. ڕێکخراوی ناوبراو، لە (١٩٩٢/٦/٢)دا، لەلایەن (عەبدوڵلا سلێمان مەشخەڵ)ەوە، دامەزراوە.

- شۆڕشی کرێکاری: بڵاوکراوەیەک بوو، (یەکێتی کرێکارانی کۆمۆنیست)، لەساڵی ١٩٩٢دا، دەریانکردوە.

- نینا: گۆڤارێکی ئەدەبی پرۆلیتاری بوو، لەساڵی (١٩٩٢)، لە هەولێر دەرچووە.

- هاوپشتی کرێکاری: بڵاوکراوەیەکی ئەنتەرناسیۆنالیستی کرێکاری بوو، لەساڵی ١٩٩٢دا، دەرچووە.

- دەنگی کرێکار: دەنگی ناڕەزایەتی کرێکارانی چیمەنتۆی شاری سلێمانی بوو، بەداخەوە نازاندرێ کەی دەرچووە. بەندە (نووسەری ئەم بابەتە)، ژمارە حەوتی بینیوە، بەڵام مێژووی دەرچوونی لەسەر نیە.

- کرێکارانی کۆمۆنیست: بڵاوکراوەیەک بوو، نازاندرێ کەی دەرچووە. دەڵێن سێ ژمارەی لێدەرچووە.

- زەنگ: بڵاوکراوەیەک بوو، یەک دوو ژمارەی لێدەرچووە. مێژووی دەرچوونی دیار نیە.

# سۆسیالیزم
# یان
# بەربەری

بڵاوکراوەیەکی کۆمۆنیستییە // نۆڤەمبەری ١٩٨٥ ژمارە ٢



## * ڕۆژهەڵاتی کوردستان:

لە ڕۆژهەڵاتـی کوردسـتاندا، چەمکـی چەپ و کۆمۆنیـستی لەنێـو کـۆمەڵگەی کوردیـدا، بـۆ (حزبـی تـودەی ئێـران، دەگەڕێـتەوە. کۆمەڵێـک لە ڕوونـاکبیرو تێکۆشەرانی کورد، کە دواتر هـاتونەتە ڕیزی (حزبی دیموکراتی کوردستان- ئێـران)، سـەرەتای خەبـاتی سیاسـییان لە (حزبـی تـودە)ەوە، دەسـت پێکـردوە. دکتـۆر عەبدولڕەحمان قاسـملو و غەنـی بلوریـان، دوو سیاسـەتمەداری دیـاری کـوردن و، سـەرەتای کـاری سیاسـییان لە (حزبـی تـودە)وە، بـووە. واتە، ئەوانە باکراونـدێکی چەپ و کۆمۆنیـستیان هەبـووە. لە سـەردەمی حـوکمی (شـا)دا، کۆمەڵێک گروپ و دەستەی هەڵگری ئایدیای چەپ لەسالّی (١٩٦٩)، (کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران- کۆمەڵە)، بە ڕەسمی ڕادەگەیەنن و درێژە بە خەباتی سیاسی، دەدەن.

پـاش ئەوەی کە شۆڕشـی ئیـسلامی ئێـران لەسـاڵی ١٩٧٩دا، بە ڕێبەرایەتـی (خـومەینی)، دەسـەڵات دەگرێتە دەست، نکوڵی لە مـافە نەتەوایەتیەکانی کورد دەکـات، لەپـاڵ (حزبـی دیمـوکراتی کوردسـتان- ئێـران)، کە هەڵگـری بیـری ڕزگـاریخوازی نەتەوەیـی بـوو، کۆمەڵێـک خەڵکـی تـری کـورد، (حزبـی کۆمۆنیستی ئێران- کۆمەڵە)، لەساڵی ١٩٨٣دا، دادەمەزرێنن و لەسـەر ڕێبازی مارکسیزم- لینینیزم، لەپێناو بنبڕکردنی چەوساندنەوەی چینایەتی و بەرقەرار کردنی کۆمەڵگایەکی ئـازادو بنیاتنـانی سۆسیالیزم، درێـژە بە خەبـاتی خۆیـان دەدەن.

دوای ئەم (حـزب و کـۆمەڵە)یە، (مەنـسوری حـیکمەت)، لەسـاڵی ١٩٩٠دا، (ڕەوتی کۆمۆنیزمی کرێکاری)، دادەمەزرێنێت، کە دواتر کـاریگەری کردە سـەر کۆمەڵێـک گەنجـی ڕۆژهەڵات و باشـوری کوردسـتان. لەژێـر ڕۆشـنایی نووسـینەکانی ئەودا، کۆمەڵێـک دەسـتەو گـروپ و ڕێکخـراوی کۆمـۆنیزمی کرێکاری، هـاتنە دامەزراندن. لەلایەن ئەم کۆمەڵ و حزبە چەپانەدا، کۆمەڵێک بڵاوکراوەو گۆڤار بڵاوکرانەوە، نموونەی:

- (مردم)، یـان (نـامەی مـردم): بڵاوکـراوەیەک بـوو (حزبـی تـودەی ئێـران)، لە ساڵی ١٩٧٩، لە (تاران)دا، بە زمانی کوردی، بڵاویدەکردەوە. ئەم بڵاوکراوەیە، چاپی فارسیشی هەبوو.



# DÊNGE KURDISTAN

BİJİ KURDISTAN A AZAD Ü DEMOKRATİK

PARTİMİZİN

1. GENEL

KONFERANSINI

SELAMLIYORUZ!

ORGANA WEŞANA NAVENDÎ A PARTIYA KOMUNIST A KURDISTAN

SAL: 15 HEJMAR:18 SIBAT/ADAR

www.arsivakurd.org

- شــۆڕش: بڵاوکــراوەیەک بــوو، (ســازمانی ئینقلابــی زەحمەتکێــشانی کوردستان- کۆمەڵە)، لە ساڵی ١٩٧٩دا، بە زمانی کوردی، بڵاویدەکردەوە.

- خبرنـامە: بڵاوکـراوەیەک بـوو، (سـازمانی کوردسـتانی حزبـی کۆمۆنیـستی ئێران- کۆمەڵە)، لەساڵی ١٩٧٩دا، بە زمانی فارسی، بڵاویدەکردەوە.

- پێشڕەو: ڕۆژنـامەیەک بـوو، هەمـان سـازمانی نـاوبراو، لەسـاڵی ١٩٨٣دا، بە زمانی کوردی، بڵاویدەکردەوە.

- پێـشەنگ: گۆڤـارێکی ئەدەبـی کرێکـاری بـوو، لە پـایزی ١٩٨٥دا، بە زمـانی کوردی، لەلایەن (کۆمەڵە)وە، بڵاودەکرایەوە.

## * ڕۆژئاوای کوردستان:

لە ڕۆژئاوای کوردستان (سـوریا)دا، هەر لەگەڵ لێکترازانـی (پـارتی دیمـوکراتی کورد لە سـوریا)، لە ناوەڕاسـتی شەسـتەکانی سـەدەی ڕابـردووەوە، باڵێک لەم پارتە جیابۆوەو، خۆیـان بە هەڵگری بیری چەپ و سۆسـیالیزم، ناسـاند. دوای ئەوان، کۆمەڵێـک گـروپ و ڕێکخـراوی چەپ، چ ئەوانەی لەنـاو وڵات، یـان ئەوانەی لە دەرەوەی وڵات، خەباتیـان دەکـرد، دروسـتبوونی خۆیـان ڕاگەیانـد، لە نموونەی:

- گرێدانا مارکسیستێن کورد: ئەم گروپە لە ڕۆژئـاوای کوردسـتان، لە شـاری (عەفرین)، گۆڤـارێکی ئەدەبی، کۆمەڵایەتی، یـان بە نـاوی (پێشـەنگ)، بە زمـانی کوردی، لەساڵی ١٩٧٦دا، بڵاودەکردەوە.

- هەمـان ڕێکخـراو، لەسـاڵی ١٩٧٧، لە ئەڵمانیـادا، ڕۆژنـامەیەکی سیاسـییان بە نـاوی (ڕێیـا ڕاسـت)، بە زمـانی کـوردی، بـڵاو دەکـردەوە، کە تـا سـاڵی (١٩٨٠)، توانراوە دوازدە ژمارەی لێدەربکەن.

- ڕێـک (آلطریـق): گۆڤـارێکی سیاســی و کولتـوری ســاڵانە بـوو، (پارتیـا سۆسیالیستا کورد ل سوریێ)، بە زمـانی کـوردی و عەرەبی، لەسـاڵی ١٩٧٧دا، دەریاندەکرد.

- الاشــتراکی: ڕۆژنــامەیەک بـوو، ئۆرگـانی (پارتیـا سۆسیالیـستا کـورد ل سـوریێ) بوو. لە سـاڵی ١٩٧٨دا، بە زمانی عەرەبی لە سـوریا، بڵاودەکرایەوە.

دواتر، شوێنی دەرچوونی بۆ ئەڵمانیا گواستراوەتەوەو، لەوێ بەردەوام بووە. ژمارە (١٤٥)ی لە ئەیلولی ١٩٩٩دا، دەرچووە.

- (طريق اليسار) و (فكر الجديد)یش، بە زمانی عەرەبی لە ڕۆژئاوای کوردستانەوە، دەرچووینە.

## * باکوری کوردستان:

لەم بەشە ستراتیژییەی کوردستاندا، لە ژێر کاریگەری پارتە سۆسیالیست و کۆمۆنیستەکانی تورکیادا، یەکەمین ڕۆژنامەی هەڵگری ئایدیای چەپ و سۆسیالیستی کوردی، لەساڵی ١٩٦٦دا، بە ناوی (ڕیبازی نوێ- یەنی ئاکیش)، لەلایەن (محەمەد عەلی ئەسلان)ەوە بڵاوکراوەتەوە. دوای ئەوە، وردە وردە ئەو کوردە چەپانەی کە لە ڕیزەکانی (پارتی سۆسیالیستی تورکیا)دا، خەباتیان دەکرد، لەگەڵ هەندێک چەپی تورک، لەساڵی ١٩٦٩دا، لە ئەنقەرەو ئیستانبول، (یانەکانی کولتوری شۆڕشگێڕی ڕۆژهەڵات- دۆغو دەڤرمچی کولتور ئۆجاغی)، کە کورتکراوەکەی (د. د. ک. ۆ)، بوویان دامەزراند. زۆربەی هەرە زۆری ئەندامەکانی کورد بوون. هەر زوو لە شارەکانی باکوری کوردستاندا، لقیان کردەوەو لەناو خەڵکدا، دەستیان بە خەبات کرد. پاش (د. د. ک. ۆ)، هەندێک چالاکڤانی سیاسی تر، لەنێوان ساڵانی (١٩٧٤-١٩٧٥)دا، دامەزراندنی (کۆمەڵەی کولتوری دیموکراتی شۆڕشگێڕ- دەڤرمچی دەمۆکراتیک کولتورو دەرنەگلەری)یان، دامەزراند. ئیدی لەمە بەدواوە، ساڵ لەدوای ساڵ، گروپ و ڕێکخراوی کۆمۆنیستی و چەپ، لەلایەن کوردەکانەوە، دادەمەزران، نموونەی:

- پارتیا سۆسیالیستا کوردستان- تورکیا: لە دێسێمبەری ١٩٧٤، لەلایەن (کەمال بورکای)و چەند هەڤاڵێکی ترەوە، دامەزرا.

- ڕێکخراوی ڕزگاری کوردستان: لەساڵی ١٩٧٦دا، زیاتر دەرکەوتن و ناسران. ئەندامەکانی، پێشتر لەچەند گروپێکی جیا جیادا، جیابوونەوە وەک: (پارتی کرێکارانی تورکیا)، (یانەی کولتوری شۆڕشگێڕی ڕۆژهەڵات).

- ڕێکخراوی کاوە: لە ساڵانی (١٩٧٦-١٩٧٧)دا، دامەزراوە.

- کۆمەڵی تێکۆشین: لەساڵی ١٩٧٨دا، دروست بووە.
- پارتی کرێکارانی کوردستان، کە دواتر ناوەکەی بۆ: (پارتی پێشەنگی کارگەری کوردستان) گۆڕدرا، لەساڵی ١٩٧٨دا، دامەزرا.
- پارتی کرێکارانی کوردستان- پ. ک. ک: بە ڕێبەرایەتی (عەبدوڵلا ئۆجەلان- ئاپۆ)، لەساڵی ١٩٧٨دا، دامەزرا.
- تەڤگەری سۆسیالیستی کوردستان: جولانەوەیەکی مارکسی- لینینی بوو، باوەڕیان بە سەربەخۆیی کوردستان هەبوو. ماوەیەک لەگەڵ (پ. ک. ک)، نێوانیان خۆش بوو. هەندێک هێزی چەکدارییان هەبوو کە لەژێر ناوی (لەشکری ڕزگاری کوردستان)، خەباتیان دەکرد. ڕۆژنامەیەکیان بەناوی (دەنگی وڵات)، دەردەکرد.
هەموو ئەم ڕێکخراوانە، تا کودەتای سەربازی ١٩٨٠/٩/١٢، بە نهێنی و ناوە ناوەش بە نیمچە ئاشکرا، ئەم گۆڤارو ڕۆژنامانەیان دەردەکرد:
- ڕێیا ئازادی (ئۆزگورلوک یۆلو): پارتیا سۆسیالیستا کوردستان- تورکیا، لەساڵی ١٩٧٥دا، بە زمانی تورکی و کوردی، بڵاویدەکردەوە.
- بروسک: ڕێکخراوی (مارکسیستێن- لینینیا کوردستان/باکور)، لەساڵی ١٩٧٧دا، بە زمانی کوردی و تورکی، بڵاویاندەکردەوە.
- پێشەنگ بۆ شۆڕش: پارتیا پێشەنگا کارگەریا کوردستان- تورکیا، لەساڵی ١٩٧٧دا، بڵاویان دەکردەوە.
- ئەم چی بکەین: (ڕێکخراوا مارکسیستێن شۆڕشگەرا کوردستان)، لەساڵی ١٩٧٨دا، بە زمانی کوردی و تورکی لە ئەڵمانیا، بڵاویاندەکردەوە.
- ڕۆژا وەلات: پارتیا سۆسیالیستا کوردستان- تورکیا، لەساڵی ١٩٧٧دا لە تورکیا بڵاویدەکردەوە. پاش قەدەغەکردنی، لەساڵی ١٩٧٩، لە ئەڵمانیا درێژەی بە بڵاوکردنەوەدا.
- کاڤا (کاوە): ڕیکخراوی کاوە، بۆ یەکەم جار لەساڵی ١٩٧٨ لە تورکیا، بڵاویدەکردەوە. دواتر گواسترایەوە سویدو بەزمانی کوردی و تورکی، بڵاودەکرایەوە.
- ئاڵا ڕزگاری: ڕێکخراوی ڕزگاریا کوردستان، لەساڵی ١٩٧٩دا، بەزمانی

تـوركی بڵاویـدەکردەوە. هەر زوو لەهەمـان سـاڵ بە بڕیـارێکی عەسـکەری، قەدەغە کرا.

- سـەرخوەبوون: پـارتی کرێکـارانی کوردسـتان، بە زمـانی تـورکی لەسـاڵی ١٩٧٩، دەریدەکرد.

دوای ئەوەی کودەتاچییەکـان، بە ڕێبەرایەتـی جەنەراڵ (کەنعـان ئێڤـرین)، لە ١٢ی ئەیلـولی سـاڵی ١٩٨٠دا، کودەتـای سـەربازییان ئەنجامـداو، دەسـەڵاتیان گرتە دەست، پێش هەمـوو شـتێک کەوتنە گیانی حزب و ڕێکخـراوە چەپەکان، بە تـایبەتیش کوردەکـان. لەنێـوان سـاڵانی (١٩٨٠-١٩٨٣)دا، زیـاتر لە حەڤـدە هەزار کوردیان، زیندانی کرد. بەدەیان سیاسـەتمەداریان لە سێدارەدا. لە سالّی ١٩٨٢یشدا، دەسـتورێکی تازەیـان نووسـیەوە. لە مـاددە سێی ئەم دەسـتورەدا هاتووە: (جگە لە زمـانی تـورکی، هەمـوو جۆرە زمـانێکی تر بۆ قسە کردن و نووســین، قەدەغەیە. دەوڵەتــی تورکیــا خــاک و مــیلەتەکەی یەک قەوارەیەو دابەش نابێت و زمانەکەشی تـورکییە). هەروەهـا لە ماددەی (٤٢)یشدا هـاتووە: (هـیچ بڵاوکـراوەیەک ڕێـگەی پێنـادرێ ئەگەر بە زمانێـک بێـت کە بە قـانون قەدەغە کرابێت).

لەسـایەی ئەم دەسـتورو حـوکمە عەسـکەرتارییەدا، ئەم دەنـگە کـزانەی کە جاروبـار لەمـلاو لەولا، دەبیـستران و نـاوە نـاوە، ڕۆژنـامە، یـان گۆڤارێکیـان بڵاودەکــردەوە، ئەمەش نەمــا. بەشــی زۆری چالاکڤــانە چەپەکــان، ئەوانەی زیندانی نەکرابـوون، توانیـان تورکیا جێبهێڵن و ڕوو لە ئەوروپا بکەن. ئەوانە، لە هەندەران، درێژەیـان بە خەبـاتی سیاسـی و کولتـوری شۆڕشـگێڕی خۆیـاندا. چەنـد ڕێکخراوێکـی تـازەی وەک: (یەکێتیـا کۆمۆنـستێن کوردسـتان) و (پارتیـا کۆمۆنـستێن کوردسـتان- ک. ک. پ)یـان، لە دەرەوەی وڵات، دامەزرانـد. ئەم ڕێکخـراوانەی پـێش و دوای کودەتـای ئەیلـول، دروسـتبوون، چ لە نـاوەوەی وڵات، چ لە هەنــدەران، بە گــوێرەی دەرفەت و زەمینەســازی، ئەم گۆڤــارو ڕۆژنامانەیان، بڵاوکردۆتەوە:

- دەنگــێ کوردســتان: پارتیـا کۆمۆنـستێن کوردسـتان (ک. ک. پ)، لەسـاڵی ١٩٨١دا، بەزمانی تورکی لە ئەڵمانیادا، بڵاویان کردۆتەوە.

- سەرخوەبوون: پارتی کرێکارانی کوردستان لەساڵی ١٩٨٢، لە ئەڵمانیا، بە کوردی و تورکی، دەریکردوە.
- بەرخودان: پارتی کرێکارانی کوردستان لەساڵی ١٩٨٣، لە سوید، بە کوردی و تورکی، دەریکردوە.
- راستیا کوردستان: یەکێتیا کۆمۆنستێن کوردستان، لەساڵی ١٩٨٧دا، بەزمانی تورکی لە ئەڵمانیادا، بڵاویانکردۆتەوە.
- ئاڵا یەکێتی: رێکخراوی کاوە، لەساڵی ١٩٨٨دا، لە ئەڵمانیا بەزمانی کوردی، بڵاویکردۆتەوە.
- تێکۆشینا سۆسیالیست: کۆمیتەی ناوەندی ڕێکخراوی (تێکۆشینا سۆسیالیست)، بەزمانی کوردی، لە وڵاتی سوید، بڵاویانکردۆتەوە.
- کوردستانلی مارکسیست: ئۆرگانی (بزوتنەوەی کۆمۆنیستی کوردستان) بووە. لەساڵی ١٩٩٠، بەزمانی تورکی لە بەریتانیادا، بڵاوبۆتەوە.
- (کەندال نەزان)یش، وەک خوێندکارێکی چەپی سەربەخۆ، لەساڵی ١٩٧٦دا، گۆڤاری (ئازادی)، بەزمانی کوردی، لە فەڕەنسا (پاریس)دا، بڵاوکردۆتەوە.

# ئەنجام

(١) هێنـــان و بڵاوکــردنەوەی فیکــری چەپ لە کوردســـتاندا، لەلایەن (حزبــی شیوعی عێراق)ەوە، هاتۆتە کوردستان.

(٢) یەکەم ڕێکخراوی چەپ لەسەرانسەری کوردستاندا، ڕێکخراوی (کۆمەڵی میللەت)، بووە، کە لەسالّی ١٩٤٣دا، دروستبووە. ئەندامەکانی، پێشتر لە ڕیزی (حزبی هیوا)دا، خەباتیان کردوە.

(٣) لە نێـوان ســالآنی (١٩٧٥-١٩٩٣)دا، (٦٧) ناوونیـشانی: (گۆڤـار، ڕۆژنـامە، بڵاوکراوە)ی هەڵگری فکری چەپ و کۆمۆنیستی لە کوردستان و دەرەوەیدا، دەرچــووینە، کە زۆرترینیـــان لە باشــوری کوردســـتاندا بـــووەو ژمارەیـــان گەیشتۆتە (٤٠) ناوونیشان و، هەمووشیان بە زمانی کوردی بووینە. ئەوانی تریش: (لە باکور: ١٦، لە ڕۆژئاوا: ٦، ڕۆژهەڵات: ٥).

(٤) لەڕوی ئەو زمانـــانەی کە بڵاوکراوەکانیـــان پــێ بڵاوکــراوەتەوە: ئەوانەی باشور، هەمووی کوردی بووینە. ئەوانەی تر: - باکور: شـەش بە کوردی و تورکی، سێ بە کوردی، پێنج بە تورکی.

- ڕۆژئاوا: سێ بە عەرەبی، دوو بە کوردی، یەک کوردی و عەرەبی بووە.

- ڕۆژهەڵات: دوو بە زمـــانی فارســـی، دوو بە کــوردی، یەک بە فارســـی و کوردی بووە.

(٥) قەبارەی زۆربەی ناوونیشانەکان، قەبارەی فۆلسکاپ، بووە.

(٦) هەندێک لە بڵاوکراوەکان بەدەست نووسراونەتەوەو تیراژیان سنوردار بووە.

(٧) ســێ تـا چـوار هەوڵــی تـاکە کەسـییە، ئەوانەی تـر لەلایەن ڕێکخــراوی سیاسییەوە، بڵاوکراونەتەوە.

(٨) ڕۆژنـامە، یـان گۆڤـاری (یەکێتـی تێکۆشـین)، بەیەکەم ڕۆژنـامەی چەپـی کوردی لە سەرتاسەری کوردستان، دادەنرێت.

# وێستگەکانی ڕۆژنامەگەریی کوردی لەدەڤەری بادیناندا (1950-1993)

بادینــان ئەم دەڤەرەیە کە لەڕوی پــێگەی جــوگرافییەوە، وا هەڵکەوتــووە؛لای باکور؛بۆتــان و هەکــاری بــاکوری کوردســتان. باشــووری ڕۆژهەڵات؛نــاوچەی ســۆران. باشــووری ڕۆژئاوا؛ســنووری پارێزگــای موســڵ. ڕۆژئاوا؛حەســەکەو قامیشلوی ڕۆژئاوای کوردستان. هەروەها ڕووباری (زێی گەورە)، بۆتە خاڵی جیــاکەرەوەی نــاوچەی ســۆران و بادینــان. خەڵــکەکەی بە بــادینی(بەهــدینی)، دەئاخــافن. بــادینی، یەکــێکە لەبێچــووە زارەکــانی دیــالێکتی کرمــانجی ژووروو. ســـەنتەری نــاوچەی بادینـــان، شـــاری (دهـــۆک)ە، کە لەســـاڵی(١٩٦٩)دا بـــۆتە پارێزگـا. ئەم دەڤەرە سـنوورێکی فراوانـی لەگەڵ شـاری موسـڵدا هەیە، جـاران بۆ بازرگانی کردن و کڕین و فرۆشـتن، خەڵکەکەی ڕوویـان لەم شـارە دەکرد. هەروەهـــا یەکـــێکە لەم دەڤەرانەی کوردســـتان، کە دەســـتی ســـەرکوتکردن و تەعریبکردنـــی زوو گەیـــشتوتێ. تـــا ڕاپەڕینـــی بەهـــاری(١٩٩١)، خوێنـــدن و نووسـین، سیسـتەمی پەروەردە، بەشـێوەیەکی سـەرەکی هەر بەزمـانی عەرەبی بــووە. هەر لەبەر ئەوەش، بزاڤــی ڕۆژنــامەگەریی کــوردی لەم دەڤەرەدا، بە درەنگەوە کەوتۆتە سەرپێ و دەرکەوتن. بۆ دەستنیشانکردنی خاڵی دەستپێک، ئەوەی تــا ئێــستاکە ســاغ بــۆتەوە، ئەوەیە؛کە یەکەم کــاری ڕۆژنــامەگەریی کوردی، بڵاوکراوە یان ڕۆژنامەی(ئاکرێ)یە.


ئــاکرێ، ڕۆژنــامەیەکی هەفتــانە بــوو لەلایەن قائیمقــامیەتی شــاری ئــاکرێ بڵاودەکــرایەوە. خــاوەن و سەرنووســـەری(شــاکر فەتــاح١٩١٤-١٩٨٨)بــوو. نـاوبراو ئەم کـاتە قائیمقامی قەزای ئاکرێ بووە. ئامـانجی ڕۆژنـامەکە زێتـر بە مەبەستی هوشیارکردنەوەی نەتەوەیی و پاک و خاوێن ڕاگرتنی شـارو ژینگەو گەیانــدنی هەواڵ و ئاگاداریییەکــانی حکــومەت بــووە بە هاوڵاتییــان. ئەو بە دەســتخەتی خــۆی دەینووســییەوە، بە تــایپڕایتەر چــاپی دەکــردو لە شــوێنە

دیارەکـانی ئـاکریَ بە دیوارەکـانی شـاردا، هەڵدەواسـرا. یەکەم ژمـارەی ئەم ڕۆژنـــامەیە لە(١٩٥٠/٩/١٥)دا دەرچـــووە. ژمـــارە دە دواژمـــارە بـــووەو لە(١٩٥٠/٩/١٥)دا، دەرچووە"١".

شـــاکر فەتـــاح، هەر دە ژمـــارەکەی لەبەرگێـــک و لەشـــێوەی کتێبێکـــدا، لەساڵی(١٩٨٤)، لە بەغدا چاپ و بڵاوکردۆتەوە.

ئیـدی پـاش هەشـت سـاڵ خامۆشـی لەم دەڤەرەدا، دوو بڵاوکـراوەی تـر بەزمـانی عەرەبـی، لەسـاڵی(١٩٥٨)دا، دەردەچـن. یەکەمیـان؛ (الـصرخە)، بڵاوکراوەیەکی نهێنی بوو، لیژنەی یەکێتی گشتیی قوتابیانی حزبی شیوعی عێراق، لەخوێندنگای ئامادەیی کاوە لە دهـۆک، دەریدەکرد. دووەمیان؛(الغد)، بڵاوکـراوەیەک بـوو ئامـادەیی دهـۆک، دەریـدەکرد. لەمـاوەی بیـستوپێنج سـاڵدا(١٩٥٠-١٩٧٥)دا، تەنهـا(١٠) گۆڤـار، ڕۆژنـامە، بڵاوکـراوە، لەم دەڤەرەدا دەرچـووینە کە ئەمـانەن؛(ئـاکرێ١٩٥٠، الغـد١٩٥٨، الـصرخە١٩٥٨، الثقـافە١٩٦٣، دەنگـــی کوردســـتان١٩٦٧، التقـــدم-پێـــشکەفتن١٩٧١/١/١٥، چیـــا١٩٧١، ڕەوشـەن١٩٧٢، هیڤـی١٩٧٣، چرایـێ گەش١٩٧٣)"٢". لەدەرکردنـی ئەم گۆڤـارو ڕۆژنامـانەدا، هەوڵـی تـاکە کەسـی و ڕێکخستنەکانی حزبی شـیوعی عێـراق و پارتی دیموکراتی کوردستان و قوتابخانەکان، ڕۆڵێکی بەرچاویان بینیوە، هەر ئەوانیش خاوەنیان بوون.

پـاش تێکچـوونی دانوسـتاندنی نێـوان حکـومەتی عێـراق و سـەرکردایەتی سیاسـی ئەم کـاتی کـوردو بەرپـابوونی شـەڕو، خـامۆش بـوونی. جـارێکی تـر، لەسـاڵی(١٩٧٦)دا، شـۆڕش لە کوردسـتاندا هەڵدەگیرسـێتەوە. ئەمجارەیـان لەجیاتی تاک حزبی، چەندین حزب و ڕێکخراوی سیاسـی، دروسـت دەبن. هەر یەکەو بڵاوکـراوەو گۆڤـارو ئۆرگـانی خۆیـان دەبێـت. لەپـاڵ حـزبە سیاسـییە نهێنیەکانیـشدا، ڕێکخـراوە مەدەنـی و پیـشەییەکان، لەژێـر سـێبەرو سانـسۆری ڕژێـم، کـاری ڕۆژنـامەگەریی خۆیـان دەکەن. لەنێـوان سـاڵانی(١٩٧٥-١٩٩١)، لەمـاوەی شـازدە سـاڵدا، بیستوپێنج ناوونیشانی تـازە دەردەچـن، کە یەکەمیـان بڵاوکراوەی(لاوان)ە. لاوان؛بڵاوکراوەیەکی مانگانە بـوو، لیژنەی ڕۆشـنبیری لە بەڕێوەبەرێتی لاوانـی دهـۆک، دەریـدەکرد. یەکەم ژمـارەی بەزمـانی کـوردی و





اذار شهر العطاء والامجاد

بهدينان

عەرەبی، بە ئامێری چاپ، لەنیسانی(١٩٧٥)دا دەرچووە. ژمارە دوازدەی لەساڵی(١٩٧٧)دا، دەرچووە. بڵاوکراوەکانی ئەم فەترە زەمەنیە ئەمانەبوون؛ (لاوان١٩٧٥، الشموع١٩٧٦، الشعله١٩٧٨، الغد المشرق١٩٧٨، پەیڤ ١٩٨٠، النصير الثقافی ١٩٨٠، فجرالنصير ١٩٨١، ئەلندا پێشمەرگەی١٩٨١، مەتین ١٩٨١، هرور ١٩٨١، الانتفاضه١٩٨٢، ڕێیاسەرکەفتنێ١٩٨٣، گازیا خوێندکارا١٩٨٣، بەهدینان١٩٨٣، دۆزا گەل ١٩٨٣، الانتفاضە ١٩٨٤، دەنگ ڤەدانا لاوان١٩٨٤، دەنگێ مە ١٩٨٥، خابور١٩٨٦، الرافد١٩٨٦، گازیا خوێندکارو لاوان١٩٨٦، طريق الاتحاد١٩٨٦، دهۆک١٩٨٧، اخبار مەتین١٩٨٨).

لە دەستپێکی ڕاپەڕینی بەهاری(١٩٩١)یش تاوەکو ساڵی(١٩٩٣)، کە دەکاتە بیستویەک مانگ، (٢٧) ناوونیشان لەدەڤەری بادینانـدا، دەرچوویـنە کە ئەمانەن؛ (بۆتان ١٩٩١، خابوور١٩٩١، تیرۆژ١٩٩١، پێلا سەربەست١٩٩١، الانصات١٩٩١، دەنگ ڤەدانا خوێندکارو لاوان١٩٩١،

ســەرهلدان١٩٩١، پــرس١٩٩١، نوخــازی١٩٩١، الانــصات١٩٩١، ئــادار١٩٩١، سەرەدان١٩٩١، الاعتصام١٩٩١، الاتحاد١٩٩٢، چەلەنگ١٩٩٢، خالخالۆک١٩٩٢، نەورۆز١٩٩٢، فولکــان١٩٩٢، ئــاکرێ١٩٩٢، میــدیا ١٩٩٢، ڕاســتەڕێ١٩٩٢، بەردەڕەشــی نــوێ ١٩٩٢، بزاڤــا ئیــسلامی١٩٩٢، چەپەر١٩٩٢، ئەلنــد ١٩٩٢، پەرلەمان١٩٩٢، مهاباد ١٩٩٢).

بـۆ کـۆکردنەوەی ئەم پانۆرامــایەی مێــژووی ڕۆژنــامەگەریی کــوردی لە دەڤەری بادیناندا، دەتوانین زۆر بەکورت داتاکان بەم شێوەیە پۆلێن بکەین و بیانخەینە ڕوو؛

یەکەم// لەخــاڵی دەســتپێکەوە(١٩٥٠/٧/١٥)، تــاوەکو ســاڵی(١٩٧٥)، تەنهــا دە ناوونیشان دەرچووینە، کە؛ چواریان بەزمانی عەرەبی و چواریان بە کوردی وعەرەبـی و دوو دانەیـان بە کـوردی بـووینە کە ئەوانیش؛ڕۆژنـامەی(ئـاکرێ) و(چیـا) بـووینە. لە مـاوەی بیـستوپێنج سـاڵی تەواودا، تەنهـا دە ناوونیـشان دەرچووینە. واتا؛بۆ هەر دوو ساڵ و نیوێک، تەنها ناوونیشانێک دەرچووە.

دووەم//لە ئـازاری(١٩٧٥)ەوە تـاوەکو ئـازاری(١٩٩١)، لەمـاوەی شـازدە سـاڵدا، بیستوپێنج ناوونیشانی جۆر بەجۆر دەرچووینە کە؛ نۆزدە دانەیـان بە نهێنـی لەلایەن حــــزبە کوردســــتانی و عێراقییەکــان، لەشــاخ دەرچــووینە. شـــەش دانەی تریـــشیان لەژێـــر سانــسۆری ڕژێمــدا دەرچــووینە. پـێچەوانەی مـاوەی نێـوان (١٩٥٠-١٩٧٥)، چـــالاکی ڕۆژنـــامەگەریی کــوردی زۆر بەجــۆش و گــوڕتر بـــووە، کە لەهەر حەوت مانــگ و نیوێکـدا ناوونیـشانێک دەرچــووە. لەڕووی ئەم زمانـــــــــانەی کە بڵاوکراوەکانیـــــــان پـــــێ بڵاوکراونەتەوە؛دوازدە دانە کوردی



و عەرەبی، نۆ دانە عەرەبی، تەنها چوار دانە سەربەخۆ بەزمانی کوردی بووینە.
سێیەم//لە مانگی ئازاری(١٩٩١)ەوە تاوەکو ساڵی(١٩٩٣)، لە ماوەی بیستویەک مانگدا، پاش ڕاپەڕین و بەرقەراربوونی ئازادی ڕادەربڕین و خۆڕێکخستن لە حزب و ڕێکخراوی سیاسی جیا جیادا، هەروەها نەمانی ڕژێم لەم دەڤەرەدا، لەماوەی بیستویەک مانگدا، (٢٧)، ناوونیشان بڵاوکراونەتەوە. بە بەراورد کردن بەماوەی نێوان(١٩٧٥-١٩٩١)، گەشەکردنەکە، زۆر خێراترو بەرچاوتر بووە. ئەگەر لەماوەی دەستپێکی شۆڕشی تازە تا ڕاپەڕین، لەهەر حەوت مانگ و نیودا، یەک بڵاوکراوە دەرچووبێت، ئەوا لە بیستویەک مانگی ڕاپەڕیندا، لە هەر سێ هەفتەیەکدا، بڵاوکراوەیەک دەرچووە. لەم بیستوحەوت ناوونیشانانەی سەردەمی ڕاپەڕیندا؛سێزدە دانەیان کوردی و عەرەبی، یازدەیان تەنها کوردی، سێ دانەیان بەزمانی عەرەبی بووینە.

## ئەنجام؛

-لەهەرسێ قۆناغەکەدا، قۆناغ لەدوای قۆناغ، چالاکی ڕۆژنامەگەریی کوردی، فراوانترو هەڵکشاوتر بووە. لەگەڵ فراوانبوونیشی، زێتر گرنگی بەزمانی کوردی داوەو بڵاوکراوەکان بەم زمانە، بڵاوکراونەتەوە.
-لەقۆناغی(ئازاری١٩٧٥-١٩٩٣)دا، پەنجاودوو ناوونیشانی هەمەلایەنەی (سیاسی، ئەدەبی، خوێندکاری، پەروەردەیی، بۆنەی تایبەت)، دەرچووە. لەڕووی زمانی دەرچوونیانەوەش، دەتوانین وا پۆلینیان بکەین؛ بیستوپێنج دانە کوردی و عەرەبی، کە دەکاتە نیوەی سەرجەم ژمارەکان. پازدە دانە کوردی. دوازدە دانە عەرەبی.
-لەسەرەتای کاروانەکەدا، بڵاوبوونەوەو خواست لەسەر زمانی عەرەبی بە پلەی یەکەم بووە، هەڵبەتە ئەمەش هۆکارو باکگراوندی خۆی هەبووە، کە دیارترینیان خوێندن و نووسین و پرۆسەی پەروەردەو فێرکردن، لەم دەڤەرەدا، تا ڕاپەڕین هەر بەزمانی عەرەبی بووە. وێڕای ئەمەش، هاوسێیەتی عەرەب و فراوانبوونی پرۆسەی تەعریب، کارکردەی خۆی هەبووە.

لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا، لەماوەی بیستویەک مانگی ڕاپەڕیندا، دەبێت دان بەوەدا بنێین کە بەکارهێنانی زمانی کوردی لەبواری ڕۆژنامەگەرییدا، لەجێگای خۆیدا نەبووە. بەگوێرەی قۆناغەکەو بەرقەراربوونی ئازادی و حوکمی خۆسەریێتی، خواستەکانی پاراستنی زمانی کوردی، نەهاتۆتە دی.

-هەڵبەت ڕاپەڕین، پرۆسەی گەشەکردن و زیاتر کردنی ناوونیشانەکان و بەکوردی کردنیانی، خێراتر کردووە، کە هەموو کەسێک هەستی پێدەکات. لەم ڕووەوە دەگوترێت؛(لەسەرەتای سەدەی بیستەمەوە تا ڕاپەڕینی ساڵی١٩٩١، لەهەموو ناوچەکانی دەڤەری بادیناندا بە بڵاوکراوەی ڕۆشنبیریی و حزبییەوە تەنها٢٢ ، بڵاوکراوە دەرچووە لەوانە هەشتیان بەزمانی عەرەبی دەرچوون و پێنجیان بەزمانی کوردی و عەرەبی دەرچوون. کەچی پاش ڕاپەڕین تەنها لەماوەی ١٥ساڵدا ٨٢ ڕۆژنامەو گۆڤار لەم دەڤەرەدا دەرچوون و کاریگەریی گەورەیان هەبووە)"٣".

خاوەنی ئەم بۆچوونەی سەرەوە(ئەحمەد میرە)ی ڕۆژنامەنووسە. لەخستنە ڕووی ئەم داتایەی ناوبراودا، بەهەڵەداچوونێک بەدی دەکەم. بۆیە لە پەراوێزی ئەم بابەتەدا، کە تایبەتە بە دەڤەری بادینان، حەز دەکەم لەبارەی پەرەگرافی یەکەمی بۆچوونەکەی ناوبراودا، ڕاستییەکەی بخەمەڕوو. ئەو، پێیوایە؛لەسەرەتای سەدەی بیستەمەوە(کاتی دەرچوونی یەکەم ڕۆژنامە لەدەڤەری بادینان لەساڵی ١٩٥٠، دا-ئیسماعیل)، تاوەکو ڕاپەڕینی ساڵی(١٩٩١)، تەنها بیستودوو بڵاوکراوە دەرچووە، کەچی لەڕاستیدا(٣٥)، بڵاوکراوەیە.


**<u>سەرچاوەکان؛</u>**

**(1)جەمال خەزنەدار؛ئینسکلۆپیدیای ڕۆژنامەگەریی کوری، بەرگی یەکەم، ئەلف، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر، ٢٠١١، ل ٥٨، ٥٩.**

**(2)ناوی بڵاوکراوەکان لە؛وەسفی حەسەن ردێنی؛ڕۆژنامەگەریا دەڤەرا بەهدینان ١٩٥٠-٢٠٠٥، چاپا ئێکێ، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر، ٢٠٠٦، ل١٥-٢٤، وەرگیراون.**

**(3)ئەحمەد میرە؛کاریگەریی بزوتنەوە ڕۆشنبیری و ئەدەبیە کوردییەکان لەسەر کۆمەڵگای کوردی باشووری کوردستان ١٩٧٠-٢٠٠٣، چاپی یەکەم، سلێمانی، ٢٠١٢، ل٢٢٥-٢٢٦.**

# ڕۆژنامەگەریی چوار پارتی کوردستانی (١٩٧٥-١٩٩٣)

یەکێتی نیشتیمانیی کوردستان، پارتی دیموکراتی کوردستان، حزبی دیموکراتی کوردستان- ئێران، پارتی کرێکارانی کوردستان، ئەم چوار حزبەی سێ پارچەی کوردستان، لە گەشەپێدان و دەوڵەمەند کردنی کاروانی ڕۆژنامەگەریی کوردیدا، ڕۆڵێکی کاریگەریان هەبووە، بەتایبەتیش لە فەترە زەمەنی ساڵانی(١٩٧٥-١٩٩٣)دا. لەم هەموو پارت و ڕێکخراوە سیاسییانەی سەر گۆڕەپانی خەباتی سیاسیی و چەکداری کوردستاندا، بۆیە ئەم چوار حزبەمان هەڵبژاردووە، چونکە؛-

- لەڕووی بنکەی جەماوەرییەوە، ئەندام و لایەنگرو هەواداری زۆریان هەبووەو هەیە. جگە لەمەش، لە بواری چالاکی سیاسیی و کاری پێشمەرگایەتیدا، ڕۆلی کاریگەریان هەبووە لە تۆقاندن و زەبر وەشاندن لە ڕژێمە داگیرکەرەکانی کوردستاندا و-هەندێک جار- ناچارکردنیان کە دان بە داخوازییە ڕەواکانی نەتەوەکەماندا بنێن- ئەگەر بۆ کاتێکی کەم و تاکتیکیش بوو بێت-.
- لەڕووی سیاسییەوەش، بەهۆی ئەم حزبانەوە، کێشەی ڕەوای کورد(بەتایبەتیش لەدەرەوە)، زێتر ئاشنای شەقامی ئەوروپی کراوەو هاریکاری و سۆزی ئەوانی بۆ ڕەوابوونی کێشەکە، دەستەبەر کردووە.
- ڕێبەرە پلە یەکەکانی ئەم حزبانە بوونەتە ناسنامەیەک بۆ نەتەوەکەمان و بەهۆی ئەوانەوە کێشەکە زێتر ناسێندراوە. کەم بێگانە هەیە - ئەگەر سەرەداوێکی لەگەڵ سیاسەت و خوێندنەوە هەبووبێت- ، ناوی تاڵەبانی و بارزانی و ئۆجەلان و قاسملوی نەبیستبێت.
- هەتا ئەمڕۆشی لەگەڵدا بێت، هەر ئەوان گۆڕەپانەکەیان کۆنترۆڵ کردووە، جا چ بە ڕێگای هەڵبژاردنەوە بێت، نموونەی باشووری کوردستان، یان بنکە فراوانی جەماوەرەکەیان وەک ئەوەی باکور و ڕۆژهەڵات.

که تەنها ناوی ئەم چوار حزبە دێنین، وەنەبێت ڕۆڵی حزب و ڕێکخراوە سیاسییەکانی تر لە خەباتی چەکداریدا، نادیدە بگرین، بەڵکو تەنها ئەوانە وەک نموونە وەرگیراون، لەبەر ئەم هۆکارانەی کە ئاماژەمان پێکردوون. ئەم چوار حزبە وەنەبێت تەنها ئەم ناوونیشانە ڕۆژنامەگەرییانەیان بڵاوکردبێتەوە، کە ئێمە لەخوارەوە باسیان دەکەین. . . نا، زۆر ناوونیشانی تریشیان دەرکردووە، بەڵام ڕاستەوخۆ ناوی ئەوانی لەسەر نییە. ئێمە تەنها ئەوانەمان هەڵبژاردوون کە ڕاستەوخۆ ناوی ئەوانی لەسەرە، یان ئەوان خاوەنی ڕاستەقینەی بێ ئەملاو ئەولای بوون. . . دەنا؛ هەر یەکێک لەم چوار حزبە ناوهاتییە بگری، چەندین ڕێکخراوی پیشەیی وابەستە بەخۆیان هەیە، نموونەی؛ ئافرەتان(ژنان)، قوتابیان(خوێندکاران)، مامۆستایان، هونەرمەندان، مافناسان، . . . . . تاد. ڕاستە ئەم ڕێکخراوانە بانگەشەی سەربەخۆبوون دەکەن و ناوی حزبەکانیان لەسەر بڵاوکراوەکانیاندا، نانووسن، وەلێ لەمیانەی بابەت و هەڵوێست و وتارەکانیاندا، ڕاستییەکان، ڕوونتر دەبنەوە. یان لەم کاتانەی کە حزبەکانیان بە قۆناغێکی سەخت و ناسک و چارەنووسسازدا تێدەپەڕن، ئەم ڕێکخراوانە، بێ سڵەمینەوە، خۆیان لە حزبەکانیان بەخاوەن دەکەن.

## یەکێتی نیشتیمانیی کوردستان

لە ڕێکەوتی ١٩٧٥/٥/٢٢، هەر یەکە لە مام جەلال و د. فوئاد مەعسوم و عەبدولڕەزاق عەزیزو عادل موراد، لەشاری (دیمەشق)دا، کۆبوونەتەوەو ڕێکخراوی(یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان)یان، دامەزراندووە. یەکەمین بەیانی فەرمی ڕاگەیاندنی دامەزراندنیان لە ١٩٧٥/٦/١دا، بڵاوکردۆتەوە. پاش ئەوەی (کۆمەڵەی مارکسی-لینینی کوردستان) و (بزووتنەوەی سۆسیالیستی دیموکراتی کوردستان)، پەیوەندی بە (یەکێتی) تازە دامەزراو دەکەن، ئەم ڕێکخراوە دەبێتە نیمچە بەرەیەک. تا بەستنی یەکەم کۆنگرە لەساڵی١٩٩٢ دا، وەک ڕێکخراوێکی نیمچە بەرەیی بیروڕا جیاواز، خەباتی کردووە. پاش ئەم کۆنگرەیە، بۆتە یەک ڕێکخراوی سیاسی خاوەن یەک بەرنامەو ئایدۆلۆژیاو

پەیڕەوو پرۆگرام. تا ئێستاکە سێ کۆنگرەی بەستووە. لە هەڵگیرساندنەوەی شۆڕشی نوێدا، ڕۆڵێکی کاریگەرو بەرچاوی هەبووە. باوەڕی بە سۆسیال دیموکرات و عەدالەتی کۆمەڵایەتی هەیە، لەم پێناوەشدا درێژە بە خەبات دەدات.

لەڕووی کاری ڕۆژنامەگەرییەوە، (ئەلشەرارە)، یەکەم بڵاوکراوەی ئەم ڕێکخراوەیە. ئۆرگانی ناوەندی ئەم ڕێکخراوە بووە. یەکەم ژمارەی لە تشرینی دووەمی١٩٧٥ دا، بەزمانی عەرەبی، لە دیمەشق دەرچووە. یەکێتی، تا کۆتایی ساڵی ١٩٩٢، (٤٦) گۆڤار و ڕۆژنامەو بڵاوکراوەی بە زمانەکانی؛ کوردی، عەرەبی، ئینگلیزی، هۆڵەندی، ئەڵمانی، دەرکردووە. دوا بڵاوکراوەی ڕۆژنامەی(ئەلئیتحاد)ە. ئەم بڵاوکراوانە، (٣٠)یان بەزمانی کوردی، (٩) بە عەرەبی، (٤) بە ئینگلیزی، (٢) بە هۆڵەندی، (١) بە ئەڵمانی بووینە. یازدە دانەیان لەساڵانی١٩٩١ و١٩٩٢ دا، دەرچووینە. ڕیزبەندی بڵاوکراوەکانی یەکێتی بە پێی کات، بەم شێوەیەیە؛ (ئەلشەرارە ١٩٧٥، ڕێبازی نوێ ١٩٧٦، دەنگی یەکێتی١٩٧٦ ، زی سپارک ١٩٧٧، بەلاغی عەسکەری ١٩٧٧، ئاڵای شۆڕش ١٩٧٧، لێتینسەلە ١٩٧٧، کۆمەڵە١٩٧٨ ، ڕاپەڕین- سوید ١٩٧٨، کۆمەڵە- ئەورووپا ١٩٧٨، هەواڵنامەی کوردستانی عێراق ١٩٧٨، ئاڵا- ئەمەریکا١٩٧٩ ، دێر فونکە-ئەڵمانیا ١٩٧٩، هەواڵنامەی کوردستان لە ڕۆژنامەکانی ئەورووپادا- ئەورووپا ١٩٨٠، ئەلخەلیج- کوێت١٩٨٠ ، ئەلخەنادق ١٩٨٠ ، بزووتنەوە ١٩٨٠، دەڤۆنک ئوت کوردستان- هۆڵەندا١٩٨١، سۆسیالیست ١٩٨١، پێشمەرگە ١٩٨٢، سەوت ئەلئسبوع١٩٨٢ ، ڕاپەڕین ١٩٨٢، ئەلئیتحاد-سوریا . هۆڵەندا١٩٨٢، کۆسار١٩٨٣، کوردایەتی ١٩٨٣، سەنگەر١٩٨٣ ، هەڵوێست ١٩٨٣، کیفاح ئەلئەنسار-ئەورووپا ١٩٨٣، دەنگی شۆڕشی عێراق ١٩٨٣، زی تۆرخ-ئەمەریکا ١٩٨٤، ڕۆشنبیری ١٩٨٤، ڕزگاری ١٩٨٥، ئەرکی نوێ- سوید ١٩٨٧، زی کوردستان فۆکوس- بەریتانیا١٩٨٩ ، ئەستێرەی کوردستان- ئەمەریکا١٩٨٩ ، بابەگوڕگوڕ١٩٩١ ، سەرهلدان ١٩٩١، پەیامی نوێ ١٩٩١، بابەگوڕگوڕ کەرکوک ١٩٩١، ئەلئیعتسام١٩٩١ ، کوردستانی نوێ ١٩٩٢، ئەلئیتحاد-دهۆک ١٩٩٢، سیاسەتی دەولی ١٩٩٢، پەرلەمان- دهۆک ١٩٩٢، کوردستان تایمز١٩٩٢ ، ئەلئیتحاد- هەولێر ١٩٩٢).

## پارتی دیموکراتی کوردستان

پـارتی دیمـوکراتی کوردسـتان-عێـراق، له ڕێکەوتـی ١٩٤٦/٨/١٦، لەشـاری بەغـدا، له ئەنجـامی یەکگرتنـی سـێ ئاراسـتەی جیـاواز(چەنـد سـەرۆک عەشیرەتێکی خەباتگێڕ، کۆمەڵێک سیاسـەتمەدارو ڕووناکبیری ناسیۆنالیست، چەنـد سـەرکردەو ڕوونـاکبیرێکی هەڵگـری بیروبـاوەڕی مارکسـی و سۆسیالیستی)، له کۆنگرەیەکدا، دامەزراندنی خۆی ڕاگەیاند. خاوەنی شۆڕشی ئەیلـول(١٩٦١-١٩٧٥)ە. یەکـێکە لە لایەنە کاریگەرەکـانی شۆڕشـی نـوێی گەلەکەمان (١٩٧٦-١٩٩١). تا ئێستاکە سێزده کۆنگرەی بەستووە.

لەڕووی ڕاگەیانـدنەوە، جـگە لە ئێـستگەکەیان(دەنگـی کوردسـتانی عێـراق)، کۆمەڵێک گۆڤارو ڕۆژنامەو بڵاوکراوەی هەمە چەشنی بڵاوکردۆتەوە. یەکەم بڵاوکـراوەی (پـارتی)، ڕزگـاری بـووە. (ڕزگـاری)، ئۆرگـانی ناوەنـدی پـارتی دیمـوکراتی کـورد - پاشـان کوردسـتان-ە. یەکەم ژمـارەی له ئەیلولی١٩٤٦ دا، دەرچـووە. یەکەم بڵاوکـراوەی ئەم فەتـرە زەمەنـیەی کە ئـێمە باسـی لێـوە دەکەیـن(١٩٧٥-١٩٩٣)، (زۆزک)ە. زۆزک، بڵاوکراوەیەکـی هەواڵـی وەرزیـی بـوو، لقـی ئەوروپـای پـارتی دیمـوکراتی کوردسـتان له ئەڵمانیـا بە زمـانی عەرەبـی، دەریکـردووە. ژمـارە شەشـی دەکەوێـتە ئەم فەتـرەیەی کە ئـێمە لەسـەری دەدوێـین. ژمـارە شـەش لە شـوباتی ١٩٧٦دا، بە چـوار لاپەڕە دەرچـووە. ئەمە یەکەمـین بڵاوکـراوەی پـارتییە لە شۆڕشـی گوڵانـدا. دوای زۆزک، ڕۆژنامەی (خەبات) دێت. ژمارە (٥٢٦)ی خەبات - کە دەبوو لەسـەری بنووسـرابایە ژمـارە ٥٢٨- لە ١٩٧٦/٧/١دا، دەرچـووە. شـایانی گـوتنە؛ ژمـارە(٥٢٧)، دوا ژمـارەی خەبـات بـووە کە لەدوا ڕۆژەکـانی شۆڕشـی ئەیلـول لە١٩٧٥ دا، دەرچووە.

پـارتی دیمـوکراتی کوردسـتان، لەسـەرەتای شۆڕشـی نوێوە تـا کۆتـایی سـاڵی ١٩٩٢، (٢٣) بڵاوکـراوەی دەرکـردووە، کە دەتـوانین بەم شـێوەیە پۆلینیـان بکەیـن؛ (زۆزک- ئەڵمانیـا ١٩٧٦، خەبـات ١٩٧٦، صـدا خەبـات- ئەوروپـا١٩٧٦ ، پێـشمەرگە- بەزمـانی ئینگلیـزی- ئەوروپـا ١٩٧٧، زاگـرۆس-ئەمەریکـا ١٩٧٨،

ئەخبـار کوردسـتان ١٩٨٠ - لە دوو چـاپی جیـاوازی کـوردی و عەرەبـی-، سـەفین١٩٨٠ ، مەتـین١٩٨١ ، ولات-ئەوروپـا ١٩٨٢، گۆڤـاری شـەهیدانی کوردستان ١٩٨٢، صدا کوردستان -لوبنان ١٩٨٣، دەنگی کوردستان ١٩٨٣، بابە گورگورِ ١٩٨٤، رِزگاری- ئێران ١٩٨٤، ئەزمر ١٩٨٥، کوردستان تودەی- ئەمەریکا ١٩٨٧، ئەخبار مەتین ١٩٨٨، ئەلئەنسات- دهۆک ١٩٩١، ئەلئەنسات- ئاکرێ ١٩٩١، سەرەدان ١٩٩١، دەروازە ١٩٩٢، سپێدە- ئێران ١٩٩٢، مەهاباد- سلێمانی-؟-). بڵاوکراوەکـانی پـارتی بە زمانەکـانی؛ کـوردی و عەرەبـی و ئینگلیـزی بـووینە. لەم (٢٣) دانەیەدا؛ (٨)یـان لە دەرەوەی کوردسـتاندا دەرچـووینە. هەروەهـا (٥) دانەشـیان لە سـاڵەکانی ١٩٩١ و١٩٩٢ دا، دەرچووینە.

## حزبی دیموکراتی کوردستان-ئێران

لە رێکەوتـی ١٩٤٥/٨/١٦، بە رێبەرایەتـی پێشەوا (قـازی مـحەمەد)، لە شـاری مەهاباد، دامەزراوە. خـاوەن دیدگاو ئایدۆلۆژی نەتەوەیی، دیموکراتە. چەنـدین جـار کەرت بـوون و لێکتـرازان، لە رِیزەکانیـدا، رِوویـداوە. یەکەم کـاری رِۆژنامەگەریی ئەم حزبە، رِۆژنـامەی (کوردسـتان) بـووە. کوردسـتان؛ ئۆرگـانی ناوەندی حزبی دیمـوکراتی کوردسـتان- ئێرانە. یەکەم ژمـارەی لە ١٩٤٦/١/١١، لە شـاری مەهابـاد، دەرچـووە. یەکەم بڵاوکـراوەی ئەم حـزبە لەنێـوان (١٩٧٥- ١٩٩٣)دا، بـریتییە لەم (کوردسـتان)ەی کە لە مـانگی تـشرینی یەکەمـی ١٩٧٥، لە بەیـروت دەرچـووە. کوردسـتان لە (١٩٧١-١٩٧٥) لە بەغـدا دەرچـووە. پـاش ئەوەی کە رێبەرانـی ئەم حـزبە ئامـادە نـابن بچـنە ژێـر بـاری داخوازییەکـانی رژێمـی بەعس، کوردسـتان لە بەغدا دادەخرێ و چیتـر بـڵاو نـابێتەوە. کەریـم حـسامی، لەم بـارەیەوە، لە کتێبـی؛ (لە بیرەوەرییەکـانم ١٩٧٥- ١٩٧٩، بەرگـی پێـنجەم، سـتۆکهۆلم، ١٩٩١، ل٩)دا، دەنووسـێت؛ (رِۆژی ١٩٧٥/١/١٥، لەلایەن موخـابەراتەوە پێیـان راگەیانـدین کە نـابێ رِۆژنـامەی کوردسـتان، چـاپ و بڵاوبـکەنەوە. یـان دەبـێ دژی مەلا مـستەفا بنووسـن و بە عەمیلـی ئەمەریکـا

ناوی بەرن. ئێمە پاش باس و لێکۆڵینەوە بڕیارماندا کە ڕۆژنامەکە ڕابگرین).
بەگوێرەی گێڕانەوەکەی حسامی بێت، پاش ئەوەی لە بەغدا قەدەغە دەکرێت، بڕیار دەدەن لە سوید چاپی بکەن. لەوێش ڕێک ناکەوێت. ئەمجارە بڕیار دەدەن لە ئەڵمانیا چاپی بکەن، لەوێش سەرناگرێت. بۆیە؛ دواجار دەیبەن لە بەیروت چاپی دەکەن. ئەو ژمارەیەی کە لە بەیروت دەرچووە، لە مانگی تشرینی یەکەمی١٩٧٥ دا، دەرچووە. حسامی لە لاپەڕە (٦٤)ی هەمان بەرگی بیرەوەرییەکانیدا دەنووسێت؛ (خاوەن چاپخانەکە دۆستی سەلاح بەدرەدین بوو، پیتی فارسی هەبوو، ڕۆژنامەو نووسراوی ڕێکخراوە ئێرانییەکانی چاپ دەکرد. کرێکارەکانی چاپخانە، میسری بوون).
بەداخەوە، کەریمی حسامی ڕوونی ناکاتەوە، ئەم ژمارەیەی کە لە بەیروت چاپ و بڵاوبۆتەوە، زنجیرەی ژمارە چەندی لەسەرە. ئێمە پاش سەیرکردن و گەڕان بەدوای سەرچاوەگەلێک لەبارەی ئەم ژمارەیەوە، هیچ ئەنجامێکمان دەستگیر نەبوو. ئاڵۆزترین ساغکردنەوە، ساغکردنەوەی ڕۆژنامەی (کوردستان)ە بە هەموو قۆناغەکانییەوە، چونکە لە کات و ساتی جیا جیا، لە شوێنی جۆر بەجۆر، بڵاو بۆتەوە. ڕۆژنامەکە، ڕۆژنامەیەکی کۆچەر بووە هەر چەند ژمارەیەکی لە شوێنێک دەرچووە. ئەوە لە مەسەلەی لێکترازانەکانیشی هەر گەڕێ، چونکە هەر لایەنەو بە هەمان ناو، درێژەی بە دەرکردنی کوردستان، داوە. ژمارەی وا هەیە لە بەغدا دەرچووە، هەمان ژمارە لە وڵاتێکی تری وەک فەڕەنسا، یان سوید، دووبارە بڵاوکراوەتەوەو ئەدرەسی ئەم وڵاتانەی لەسەرە. . . من، یەک بەباری خۆم، زۆر بەدوای ئەم مەسەلەیەدا گەڕاوم، بەڵام ئەنجامێکی دروست و دڵخۆشکەرم، دەست نەکەوتووە.

حزبی دیموکرات، پاش ئەم ژمارە (کوردستان)ەی بەیروت، تا ساڵی (١٩٩٣)، (١٥) بڵاوکراوەی تریشی دەرکردووە، کە ئەمانەن؛ (دەنگی کورد- تاران ١٩٧٩، دەنگی کوردستان- تاران ١٩٧٩، پێشەوا-مەهاباد ١٩٧٩، زانیاری پێشمەرگە-سنە ١٩٧٩، شەهید- بانە ١٩٧٩، هەواڵەکانی کوردستان- بە زمانی فەرەنسی بووە- فەڕەنسا ١٩٨٠، یەکێتی ١٩٨١، کێلەشین ١٩٨١، نەکەرۆز

١٩٨١، ئـــارارات ١٩٨٢، پڵنـــگ ١٩٨٢، ٢٦ی ســـەرماوەز ١٩٨٤، نووچەنـــامە- فەڕەنسا ١٩٨٤، بازتاب وقائیع کردستان در مطبوعات فارسی زبان- ئەورووپا ١٩٩١، کوردستان د ئێران- بە زمانی فەڕەنسی بووە- فەڕەنسا ١٩٩١). لەم (١٦) بڵاوکراوەیە، شەش دانەیان لە تاران و پاریسدا، دەرچوووینە. زمانی بڵاوکراوەکان؛ کوردی، فارسی، فەڕەنسی، بوووینە. زۆرترین ناوونیشان لە ساڵی ١٩٧٩دا، دەرچوووینە کە ژمارەیان پێنج دانەیە. لەم ساڵەدا، ڕاپەڕینی خەڵکی ئێران لە ئارادا بوو، خەڵکی کوردستانیش توانیبوویان خۆیان، خۆیان بەڕێوە ببەن.

## پارتی کرێکارانی کوردستان (پێ. کا. کا)

سەرەتای سەرهەڵدانی ڕێبازو فکری ئاپۆچێتی لە ساڵی ١٩٧٦وە، دەست پێدەکات. . . دوو ساڵی سەرەتایی، لەژێر ناوو گرووپ و بازنەی جیا جیادا، خەباتیان کردووە. لەمە بەدواوە، بڕیار دەدەن چیتر بە پەرتەوازەیی و گرووپ گرووپ نەمێننەوە. بۆیە؛ بە ئامادەبوونی (٢٣)کەس، کە دووانیان کچ بوون، لە ڕێکەوتی ١٩٧٨/١١/٢٧، لە گوندی (فیس)ی سەر بە قەزای (لیجە)ی شاری ئامەد(دیاربەکر)، یەکەم کۆنگرە (دامەزراندن) دەبەستن و هەر لەوێش دامەزراندنی (پارتی کرێکارانی کوردستان)، ڕادەگەیەنن. لە ١٩٨٤/٨/١٥شدا، خەباتی چەکداری دەست پێدەکەن. ئەم پارتە؛ بۆ بەدەست هێنانی مافە زەوتکراوەکانی نەتەوەکەمان لە باکوری کوردستاندا، باوەڕیان بە فکرو ئایدۆلۆژیای (مارکسی- لینینی) هەیە. خەباتی چینایەتی و نەتەوایەتی، بە یەکەوە گرێدەدەن. لەڕووی خەباتی ڕاگەیاندنەوە، کۆمەڵێک گۆڤارو ڕۆژنامەیان دەرکردووە. یەکەم پارتی کوردینە کە بوونەتە خاوەنی کەناڵی ئاسمانی. بۆ دەست نیشانکردنی یەکەم بڵاوکراوەیان(گۆڤار، ڕۆژنامە)، یەکێک لە ئەندام و دامەزرێنەرە دیارەکانیان (جەمیل بایک) دەڵێت؛ (خەباتی ڕۆژنامەوانیی ئێمە بە یەکەمین کۆنفرانس لە ساڵی١٩٨١/٧/١٥ کە لە لوبنان بوو، دەست پێدەکات. لە کۆنفرانسی یەکەمدا ئەو بڕیارەمان وەرگرت کە ئێمە ڕۆژنامەی سەرخۆبوون لە ئەورووپا دەربخەین. لە ئاکامی ئەو بڕیارەدا،

هەڤاڵان كاریان كرد سەرخوەبوون لە ئەوروپا دەرچوو. یەكەمین ڕۆژنامەی ئەم تەڤگەرە سەرخوەبوونە. (بڕوانە؛ حەسەن جودی، مێژوویەک لە ئاگر، نهێنی و خۆڕاگری بزووتنەوەی ئاپۆچی، دیمانەیەک لەگەڵ جەمیل بایكدا، چاپی سێیەم، سلێمانی، ٢٠١٤، ل٤٢٩). ئەو (سەرخوەبوون)ەی جەمیل بایک باسی لێوە دەكات، سەرەتا لە فۆرمی ڕۆژنامەدا بووە، دواتر بۆتە گۆڤار. ئۆرگانی كۆمیتەی ناوەندی پارتی كرێكارانی كوردستان بوو. یەكەم ژمارەی بە (٢٠) لاپەڕە، لە كانوونی دووەمی ١٩٨٢، لەشاری (كوێلن)ی ئەڵمانیا، بەزمانی كوردی(كرمانجی ژووروو-ڕێنووسی لاتینی)و توركی، دەرچووە. نرخەكەی یەک مارک و نیو بووە. ژمارە (٢)ی بە (٢٠) لاپەڕە لە شوباتی ساڵی ١٩٨٢دا، دەرچووە. ژمارە (١٢٠)ی بە (٢٤) لاپەڕە لە مانگی دێسێمبەری ١٩٩١دا، دەرچووە. پاش ئەوەی كە بە شێوەی ڕەسمی لەلایەن حكومەتی ئەڵمانیاوە لە ١٩٩٣/١١/٢٦دا، چالاكییەكانی ئەم پارتە قەدەغە دەكرێت، بنكەو بارەگای ئەم ئۆرگانەش (سەرخوەبوون)، بۆ هۆڵەندا دەگوازرێتەوە.

بەڕای ئێمە، ئەو(سەرخوەبوون)ەی جەمیل بایک باسی لێوە دەكات، یەكەم كاری ڕۆژنامەگەریی ئەم پارتە نییە. یەكەم كاری ڕۆژنامەگەریی پارتی ناوهاتی، ئەو (سەرخوەبوون)ەیە كە زیندانیانی (پی. كا. كا) لە زیندانی شاری (غازی عەنتاب)، لە مایسی (١٩٧٩)دا، دەریانكردووە. كاتێک كە ئەم بڵاوكراوەیە دەرچووە، شەش مانگ بەسەر دامەزراندن و ڕاگەیاندنی (پی. كا. كا)دا تێپەڕیوە. ئەو (سەرخوەبوون)ەی كە لە زینداندا ئامادەكراوە، بە دەستی نووسراوەتەوە، لە دەرەوەی زیندان كۆپی كراوەو دابەشكراوە. یەكەم ژمارەی بەزمانی توركی، لە مایسی ١٩٧٩دا، دەرچووە. ژمارە (٤)ی دوا ژمارە بووەو لە ئەیلولی ١٩٧٩دا، دەرچووە. پاشان هەر چوار ژمارەكە، لە بەرگێكدا، لە ئەڵمانیادا، چاپ و بڵاوكراوەتەوە. دووەم بڵاوكراوەی ئەم پارتە؛(هەوار) بووە. هەواریش پێش ئەم بەروارەیە كە جەمیل بایک دەست نیشانی كردووە. هەوار؛ ڕۆژنامەیەک بوو، بەزمانی كوردی (كرمانجی ژووروو-ڕێنووسی لاتینی)و توركی، لە زیندانەكانی شاری دیاربەكر، دەردەچوو. (مەزڵوم دۆغان و فەرهاد كونتای و حەیدەر دورموش)،

سەرپەرشتییان دەکرد. یەکەم ژمارەی بە هەشت لاپەڕە لە ١٩٨٠/٨/١٩دا، دەرچووە. ژمارە (٣)، دوا ژمارە بووەو لە ١٩٨٠/٩/٢دا، دەرچووە. جارێکی تر ، لە ئەڵمانیا بەم شێوەیە چاپ کراونەتەوە؛ ژمارە (١)، لە ١٩٨١/٤/٥دا، دەرچووە. ژمارە (٢)، لە ١٩٨١/٤/٢٤دا، دەرچووە.

کەواتە (سەرخۆەبوون)ەکەی زیندانی غازی عەنتاب، یەکەمین کاری ڕۆژنامەگەریی ئەم پارتە بووە. دووەم کاریشیان، (هەوار)ەکەی زیندانی دیاربەکر، بووە. ئەم (سەرخۆەبوون)ەی جەمیل بایک، دەبێتە سێیەمین کار، نەک یەکەمین. پاش ئەم سێ بڵاوکراوەیە، ئەم گۆڤارو ڕۆژنامانەشیان بڵاو کردۆتەوە؛ (بەرخوەدان-ئەڵمانیا ١٩٨٣، پێشمەرگە- باکوری کوردستان ١٩٨٣، دەنگی کوردستان- زیندانی ئیستانبوڵ ١٩٨٩، شەڤکا بەرخودان- زیندانەکانی تورکیا ١٩٨٩، کورد ئا- ئەڵمانیا ١٩٩٢، سەرهلدانا کوردستان- زیندانەکانی تورکیا-ساڵی چاپکردنی نەزانراوە). لەم نۆ ناوونیشانەی باسمان کردن، پێنج دانەیان لە زینداندا، دەرچووینە. سێ دانەشیان لە ئەڵمانیادا، دەرچووینە.

## ئەنجام

لەم بەسەرکردنەوەو دەورکردنەوەیەدا، دەگەینە ئەم ئەنجامانە؛

(١)- هەر چوار پارتە سەرەکییەکەی سێ پارچەی کوردستان، (٩٤) ناوونیشانیان دەرکردووە، کە دەکاتە لە سەدا دوازدەو نیوی سەرجەم ئەم ناوونیشانانەی کە لەنێوان (ئازاری ١٩٧٥-١٩٩٣)دا، دەرچووینە. لەم (٩٤)دانەیە، (٤٦)یان، (یەکێتی نیشتیمانیی کوردستان)، دەریکردوون. کە دەکاتە نزیکەی نیوەی بڵاوکراوەکان. بە هەرسێ حزبەکەی تر ئینجا هێندەی (یەکێتی)، بووینە. ئەم ڕێکخراوە، لە ڕووی کاری ڕۆژنامەگەریدا، پێشەنگی بێ ڕکابەرە. دوای (یەکێتی)، ئەمانی تر، بەم شێوەیە ڕیزبەند دەکرێن؛ پارتی دیموکراتی کوردستان (٢٣) دانە، حزبی دیموکراتی کوردستان-ئێران، (١٦)دانە، پارتی کرێکارانی کوردستان(پی. کا. کا)، (٩)دانە.

(٢)- یەکەم کاری ڕۆژنامەگەریی پارتی کرێکارانی کوردستان، ئەم (سەرخوەبوون)ەیە کە لە زیندانی غازی عەنتابدا لە مایسی ١٩٧٩دا،

دەرچووە، نەک ئەم (سەرخوەبوون-١٩٨٢)ەی کە لە ئەڵمانیادا دەرچووە.
(٣)- زۆربەی هەرە زۆری- لە نیـــوەی زێتـــر-ی بڵاوکراوەکـــانی پـــارتی کرێکارانی کوردستان، لە زینداندا دەرچووینە.
(٤)- یەکێتی نیشتیمانیی کوردستان، سەرەڕای بەکارهێنانی زمانی کوردی و عەرەبی لە کاری ڕۆژنامەگەرییدا، پێشەنگە لە زمانە زیندووە جیهانییەکانی وەک؛(ئینگلیزی، هۆڵەندی، ئەڵمانی).
(٥)- لە کـــۆی (٢٣) ناوونیـــشانی ڕۆژنـــامەگەریی پـــارتی دیمـــوکراتی کوردستان-عێراقدا، (٨) دانەیان لە دەرەوەی کوردستاندا، دەرچووینە.
(٦)- سەردەمی زێڕینی ڕۆژنامەگەریی حزبی دیموکراتی کوردستان-ئێران، لە پاش ڕوخانی شا لەساڵی (١٩٧٩)ەوە، دەست پێدەکات.

# ڕۆژنامەگەریی زیندان
# لە مێژووی ڕۆژنامەگەریی کوردیدا

لەوانەیە، (ڕۆژنـامەگەریی زینـدان)، لە مێـژووی ڕۆژنـامەگەریی کوردیـدا، بەتـایبەتیش بۆ سـاڵانی پێش(١٩٧٥)دەستەواژەیەکی کەمێک نـامۆ بێت، بەڵام لەسـەردەمی نـوێ و بەتـایبەتیش لەنێـوان سـاڵانی (١٩٧٥-١٩٩٣)دا، دەستەواژەیەکە، گیانی بەرخودان و بەرگری ئەندامە چالاکەکانی(پی. کا. کا)، ڕۆحیـان بەبەردا کـردو کردیـانە چەمکێکـی ئاشـنا پێمـان و لە زینـدانەکانی بـاکوری کوردسـتان و تورکیـادا، بۆ مـانەوەی دەنگـی خەبـات و بەرخـودان و بەردەوام گەیاندنی داخوازییەکانیان، پەیڕەویان لێکرد. کاتێک کە تەنهـا مـاوەی دوو سـاڵ بـوو، ئەم ڕێکخـراوە، ڕاگەیانـدنی خـۆی ڕاگەیانـدبوو و ڕایەڵەی ڕێکخستنەکانی لەنێو خەڵکیدا، بڵاوببۆوە، ڕژێمی تورکیا، بەتـایبەتیش حوکمی عەسـکەرتاری کەپـاش کودەتـا سـەربازییەکەی (کەنعـان ئێڤـرین)، دەسـەڵاتی وڵاتـی گرتبـۆوە دەسـت، یەکەم هەنگـاوی قەدەغەکـردن و سـەرکوتکردنی بـزووتنەوەو ڕێکخـراوە چەپەکـان بـوو هەڵبەتە ڕێکخـراوی پـارتی کرێکـارانی کوردستان(پی. کا. کا)ش، هەر لە زەمینەیەکی نهێنی و قەدەغەکراویدا دروست ببـوو. . . هەر زوو، ئەنـدامە دیـارو چالاکەکانیـان دەسـتگیر کـران و خـرانە زیندانەکانەوە. ئەوانە، کە جارێ هەر لە خەبـاتی سیاسـی و ڕێکخستندا بـوون، گورزێکیـان بەرکەوت، وەلـێ ئەمـانە لەزیندانیـشدا، دەسـتبەرداری خەبـات و هوشـیارکردنەوەی خەڵـک نەبـوون. لەوێـش، سـەرەڕای کۆنترۆڵی فاشـیەتی و عەسـکەرتاری ئەم ڕژێمە، بیریـان لەدەرکردنـی ڕۆژنـامەو گۆڤـارو بڵاوکـراوە ئەگەر بە شێوەی سادەو دەستنووسیش بێت، دەکردەوە.

(هەوار)، یەکەم ڕۆژنـامەی لەم بـابەتە بـوو، کە دەسـتەبژێرێک لە زینـدانییەکانی(پـی. کـا. کـا)، لە بەنـدینخانەی شـاری دیـاربەکر بەشـێوەیەکی هەفتـانە، هەریەک لە(مەزلـوم دۆغـان و فەرهـات کورتئـای و مەهـمەت هەیـری دورمـوش)، یەکەم ژمارەیـان بە دەسـتنووس و لە (١٩٨٠/٨/١٩)دا، بە هەشـت

لاپەڕە ئامادە کردو لەڕێگای ئەو کەسانەی کە سەردانیان دەکردن، دەگەیاندە دەرەوەی زیندان و لەوێش کۆپی لەبەر دەگیرایەوەو بەنێو ڕێکخستنەکاندا، بڵاویان دەکردەوە. لەماوەی پازدە ڕۆژدا، توانیان سێ ژمارەی لێ بڵاو بکەنەوە، کە دواتر، هەر ئەم ڕۆژنامەیە لە ئەڵمانیا، بە ئامێری تابیعە دووبارە یەکەم ژمارەی لەڕێکەوتی (١٩٨١/٤/٥)دا، چاپ و بڵاوکرایەوە. ئەم ڕۆژنامەیە، بەزمانی کوردی(کرمانجی ژووروو، لاتینی)و تورکی بوو. لەژێر ئارمی(هەوار)دا دروشمی؛(ژ بۆ سەرخوەبوون و ئازادیا کوردستان)، نووسرابوو.

پاش ئەم هەوڵە، هەر لە بەندینخانەکانی دیاربەکردا، کۆمەڵێک زیندانی تری سەر بەهەمان ڕێکخراو، لەساڵی(١٩٨٨)دا، بڵاوکراوەیەکی تریان بەناوی(بەرهەم)، دەردەکرد. دوای ئەمانە، چەند بڵاوکراوەیەکی تر لە زیندانەکاندا، بڵاوکرانەوە، کە ئەمانەن؛

١- چروسکا ژیان؛ گۆڤارێک بوو لەزیندانی دیاربەکر لەساڵی(١٩٨٨)دا، دەردەچوو. .

٢- سیم(تیل ئۆرگو)؛ کۆڤارا ڕزگاری جڤاتی. لەزیندانەکانی شاری ئورفا، دەردەچوو. گۆڤارێکی تایبەت بە منداڵان بوو، یەکەم ژمارەی لەساڵی(١٩٨٨)دا، بەزمانی کوردی(کرمانجی ژووروو-لاتینی)، بڵاو کرایەوە. تەنها سێ ژمارەی لێدەرچوو. ئەم زیندانی و ڕوناکبیرانە سەرپەرشتی دەرکردنیان دەکرد؛ (شوکرو گولمش، عیزەت بالکان، ئیدریس گیوزەل، قادر ئەکن، عەلی کلیچ، فەوزی یەتکین).

٣ - دەنگێ مە؛ گۆڤارێک بوو، زیندانییە کوردو تورکە چەپەکان، لە زیندانی ئەنقەرە بەکوردی و تورکی، دەریاندەکرد. یەکەم ژمارەی لەساڵی(١٩٨٩)دا، لێ بڵاوکرایەوە. پاش دەرچوونی پازدە ژمارە، وەستا. هەر یەک لە (تایفون شەن و جەمال تاش)، نووسینیان تێدا بڵاودەکردەوە..

٤- شەڤکا بەرخودان؛ گۆڤارێکی سیاسی و کولتوری بوو، لەلایەن زیندانییەکانی (پێ. کا. کا)، بەزمانی کوردی(کرمانجی ژووروو-لاتینی)و تورکی، دەردەچوو. یەکەم ژمارەی لەساڵی(١٩٨٩)دا لێ بڵاوکرایەوە. پاش دەرچوونی دوازدە ژمارە، وەستا. .

٥- زارۆکێ پێشەنگ؛ گۆڤارێکی تایبەت بەمنداڵان بوو، لە زیندانی شاری

(ئایدن)، بەزمانی توركی دەردەچوو. یەكەم ژمارەی لەساڵی(١٩٩١)دا، دەرچووە. پاش ماوەیەک لەدەرچوون، ناوەكەی بۆ(دیلان) ، گۆڕاوە. تەنها دوو ژمارەی بەناوی(دیلان)ەوە، لێدەرچووە. .

لەم كورتە نووسینەدا، دەگەینە ئەم ئەنجامانە؛

١- ئەندامە چالاک و زیندانیكراوەكانی ڕێكخراوی(پی. كا. كا)، پێشەنگ و داینەمۆی سەرەكی ئەم بوارەن و، ئەوان لەم فەترە زەمەنییەدا(١٩٧٥-١٩٩٣)دا، ئەم كارو چالاكییەیان داهێناوەو، خۆیان خاوەنی ئەم سەروەریەن لەمێژووی ڕۆژنامەگەریی كوردیدا. .

٢- بڵاوكراوە، ڕۆژنامە، گۆڤارەكان، یەكەم جار بە دەستنووس لە زیندانەكاندا دەنووسرانەوەو دواتر ڕەوانەی دەرەوە دەكران. لەدەرەوەش، یان بە ئامێری تابیعە، یان بەشێوەی كۆپی، بڵاودەكرانەوە. .

٣- یەكەم بڵاوكراوە، لە بەندینخانەی شاری دیاربەكر دەرچووە. لەكۆی هەشت ناوونیشاندا، سێیان بەر زیندانیە خۆڕاگرەكانی ئەم شارە دەكەون، كە دەتوانرێت بە دڵی زیندووی باكوری كوردستان، ناوزەدی بكەین. .

٤- پاش شاری دیاربەكر، دوو دانە لەشاری(ئایدن)و سەرو دانەش لە شاری(ئورفا)و(ئەنقەرە)، دەرچووینە. .

٥- لەم هەشت بڵاوكراوەیەدا، سێ دانەیان تایبەت بوون بە منداڵان و بۆ ئەوان نووسرابوون. .

٦- جگە لە زیندانییانی كورد، توركە چەپەكانیش هاوسۆزی كورد بوون و لەم بوارەدا، بەهاوبەشی كاریان كردووە. .

* مەزلوم دۆغان؛ یەكێک بوو لە دامەزرێنەرو ئەندامی سەركردایەتی پارتی كرێكارانی كوردستان. لەساڵی(١٩٥٥)دا، لەدایک بووە. لە نەورۆزی (١٩٨٢)دا، لەدژی زوڵم و زۆری دەوڵەتی توركیادا، لە زیندانی دیاربەكر ئاگری لە جەستەی خۆی بەرداو، شەهید بوو. لەم كاتەوە بۆتە سیمبوڵی نەورۆزو بەرخودان. .

* فەرهات كوردئای؛(١٩٤٩-١٩٨٢)، لەگەڵ مەزلوم دۆغان، ئاگری لە جەستەی خۆی بەرداو شەهید بوو. .

* مەهـمەت هەیـری دورمـوش؛ لە سـاڵی(١٩٥٥)دا، لە چەولیـک لەدایـک بـووە. ئەنـدامی سـەرکردایەتی (پـێ. کـا. کـا) بـووە . لە (٢٣. سـەرماوەزی ١٩٧٩)، لەگەڵ فەرهـات کوردئـای دەگیـرێ و لە زینـدان مـان لەخـواردن دەگرێـت و لە(١٢ی ڕەزبەری١٩٨٢)دا، لە زیندان شەهید دەبێت. .

# ڕۆژنامەگەریی کوردیی
# (نهێنی و ئاشکرا)ی منداڵان
# (١٩٧٥- ١٩٩٣)

ماوەی نێوان (١٩٧٥-١٩٩٣)، زەمەنێکی پڕ لە ڕوداوو کارەساتی تراژید ئامێزە لەمێژووی نەتەوەکەماندا. دەیان کارەساتی وەک؛ وێرانکردنی دێهاتەکان و ڕاگواستنیان، هەڵگیرساندنی شۆڕشی نوێ، کیمیا بارانکردنی شاری هەڵەبجە، کودەتای سەربازی دوازدەی ئەیلولی ساڵی (١٩٨٠) لە تورکیا، ئەنفالکردنی هەشت هەزار بارزانی و (١٨٢) هەزار خەڵکی سڤیلی کورد، بە جاشکردنی هەزاران هاولاتی کورد لە پرۆسەیەکی سەربازیدا. . . ئەمانە بەشێکن لەم کارەساتە جەرگبڕانە.

ڕۆژنامەگەریی کوردی منداڵان، هاوشان لەگەڵ ڕەوتە گشتییەکەی ڕۆژنامەگەریی، لەم زەمەنە ئەستەم و تاریکەدا، لە تاکە پەنجەرەیەک (چ نهێنی یان ئاشکرا)، گەڕاوە، تاوەکو بتوانێت کەش و هەوایەکی پاکو شایستە بۆ منداڵان بڕەخسێنێت ، تا لە کاروانی شارستانیەت و مێژوو، دوا نەکەون. دەتوانین ئەم هەوڵانەی کە لەم بارەیەوە دراون، بەسەر دوو تەوەری سەرەکی دابەشی بکەین؛-


## تەوەری یەکەم/ هەوڵە فەرمی و ئاشکراکان

ئەمانە ئەو هەوڵانەن کە چەند نووسەرو پەروەردیارێکی دڵسۆزی کورد، توانیویانە سوود لەم دەرفەتانە وەربگرن کە لەلایەن داگیرکەرانەوە بە گوێرەی دەستوور، ڕێگەیان پێدراوە، گۆڤارو بڵاوکراوەی بۆ منداڵ نووسراو دەربکەن. لەگەڵ پێدانی مۆڵەتی ڕەسمیش، دەسەلاتداران، کەم و زۆر ویستوویانە سوود لەم بڵاوکراوانە وەربگرن (ئەگەر بە چەند بابەتێکیش بێت)، ویستوویانە تۆوی سیاسەتی شۆڤینیستانەی خۆیان لە دڵ و دەروونی منداڵی

کورد، بچێنن و بە هیوایەک پەروەردەیان بکەن، کە لەدوا ڕۆژدا بە خزمەت بۆ خۆیان بشکێتەوە. بەشێکی تری ئەم گۆڤارانە لەلایەن ئەم نووسەرە کوردانەوە سەرپەرشتی کراون کە وەک پەنابەری سیاسی لە وڵاتی سویددا، نیشتەجێ بوون.

ئەستێرە، یەکەم گۆڤاری منداڵان و سێیەمین گۆڤاری کوردییە کە لەم فەترە زەمەنییەدا، دەرچوو بێت. بەزمانی کوردی، لەشاری بەغدا، لە مانگی مایسی ١٩٧٥ دا، دەرچووە. هەمووی بەسەر یەکەوە، تەنها سێ ژمارەی لێدەرچووەو پاشان بەهۆی هەڵوێستی سیاسییەوە، داخراوە.




(٢) ئەدەبی منداڵان/ بڵاوکراوەیەک بوو، لە فۆڕمی نامیلکەیەکی بیست لاپەڕەیی، لەلایەن حەوت نووسەرو پەروەردیاری کورد، لەسەر ئەرک و گیرفانی خۆیان، بڵاوکراوەتەوە. لە رووی وێنەو ڕەنگو دیزاین و فەنتازیای بڵاوکراوەی منداڵان، زۆر هەژارانە بوو. یەکەم ژمارەی لە کانوونی دووەمی ساڵی (١٩٨٥)دا، دەرچووە. شاعیرو پەروەردیار(ڕۆستەم باجەڵان)،

کـاراکتەری ســەرەکی پـرۆژەکە بـوو. پـاش تێپەڕبـوونی پێـنج سـاڵ بەســەر بڵاوکـردنەوەی ژمـارە یەکـدا، ژمـارە دوو لەسـاڵی (١٩٩٠)دا، لەسـەر ئەرکـی فۆلکلۆریست (سەعدوڵلا شێخانی)، بڵاوکراوەتەوە.

(٣) کاروانی منداڵان/گۆڤارێکی منداڵان بوو، ئەمینداریێتی گشتی ڕۆشـنبیریی و لاوان لە هەولێـر دەریـدەکرد. لە ڕووی ڕەنـگ و قەبـارەو بـوونی وێـنەوە، گۆڤـارێکی شایستە بوو. لەڕووی ناوەڕۆکەوە، هیچ نەبوو. هەر ئەوەندە بوو کە بە زمـانی کـوردی دەردەچـوو. وێـرای هەڵەی ڕێنـووس و ڕێزمـانیش، بابەتەکـانی تەواو لە خـزمەت سیاسـەتەکانی ڕژێمـی بەعـسدا بـوو. لەسـەرو بەنـدی دەرچوونیـدا (نەوزاد عەلـی ئەحـمەد) بـابەتێکی ڕەخـنە ئـامێزی لەسـەر بڵاوکردەوە. یەکەم ژمـارەی ئەم گۆڤـارە، لە نیسـانی ١٩٩٠دا، دەرچـووە. تەنها دوو ژمارەی لێدەرچووە. داگیرکردنی (کوێت)ی بەسـەردا هـات. ئەویش وەک زۆربەی گۆڤارو ڕۆژنامەکان، بەر سیاسەتی دەست پێوەگرتن کەوت و داخرا.

لەپاش ڕاپەڕینی بەهاری (١٩٩١)، ئەم گۆڤارانەی خوارەوە بڵاوکرانەوە؛-

(٤) پەڕەسـێلکە/ گۆڤـارێکی ڕەنگـاو ڕەنگـی منـداڵان بـوو، یەکەم ژمـارەی لە مـانگی تشرینی یەکەمـی سـاڵی (١٩٩١)دا، لەگەڵ پاشـکۆیەکی تـایبەت بۆ دایکو باوکـان، لەهەولێر، دەرچـووە. سەرپەرشـتیارو داینەمـۆی سـەرەکی (هەڵگـورد عەبدولوەهاب جندیانی)، بوو.

(٥) پەپـوولە/ گۆڤـارێکی پەروەردەیـی، ڕۆشـنبیریی منـداڵان بـوو، (کـۆمەڵەی منـداڵپارێزی کوردسـتان)، لە شـاری سـلێمانی، دەریـدەکرد. ڕەنگـاو ڕەنـگ و وێنەدار بوو. یەکەم ژمارەی لە شوباتی (١٩٩٢)دا، دەرچووە. خـاوەن ئیمتیـازی (هێرۆ ئیبراهیم ئەحمەد) بوو. ژمارە (٧١)ی لە ئەیلولی٢٠٠٣ دا، دەرچووە.

(٦) پەریستان/پاشکۆی منداڵانی ڕۆژنامەی (کوردستانی نوێ) ، بوو. سـەرەتا؛ هەفتـانە لە دووتـوێی لاپەڕەکـانی ڕۆژنـامەکە، بە چـوار لاپەڕە دەردەچـوو. پاشـان بـووە گۆڤـارێکی سـەربەخۆی مانگانە. چەند ژمـارەیەکی لێدەرچوو و داخرا. داینەمۆی سەرەکی(مەولود ئیبراهیم حەسەن و هەڵگورد عەبدولوەهاب) بوو. ڕەنگاو ڕەنگ و وێنەدار بوو. . . وێنەکان لەلایەن هەڵگوردو هونەرمەندی شێوەکار(نەرمین ئەحمەد ئەسوەد)ەوە، دەکێشران. ئیسماعیل تەنیا و ئیدریس

لاوه، وەک دەستەی نووسەران، کاریان تێدا دەکرد.

(٧) خالخالۆک/ گۆڤارێکی منداڵان، پاشکۆی ڕۆژنامەی بۆتان بوو کە پارتی گەلی دیموکراتی کوردستان لە شاری دهۆک دەریدەکرد. یەکەم ژمارەی لە هاوینی ساڵی(١٩٩٢)دا دەرچووە. هەر تەنها ئەم تاکە ژمارەی لێدەرچووەو وەستاوە.

(٨) ئەستێرە/ گۆڤارێکی منداڵان بوو، لە سلێمانی دەردەچوو. بەهاوکاری پرۆژەی قەندیلی سویدی بڵاوکراوەتەوە. یەکەم ژمارەی لەساڵی (١٩٩٢)د، دەرچووە.

جگە لەم گۆڤارانەی باسمان کردن، سێ گۆڤاریش لە سوید دەرچووینە کە ئەمانەن؛-

(٩) کولیلک/ گۆڤارێک بوو بە زمانی کوردی(کرمانجی ژووروو- ڕێنووسی لاتینی)، لەلایەن کۆمەڵەی ڕۆشنبیریی کارکەرێن کوردستان، بڵاودەکرایەوە. یەکەم ژمارەی لەساڵی (١٩٨٠)دا، دەرچووە. هەمووی بەسەریەکەوە، تاوەکو ساڵی (١٩٩٨)، پەنجاو یەک ژمارەی لێدەرچووە.

(١٠) هێلین/ گۆڤارێکی وەرزیی، وێنەداری منداڵان بوو، (یەکێتییا کارکەرێن دیموکراتێن کوردستان) بە زمانی کوردی(کرمانجی ژووروو-لاتینی)، دەریاندەکرد. مەحمود لەوەندی و(ها. مزگین)، دەستەی نووسەرانی بوون. یەکەم ژمارەی لە شوباتی ساڵی (١٩٨٢)دا ، دەرچووە. ژمارە (١٤)ی لە مانگی حوزەیرانی ساڵی (١٩٨٥)دا، دەرچووە.

(١١) کۆچەر/ گۆڤارێکی وەرزیی منداڵان و لاوان بوو، بە زمانی کوردی (کرمانجی خواروو- ڕێنووسی ئارامی)، لەلایەن (عاسی ڕەباتی)یەوە، بڵاو دەکرایەوە. یەکەم ژمارەی لەساڵی (١٩٨٨)ەوە، دەرچووە. تا کۆتایی ساڵی (١٩٩٢)، دوازدە ژمارەی لێدەرچووە.

(١٢) ئامانج بۆ زارۆکا/ بڵاوکراوەیەکی وێنەداری ڕەنگاوڕەنگی منداڵان بوو، وەک پاشکۆی گۆڤاری ئامانج، بە زمانی کوردی (کرمانجی خواروو-ئارامی)، لە تاران دەردەچوو. یەکەم ژمارەی لە مانگی کانوونی یەکەمی (١٩٨٥)دا، دەرچووە. ژمارە (٢١)ی لە خاکەلێوەو بانەمەڕی ساڵی (١٩٨٩)دا، دەرچووە.

ئەم  بڵاوکراوەیە، یەکەم و دوا بڵاوکراوەی منداڵانە کە لە چوار چێوەی ئەم کاتەی کە ئێمە باسی لێوە دەکەین، (چ بە فەرمی، چ بە نهێنی)، لە ئێران و ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا، دەرچووبێت.

## دووەم// هەوڵە نهێنییەکان


بەهۆی پاڵەپەستۆی سانسۆرو ناوەرۆکی شۆڕشگێڕیی و کوردانەی بڵاوکراوەکان، یان قاچاغ بوونی نووسەرەکانیان لەلایەن ڕژێمەوە، ئەو شانسەیان نەبووە کە بە شێوەی ئاشکراو تیراژی زۆرەوە بگاتە دەستی منداڵانەوە. . . لەم ماوەیەدا، هەشت ناوونیشان، دەرچووینە، کە سێ لەوانەیان بە هەوڵی تاکەکەسی و چاپ و فۆرمێکی هەژارانەو تیراژێکی کەمەوە، بڵاوکراونەتەوە، کە ئەمانەن؛-

(١٣) نەورۆز/ هەڵگورد عەبدولوەهاب جندیانی، لە تەمەنی شازدەساڵیدا، بە دەستنووس، لەشاری هەولێر، بە نهێنی، دەریکردووە. یەکەم ژمارەی لە ئازاری ساڵی (١٩٨٠) دەرچووە. تەنها سێ ژمارەی لێدەرچووەو وەستاوە.

(١٤) سروشت/ نامیلکەیەکی زانستی منداڵان بوو، مەڵبەندی سێی (یەکێتی نیشتیمانیی کوردستان)، بڵاویدەکردەوە. یەکەم ژمارەی لە کانوونی دووەمی ساڵی (١٩٨٣)دا، دەرچووە. ژمارە دوو، دوا ژمارە بووەو لە ئازاری ١٩٨٣دا، دەرچووە. (عەباس ئیسماعیل ئاری)، سەرپەرشتی کردووە. شایانی گوتنە؛ سروشت بە یەکەمین بڵاوکراوەی زانستی منداڵان دادەنرێت لە مێژووی ڕۆژنامەگەریی منداڵانی کورددا.

(١٥) ئەستێرە/ گۆڤارێکی منداڵان بوو، بە قەبارەی نیو فۆلسکاب، مەڵبەندی سێی (یەکێتی نیشتیمانیی کوردستان)، دەریدەکرد. عەباس محەمەد حوسێن (حاجی مەمۆ)، یان (کاکە باس)، سەرپەرشتی دەکرد. یەکەم ژمارەی لە ڕێکەوتی (١٩٨٣/٢/١)دا، دەرچووە. تەنها هەر ئەم ژمارەیەی لێدەرچووە.

(١٦) گزنگی بچووکان/ پاشکۆی گۆڤاری (گزنگ)ی یەکێتی نووسەرانی کورد- لقی کەرکوک بوو. یەکەم ژمارەی لە مانگی ئازاری (١٩٨٥)دا، دەرچووە.


کۆچەر
گۆڤارێکی وەرزیی منداڵان و لاوانە   ژمارە ٢   ساڵی ١   ١٩٨٨
قەڵا دێرینەکەی هەولێر

چوار بڵاوکراوەی تایبەت بە منداڵانیش لە باکوری کوردستاندا، دەرچووینە کە سێ دانەیان لە ژوورەکانی زیندان بە نهێنی ئامادە کراون و نێردراونەتە دەرەوەو بڵاوکراونەتەوە، کە ئەمانەن؛-

(١٧) سیم/ لە زیندانی شاری ئورفا، لە ساڵی (١٩٨٨)دا، دەرچووە.

(١٨) زارۆکێ پێشەنگ/ لە ساڵی١٩٩١ ، لە زیندانی شاری ئایدن ، بە زمانی تورکی، دەرچووە.

(١٩) دیلان/ هەر(زارۆکێ پێشەنگ)ەو ناوەکەی بۆتە (دیلان). لە هەمان زیندان، دەرچووە. کە ناوەکەی بۆتە دیلان، بە زمانی کوردیش دەرچووە. یەکەم ژمارەی لەساڵی (١٩٩١)دا، بڵاوکراوەتەوە.

(٢٠) دەنگێ شاگردان/ لە ساڵی (١٩٩١)، لە باکوری کوردستاندا، دەرچووە.

شوێن و جوگرافیای بڵاوکردنەوەی بڵاوکراوەو گۆڤارەکانیش بەم شێوەیەن؛-

- چوار دانە لە تورکیاو باکوری کوردستان.
- سێ دانە لە وڵاتی سوید.
- یەک دانە لە ئێران (تاران).
- دوازدە دانە لە عێراق و باشوری کوردستان.

# ڕۆژنامەگەریی کوردە (زازا)کان

عەلەوی، ڕێباز یان ئایینزایەکی سۆفیگەریی تێکەڵ بە ڕێبازو ئایینزای هەمە چەشـنەیە. ناوەکەشـیان، لەوەوە هـاتووە؛کە ڕێزێکـی زۆرو سـنوور بەدەر، لە خەلـیفەی چـوارەمی ئیـسلام(عەلـی کـوڕی ئەبـو تالیـب) کە دەکـاتە ئـامۆزای پێغەمــبەر(مــحەمەد)، دەگــرن و بــۆ پــلەی خــوایەتی بەرزی دەکەنەوە. ڕێبازەکەیان، زیاتر دنیایی و مرۆڤایەتییە. ڕێزێکی زۆر بۆ گەورەیـی مـرۆڤ و دادپەروەری و یەکسانی ژن و پیـاوو پاراسـتنی ژیـنگە، دادەنـێن. گرنگـی بە ڕۆژوو گرتن و نوێژ کردن و حەج کردن، وەک موسـڵمانێکی ئاسـایی، نـادەن. مەی خواردنەوە لای ئەوان، قەدەغەو گوناهـ نییە. هـاتووچۆی مـزگەوت ناکەن، چونکە؛ئیمامی عەلی کە کوژراوە، بۆ نوێژ کردن، بەڕێگاوە بووە بۆ مـزگەوت. جـگە لە هــاتووچۆ نەکردنیـشی، هــیچ ڕێزێکیــشی بــۆ دانــانێن، چــونکە لای ئەوان؛لەسەرەتای دەرکەوتنی ئیسلام و بڵاوبوونەوەی، مـزگەوت نەبووە. زۆر دوای کـۆچی دوایـی کردنـی پێغەمـبەر، دروسـت کـراوە. باوەڕیــان وایە؛گەر یەکێـک خـودا پەرسـتی بکـات و دوعـاو نـزا بکـات، ئەوە مەرج نیـیە هەر لە مزگەوت دروست بێت، چونکە خودا لەهەمـوو شـوێنێک بوونی هەیەو گوێشی لە هەمـوو شـتێک دەبێـت. ئەوان لە جیـاتی مـزگەوت، لە خـانوو یـان هوتێلێـک کۆدەبنەوەو خـودا پەرسـتی خۆیـان دەکەن. بەشـێوەیەکی ئاهەنـگ ئـامێز، بەدەم ئــامێری ســاز ژەنیـنەوە، سـرووتەکانیان، جـێ بەجـێ دەکەن. بەم هـۆڵ یــان خانووە دەڵێن؛(جەم). هیچ کتێبێکی ئـایینی پیرۆزیـان نییە، بەڵام ڕێـز لە هەمـوو کتێــبە ئایینیەکــانی وەک؛(قورئــان و ئینجیــل و تەورات)، دەگــرن. هەروەهــا دەڵــێن؛ئەم قورئــانەی کە ئێــستا هەیە، دەســتکاری کــراوە، دەنــا لە قورئــانە ئەســڵییەکەی ســەردەمی پێغەمــبەر، نــاوی حەزرەتــی عەلــی تێــدا هــاتووە. ئەوان؛چمکەکـانی وەک(نـوێژو ڕۆژو حەج و زەکـات و بەهەشـت و دۆزەخ و حیجاب و. . . . تاد)، وەک مەفهـومی ئێستای ئیسلام، ڕەت دەکەنەوە. لەجیـاتی ئەمــانە، ئەلتەرنــاتیفی تریــان هەیە. وەک شــیعەکان، (ئەبــوبەکری ســەدیق و

عومەری کوڕی خەتاب و عوسمانی کوڕی عەفان)یان، خۆش ناوێت، بگرە ڕقیان لە ناوەکانیشیان، دەبێتەوە، چونکە ئەوان پێیان وایە؛لە دوای پێغەمبەر دەبووایە جێگرەوە هەر لە ئەهلی بەیت(بنەماڵەی پێغەمبەر) بێت، بەتایبەتیش بۆ ئیمامی عەلی، بێت، بەڵام لەلایەن ئەم سێ خەلیفەوە، پاوان کراوە.

بەگوێرەی خەملاندنەکانی ساڵی(٢٠٠٢)، لە سەرتاسەری جیهاندا، نزیکەی سێزدە ملیۆن کەس، پەیڕەو کاری ئەم ڕێبازەن. هەڵبەت ئەم خەملاندنە زۆر نادروستە، چونکە؛ژمارەی ڕاستەقینەی ئەوان، زۆر لەمە زیاترە. ئەوان، بە کێشوەرەکانی ئاسیاو ئەفریقادا، بڵاوبوونەتەوەو لە وڵاتانی وەک؛هیندستان و پاکستان و ئەفغانستان و تورکیاو عێراق و ئێران و سوریاو وڵاتانی کەنداوو باشوری ئەفریقاو. . . . تاد، نیشتەجێن.

لەڕوی نەتەوەییشەوە؛ (عەرەب و کوردو فارس و پاکستانی و هیندی و. . . تاد)ن. بە کوردە عەلەوییەکان دەگوترێت؛(زازا). (زازا)، یەکێکە لە چوار دیالێکتە سەرەکییەکەی زمانی کوردی. لەتورکیادا، لەشارەکانی وەک؛ (ئیستانبول، ئەنقەرە، ئەدەنە، بالغ کەسر، ئەسکی شەهر، بورسە، ئەنتالیا، ئایدن، داماڵ، ئەردەهان)، هەروەها لە باکوری کوردستانیشدا، لە شارەکانی (ئەرزنجان، سیواس، مەلاتیە، دەرسیم، قەهرەمان مەرەش) نیشتەجێن. بەگوێرەی ژماردنە نافەرمی و خەملاندنەکان؛لە نزیکەی بیستوپێنج ملیۆن کورد لە باکوری کوردستاندا، نزیکەی چوار تا پێنج ملیۆنیان، عەلەوی (زازا)ن. ئەمانە، بە درێژایی مێژوو، چەوسێندراونەتەوەو هەوڵی قڕکردنیان دراوە، بەتایبەتیش لەسەردەمی هەردوو زلهێزی(عوسمانی و سەفەوی)دا. (زازا)کان، بەهۆی ئەوەی لەگەڵ ئێرانیە سەفەویەکاندا، هاوئاینزان، لەکاتی ململانێ و شەڕی نێوان ئەواندا، داویانەتە پاڵ سەفەویەکان. هەر بۆیە لەلایەن خەلیفە عوسمانیەکانەوە، کوشتوبڕ کراون. ئەوان پێچەوانەی تورکە سونییەکان، هیچ ڕێزێک بۆ خەلیفەکانی عوسمانی دانانێن و بە کافرو زەندیق ناویان دەبەن. لە مێژووی ڕاپەڕینەکانی کوردیشدا، سەرکردایەتی ڕاپەڕینی دەرسیم(١٩٣٦-١٩٣٨)، بە ڕێبەرایەتی(سەید ڕەزای دەرسیم)یان کردووە. لەم ڕاپەڕینەدا، ئاڵای کوردستانیشیان بەرز کردۆتەوە.

لەڕوی کـاری سیاسیـشەوە، بەشــی زۆریــان هەوادار یــان ئەنـدامی(پـارتی کۆمــاری خەڵــک-جمهــوریەت هالــک پارتیــسی)ن. ئەوانەی تــریش، چەپ و کۆمۆنیست، یـان لە ڕیزەکانی(پـارتی کرێکارانی کوردسـتان- پێ. کـا. کـا)دان. لەبەر ئەم زوڵمــوزۆرە مێــژووییەی کە لەڕووی نەتەوەیــی و مەزهەبیــیەوە، لێیــانکراوە، لە ســاڵانی(١٩٦٠) بەدواوە، ڕویــان لە دەرەوەی وڵات، کــردووە. لێشاوی ئەم کـۆچەش، لەدوای کودەتـای سـەربازی دوازدەی ئەیلـولی(١٩٨٠)، بە ڕێبەرایەتی گەنەراڵ(کەنعان ئێڤرین)، زۆر فراوانتر بووە.

بەگـوێرەی خەمڵانـدنەکانی وڵاتـی ئەڵمانیـا، نـزیکەی نیـو ملیـۆن عەلەوی لەم وڵاتەدا، دەژیـن. لەسـەدا نەوەدو پێنجـی، لە تورکیـاوە، هـاتوون. لەم ژمـارەیەدا، نــزیکەی (١٥٠-٢٠٠) هەزاریــان، لەڕوی نەتەوەیــیەوە، کــوردن. بەگــوێرەی هەڵــسەنگاندن و ڕاپۆرتەکـانی دەزگـای پـۆلیس و دادگـای فیـدراڵی ئەڵمانیـا، عەلەوییەکـان بە کـوردو تـورکەوە، لە هەمـوو موسـڵمانی نەتەوەکـانی تـر، بـێ کێشەو بێـوەی تـرن. زۆر بەڕێکـوپێکی لەگەڵ یاسـاو ڕێـسای مـۆدێرنی وڵات هەڵــدەکەن و ئەو سیــستەمەی ژیــان پەســەند دەکەن کە لە ئەوروپــادا، بەرقەرارە. کوردە (زازا)کان لە ئەڵمانیادا، لەساڵی(١٩٨٧)، یەکەم فیدراسیۆنیان بەناوی؛(فیدراسیۆنی عەلەویەکان لە ئەڵمانیا)دا، دامەزرانـدووە. دواتـر، فراوانتـر بووەو بە هەمـوو شـارەکانی تـردا، بڵاوبـوونەتەوە. لە ئێستادا، زیـاتر لە (١٢٥) کـۆمەڵەو ناوەنـد(دەرنەگ)یـان، لەشـارەکانی وەک؛ (ئاوسـبۆرگ، کـوێلن، مـاینز، شـتوتگارت، دیـسبۆرگ، هـانۆڤەر، بەرلـین، هـامبۆرگ. . . تـاد)، هەن. بـۆ ئەوەی منـداڵەکانیان لە کولتـورو زمـانی کـوردی نـابەلەد نەبـن، بەدەیـان خوێنـدنگای فێربـوونی زمانیـان کـردۆتەوە، کە دیارترینیـان(ئینیـستیوتی فێربـوونی زازا)یە لەشـاری فرانکفـۆرت. هاوشـێوەی ئەڵمانیـا، لە وڵاتـانی وەک؛ (نەمـسا، سویـسرا، سـوید، هۆڵەنـدا)شـدا، نیـشتەجێن. لەوێنـدەرێش، کـۆمەڵەو ناوەنـدی زمـان و کولتوری خۆیان هەیە.

ئەم ڕەوەندە پەرشوبڵاوە، لەبەر ئەوەی لە وڵات(تورکیا)دا، دەلیڤەی ئەوەیـان بۆ نەڕەخساوە چالاکی کولتوری و پاراستنی زمـان و ڕۆژنامەگەریی ئەنجام بــدەن، لە هەنــدەران ، هەوڵ دەدەن قەرەبــووی ئەم زیــانە بــکەنەوە کە لە

ڕابردوودا، لێیان کەوتووە. لەماوەی نێوان ساڵانی(١٩٧٥-١٩٩٣)دا، چەندین گۆڤارو ڕۆژنامەو بڵاوکراوەیان، بە دیالێکتی (زازا)، بڵاو کردۆتەوە، کە گرنگترینیان، کە ئێمە زانیاریمان لەسەر کۆکردونەتەوەو ڕوماڵمان کردوون، ئەمانەن؛

١ -ئاریە؛ گۆڤارێک بوو کوردە(زازا)کان، لەساڵی(١٩٨٥)دا، لە سوید بەزمانی کوردی(دیالێکتی زازا- ڕێنووسی لاتینی)، بڵاویانکردۆتەوە. .

٢ -پیا؛ گۆڤارێکی وەرزی، ڕۆشنبیری، ناڕێک بوو، (جەماعەتێ کولتوری زازا)، لە سوید (ستۆکهۆڵم)، بە زمانی کوردی(زازا-لاتینی)، لەساڵی (١٩٨٨)دا، دەریانکردووە. ژمارە(١٠)ی، لە ئازاری (١٩٩٠)دا، دەرچووە. .

٣ -زازایستان؛ بڵاوکراوەیەک بوو، لە سوید(ستۆکهۆڵم)، بەزمانی کوردی(زازا-لاتینی)و تورکی دەرچووە. یەکەم ژمارەی لە مانگی نیسانی (١٩٩١)دا، دەرچووە. ژمارە دوو، بە دوازدە لاپەڕە، لە (١٩٩١) دەرچووە. لەم ژمارەیەدا، ئەدرەسی وڵاتی ئەڵمانیای لەسەرە. .

٤ -بڵاوکراوەی نەورۆز(نەورۆز یاینجیلیک)؛ بڵاوکراوەیەکی سیاسی، کولتوری، مانگانە بووە. بەزمانی کوردی(کرمانجی ژووروو، زازا-ڕێنووسی لاتینی)و تورکی، لە تورکیا (ئیستانبول)دا، دەرچووە. بەڕێوەبەر؛ حوسێن ئالتاش. یەکەم ژمارەی بە (٦٨) لاپەڕە، لەساڵی (١٩٩١)دا، دەرچووە. ژمارە دوازدەی بە (٦٨)لاپەڕە، لە مانگی ئارالیک(کانوونی یەکەم)ی ساڵی (١٩٩٢)دا، دەرچووە. لەسەر بەرگی ژمارە سێدا، وێنەی (لینین)ی لەسەرە. لەڕووی ژمارەی لاپەڕەکانیەوە، جۆرە تەنسیقێکی باش هەیە، زۆربەی ژمارەکان (٦٨) لاپەڕەن. ئەم نووسەرانە؛(بێریڤان ئازاد، حوسێن کورەکچی، ئەدیب پۆڵا، سەعید ڤەرۆژ، جەمشید ئاتەش)، بابەتیان تێدا بڵاوکردۆتەوە. .

٥ -وارە؛گۆڤارێکی کولتوری مانگانە بوو، بەزمانی کوردی(کرمانجی ژووروو، زازا، دملی-ڕێنووسی لاتینی)، لە ئەڵمانیادا، دەرچووە. یەکەم ژمارەی بە (٤٤) لاپەڕە، لە مایسی (١٩٩٢)دا، دەرچووە. ژمارە(١٠) بە (١٧٢)لاپەڕە، لەساڵی (١٩٩٦)دا، دەرچووە. .

٦ -سەرکەتن؛لەسەر ئارمی (سەرکەتن)دا نووسراوە؛کارکەرێن هەموو وەلاتان و گەلێن بندەست یەک بن. گۆڤارێکی سیاسی مانگانە بوو، بەزمانی کوردی(کرمانجی ژووروو، زازا-ڕێنووسی لاتینی)و تورکی لە تورکیا

(ئیستانبول)دا، دەرچووە. بەرپرسیار؛شاهێن گولی. یەکەم ژمارەی بە (٦٨)لاپەڕە، لە مانگی مارتی (١٩٩٢)دا، دەرچووە. ژمارە پێنجی بە (٨٤)لاپەڕە، لە تشرینی یەکەم و تشرینی دووەمی(١٩٩٢)دا دەرچووە. ئەم نووسەرانە؛(عەلی حەیدەر لاچین، پێرو زارەک، فەرهاد باران، خەمگین سەیدۆ)، بابەتیان تێدا بڵاوکردۆتەوە. من، هەر پێنج ژمارەکەم بینیووە. .

٧ -ڕاستیە؛گۆڤارێکی تایبەت بوو بە زمان و ئەدەبیات و کولتوری کوردە زازاکان. بە زمانی کوردی (زازا-لاتینی)و تورکی، لەساڵی(١٩٩١)، لە فەڕەنسادا، دەرچووە. خاوەنی؛ئەبوبەکر پاموکچو. ژمارە دووی بە (٢٨)لاپەڕە لەساڵی(١٩٩١)دا، دەرچووە. ژمارە سێ، (٢٤)لاپەڕە بوو لەساڵی(١٩٩١)دا، دەرچووە. ژمارە چواری بە بیست لاپەڕە، لەساڵی (١٩٩١)دا، دەرچووە. ژمارە حەوت، (٣٢)لاپەڕە بوو، لەساڵی (١٩٩٢)دا دەرچووە. من ئەم ژمارانەم بینیووە کە ئاماژەم پێکردوون. .

٨ -دەسماڵا سوورە؛گۆڤارێکی تایبەت بوو بە زمان و ئەدەب و کولتوری زازاکان. (کۆمەلا کۆمۆنیستا کرمانجی)، بەزمانی کوردی(زازا-لاتینی)و تورکی، لەساڵی(١٩٩٢)، لەئەڵمانیادا، دەریانکردووە. ژمارە شەشی بە (٥٢)لاپەڕە، لەمارتی(١٩٩٣)دا دەرچووە. ژمارە(١٥)، بە (٢٤)لاپەڕە، لەساڵی(١٩٩٥)دا، دەرچووە. .

٩ -واخت؛ بڵاوکراوەیەکی چاندی و سیاسی بووە، کوردە زازاکان بەزمانی کوردی(زازا-لاتینی)، لە ئەڵمانیادا، دەریانکردووە. ژمارە سفر(.)ی بە چوار لاپەڕە، لەساڵی(١٩٩٠)دا، دەرچووە. ژمارە (١)ی بە هەشت لاپەڕە، لە حوزەیرانی (١٩٩٠)دا، دەرچووە. ژمارە (٢)، هەشت لاپەڕە بووە، لە تەموزی(١١٩٩٠)دا دەرچووە. ژمارە (٣)ی (٢٠)لاپەڕە بووە، لە تشرینی یەکەمی(١٩٩١)دا دەرچووە. ژمارە (٤)ی (١٢) لاپەڕە بووە لە شوباتی (١٩٩١)دا دەرچووە. هەموو ئەم ژمارانەم بینیووە، کە باسم کردوون. .

هەروەها پاش ساڵی (١٩٩٢)ش، کۆمەڵێک گۆڤارو ڕۆژنامەی تر دەرچوون، حەز دەکەم لە پەراوێزی ئەم بابەتەدا ئاماژەیان پێبدەم، کە ئەمانەن؛

١٠ -زولفەقار؛گۆڤارا فیدراسیۆنا عەلەویانە لە ئەڵمانیا. یەکەم ژمارەی لە مانگی ئاب و ئەیلولی(١٩٩٣) لەشاری(کوێلن)، بەزمانی کوردی(زازا-لاتینی)و

# RAŞTİYE

SERRE.1
1991
AMOR.3

**Pêseroka Zonê / Ziwanê u Kulturê Zaza**



www.arsivakurd.org

تـوركی دەرچـووە. ژمـارە (٤١)ی بە (٦٢)لاپەڕە، لە مـانگی ئـاب و ئەیلـولی (٢٠٠١)دا دەرچـــووە. لێپرســـراوی بەشـــی کـــوردی؛ئەردالْ ئیـــر. دەســـتەی نووسەران؛ عیرفان دایئۆغۆ، تورکەر ئالب، حەسەن. ج. ئەرسەلان.).

١١ -تیجا سۆدریَ؛ بە مانـای (تیشکی بەیـان) دێت. گۆڤـارێکی ڕۆشـنبیریی، وەرزیی، گشتی بوو، بەزمانی کوردی(زازا-لاتینی)، لە ئەڵمانیا (فرانکفۆرت)، دەرچـووە. یەکەم ژمـارەی لەسـاڵی(١٩٩٥)دا، دەرچـووە. ژمـارە (٧)ی لەسـاڵی (٢٠٠١)دا، دەرچـووە. دەسـتەی نووسـەران؛سـەعید چیـا، هـاوار تـۆرنیَ جەنگی، محەمەد دۆغان، یوشەن لاشەر، ک. فاسۆپێت، خ. چەلکەر، باقی ئیشچی.).

١٢ -سـەما؛گۆڤاری فیدراسیۆنی عەلەویە دیموکراتخوازەکانە. یەکەم ژمـارەی لەساڵی(٢٠٠٢)دا، لەشـاری دۆرتموند، دەرچـووە. زۆربەی بابەتەکانی بەزمـانی تورکی بوون، لەهەر ژمارەیەکدا، دوو تـا سـیَ بـابەتی بە زمـانی کـوردی (زازا-لاتینی) بووە. .

١٣ -چما؛گۆڤـارێکی ئەدەبـی و کولتـوری بـوو، کـوردە زازاکـان بە زمـانی کوردی(زازا-لاتینی)و تـورکی لە ئەڵمانیـاو لەشـاری(ئاوسـبورگ)، دەریاندەکرد. یەکەم ژمارەی بە بیست لاپەڕە، لە شـوباتی(٢٠٠٥)دا، دەرچـووە. ژمـارە پێنجـی (٤٠) لاپەڕە بوو، لەساڵی(٢٠٠٦)دا، دەرچووە. .

زۆربەی گۆڤـارو بڵاوکراوەکـان، هەڵگـری فکـری چەپ و کۆمۆنیسـتی بـوون. بەشـــی زۆریـــان لە هەنـــدەران دەرچـــووینە. حەوت دانەیـــان لەئەڵمانیـــا، ســـیَ دانەیـــان لە ســـوید، دوو دانەیـــان لە تورکیـــا، یەک دانەیـــان لە فەڕەنســـادا، دەرچووینە. بەشـی زۆریـان تەنهـا بە دیـالێکتی زازا بـووینە. یەکەم بڵاوکـراوەی نێـوان ســاڵانی (١٩٧٥-١٩٩٣)، گۆڤـاری(ئـاریە)بـوو، کە لەســاڵی(١٩٨٥)، لە سویددا دەرچووە. .

بـێجگە لەم بڵاوکـراوانەی کە باسـمان کـردوون، نووسـەرو ڕۆژنامەنووسـە زازاکـان، لە زۆربەی گۆڤـارو ڕۆژنامەکـانی تـری کـوردی بـاکور، بەشـدار بووینەو بابەتیان تێدا بڵاوکردۆتەوە، بەڵام ئەم بڵاوکراوانە، بە شـێوەی گشتی تایبەت نەبووینە بە دیالێکتی(زازا)کانەوە. . .

# گۆڤارە کۆچپێکراوەکان

گـۆڕانی کەش و هەوا، خـاوەن ڕانەمەڕەکـانی ناچـار کـردووە، کە بەدوای پەیـداکردنی مێـرگ و لەوەڕگـای باشـدا، بـۆ ئاژەڵەکانیـان، بگەڕێـن. کاتێـک کە گەرمـا تـاو دەسـتێنێ و گـژو گیـا، سـەرچاوەی ئاوەکـان وشـک دەبـن ناچـاری ئەوە دەبـن کە ڕەشـماڵەکانیان بپێچنەوەو بەرەو کوێستانەکان، کۆچ بکەن. کە زسـتانیش هـات، سـەرما تینـی سـەندو بەفـر مەتـرە عـاردێکی بەڕەشـی نەهێشتەوە؛ناچار دەبن بەرەو گەرمێن شـۆڕ ببنەوە. ئەوە حاڵی خـاوەن مەڕو ئاژەڵەکـانە. . . . ئەدی ئەگەر مەودای بیرکـردنەوەو ڕامـان و ڕادەربـڕین بەرتەسـک کـرایەوە، یـان هەر نەمـا، دەبێـت مینـبەرو کـارگێڕو داینەمۆکانیـان، چیـان بەسـەر بێت؟! هەڵبەت چارەنووسیان وەک ڕۆژی ڕوونـاک دیـارە. یـان دەسـتەمۆبوون و ڕازیبـوون بە ئەمـری واقیـع، یـان کـۆچکردن بەرەو شـوێنێک کە ئازادی بیرکردنەوەو ڕادەربڕینی تێدا فەراهەم کرابێت.

لەمێـژووی ڕۆژنـامەگەریی کـوردی دوورو نزیکـدا، ئەم جـۆرە نموونانەمـان زۆرن. ئەوەی ئێمە مەبەستمانە کەلەسەری بدوێین؛-

- ماوەی نێوان ساڵانی(١٩٧٥-١٩٩٣)یە.

- ئەم گۆڤارو ڕۆژنامانەن کەبەمۆڵەتی ڕەسمی حکومەت و ئاگاداری ئەوان، بە ئاشـکرا دەرچـووینەو دواتـر بەهەر هۆکارێـک بووبێـت، مۆڵەتیـان لێسەندراونەتەوە. پاشـان بـۆ بەردەوامبوونیـان، ناچـار بـووینە، شـوێنەکانیان بگـۆڕن و وارێکـی تـر بکەنە نیشتیمانی بیرکـردنەوەو ڕامانەکانیـان، کە زێـدی لەدایکبوون و ڕەسەنی خۆیان نەبووە.

ئەوەنـدەی مـن سـۆراغم بـۆ کردبێت، ئەم جـۆرە حـاڵەتەم تەنهـا لە بـاکور و ڕۆژئاوای کوردستان و تورکیادا بەدیکرد. هەڵبەت پشکی شـێری حـاڵەتەکەش، بەر بـاکوری کوردسـتان و تورکیـادا، دەکەوێـت. شـتێکی زۆر ئاسـایی و بەڵگەنەویستە کە تا نەوەدەکانی سـەدەی ڕابردوو، گۆرانی گوتن و بەکوردی قسە کـردن، لەنێـو کۆمەڵگـای تورکیـدا، دیـاردەیەکی نـامۆ بـوو. کە ئەم مـافە

سـەرەتاییانەی مرۆڤەکـان، نـامۆو نائاسـایی بـن؛ هەڵـبەتە نووسـین وگۆڤـارو ڕۆژنامە دەرکردنیش بەکوردی، هەر زۆر نائاسایی بووە. ئەوەندەی کراوەش، لێـزانین و فرتوفێـڵ دۆزیـنەوەی ڕۆژنـامەنووس و نووسـەرانی کـورد بـووە تاوەکو بتوانن بەهەر شێوەیەک بێت، لەداوی سانسۆر دەربازیـان ببێت. لەگەڵ ئەمەشـــدا، تووشـــی (گـــرتن و کوشـــتن و ئەشـــکەنجەدان)و بە ناچـــاری سـەرهەڵگرتن، کـراون. لەمەودای ئەم بۆچـوون و قسەو باسـەدا، ئەم گۆڤـارانە بەنموونە دەهێنینەوە کەدەچنە چوارچێوەی ئەم بابەتەی کە ئێمە دەمانەوێت، قسەی لەبارەیەوە بکەین.

(١)-ڕێیائـازادی (ئۆزگورلـوک یۆلـو): گۆڤـارێکی ئەدەبـی و هـونەری بـووە. مینبەری کۆمەڵێک ڕۆشنبیرو نووسـەرو ڕۆژنـامەنووس و خەڵکی چەپخـوازی کـــورد بـــووە. ئەم کـــۆمەڵە خەڵـــکە لەنـــاو کۆمەڵگـــادا، هەر بەنـــاوی گۆڤارەکەیانەوە(ڕێیا ئـازادی)، ناسـراونەتەوە. خـاوەنی:فـاروق ئـاراس. (ئۆرهـان تـالون، قـادر ئاکـاڵ، مـستەفا کایـا، سـیری میرئۆغڵـو)، لە قۆنـاغی جیـا جیـادا، سەرنووسەری ئەم گۆڤارە بووینە. یەکەم ژمـارەی بەزمـانی کوردی(کرمـانجی ژووروو-ڕێنووسـی لاتینـی)و تـورکی، لە حـوزەیرانی سـاڵی١٩٧٥ دادەرچـووە. مۆڵەتی بە فەرمی دەرچوونی ، لە حکومەتەوە هەبووە. ئەم کۆمەڵە خەڵکە بە نهێنـی لە ڕیزەکـانی (پـارتی سۆسیالیـستی کوردسـتان-تورکیـا)دا، چـالاکی سییاسـییان ئەنجامـداوە. ژمـارە(٤٤)ی لەکـانوونی دووەمـی سـاڵی (١٩٧٩)دا، دەرچـووە. پـاش ئەوەی، ئازادییەکـان زۆر بەرتەسـک دەکـرێنەوە. کودەتـای عەســـکەری دوازدەی ئەیلـــولی ســـاڵی (١٩٨٠)، ڕوودەدات. تەواوی گۆڤـــارو ڕۆژنامە کوردییەکان، دادەخرێن و پارت و گرووپە چەپەکان قەدەغە دەکرێن. خاوەنەکانیـــان دەخـــرێنە کـــونجی زینـــدانەوە. (ڕێیـــا ئـــازادی)ش بەناچـــاری دادەخرێت. پارتی سۆسیالیستی کوردستان، خـۆی ئاشکرا دەکـات و خەبـاتی سیاسی خۆی دەگوازێتەوە ڕۆژهەڵاتی کوردستان. نووسـەرو ڕۆژنامەنووسـە چالاکەکانیـــان، ڕوو لە ئەوروپـــا دەکەن. لە خـــوولێکی تـــازەدا، لەســـوید و ئەڵمانیـادا، ڕێیـا ئـازادی، دەردەکەنەوە. یەکەم ژمـارەی سـاڵی یەکەمـی ئەم خووله تازەیەی بە هەشت لاپەڕە، لە(١٩٨٢/٣/٢١)دا، دەرچووە. ژمـارە (١٣٧)ی

بە (٢٨)لاپەڕە، لە دێسێمبەری ١٩٩٠دا، دەرچووە.

(٢)- ڕزگاری:(کۆڤارا ڕێزانی و چاندیا مەهانەیە). یەکەم ژمارەی بەمۆڵەتی فەرمی دەوڵەت و بە ئاشکرا، لە ئەنقەرە، لە (١٩٧٦/٣/٢١)دا، دەرچووە. پاش دەرچوونی ئەم ژمارەیە، مۆڵەتەکەی لێ دەسەندرێتەوە. ژمارە (٢)شی هەر لە ئەنقەرە(بەلام بێ مۆڵەت)، دەرچووە. پاشان بارەگای دەرچوونی بۆ شاری (ئیستانبوڵ) دەگوێزرێتەوە. لە ژمارە (٣)یەوە تاوەکو ژمارە (٩)ی، لەم شارە دەردەچێت. سەرنووسەر: ڕەوشەن ئەرسەلان. پاش قەدەغەکردنی ڕزگاری، یەکێک لە نووسەرە چالاکەکانی، کە (محەمەد ئوزون) بووە، بەرەو سوید ڕادەکات. پاش دەرچوونی ژمارە (٩)، بەهۆی فشاری زۆری دەوڵەت و قەدەغەکردنی، (ڕزگاری)، چیتر لە تورکیادا دەرناچێت، بۆ ئەڵمانیا دەگوازرێتەوە. ژمارە دەو یازدەی لەم وڵاتەدا، دەرچووە. پاشان، لەساڵی(١٩٨٨)دا، لە وڵاتی سوید، درێژەی بە بڵاوکردنەوە، داوە.

(٣)- ڕۆژا وەلات: ڕۆژنامەیەکی سیاسی و ئەدەبی، نیو مانگی بووە. یەکەم ژمارەی بە مۆڵەتی فەرمی دەوڵەت، بەزمانی کوردی(کرمانجی ژووروو و زازایی-لاتینی)و تورکی لەشاری ئەنقەرە، لەڕێکەوتی (١٩٧٧/٩/١٥)دا، دەرچووە. لەگەڵ دەرچوونی یەکەم ژمارەیدا، دەوڵەت بڕوبیانووی زۆرو جۆر بەجۆری پێگرتووە. پاشان مۆڵەتی دەرچوونی لێسەندراوەتەوە، قەدەغە کراوە. کاتێک کە سەرپەرشتیارانی سەردانی والی(پارێزگاری ئەنقەرە) دەکەن و داوای مۆڵەت وەرگرتنەوە دەکەن، والی لێیان لەڕق ڕادەچێت و بە تووڕەییەوە پێیان دەڵێت؛(بۆتان نییە ڕۆژنامەی کوردی دەربکەن، سەرتان دەبڕین). لەگەڵ بڵاوبوونەوەی یەکەم ژمارەدا، لێپرسراوەکانی؛(مستەفا ئایدن و سەدیق بۆزئەرسەلان)، زیندانی دەکرێن. پاش قەدەغەکردنی بەناچاری بارەگای ڕۆژنامەکە بۆ ئیستانبوڵ دەگوازنەوە. ژمارە (١٢)ی دواژمارە بووە کە لە (١٩٧٨/١٢/١٥)، لە تورکیادا دەرچووبێت. ژمارە سێزدەی لە ئەڵمانیا دەردەچێت و لەوێ درێژە بە بڵاوکردنەوەی دەدەن. هەر بۆ زانیاری، ئەم (ڕۆژا وەلات)ەی باسمان کردووە، جیایە لەگەڵ ئەم (ڕۆژا وەلات)ەی کە یەکەم ژمارەی لە شوباتی (١٩٧٨)دا، لە سوید دەرچووەو فۆرمەکەی بۆتە

گۆڤارو (پارتی سۆسیالیستی کوردستان–تورکیا)، خاوەنی بووە.

(٤)– کاڤا(کاوا): گۆڤارێکی سیاسی بوو، لەلایەن ڕێکخراوی (کاوە)وە، دەردەچوو. یەکەم ژمارەی لە تشرینی یەکەمی ساڵی (١٩٧٨)، لە تورکیادا، دەرچووە. ژمارە (٣ و٤)ی لە یەک بەرگدا، لە ئازاری(١٩٧٩)دا، دەرچووە. خاوەنی: عەبدوڵلا سوێدان. بەڕێوەبەری نووسین: حوسێن شەن. هەر لەم کاتەدا(ئازاری ١٩٧٩)، حکومەت بەدەرکردنی بڕیارێک بڵاوکردنەوەی زۆربەی گۆڤارو ڕۆژنامەکان قەدەغە دەکات. گۆڤاری (کاوە)ش، یەکێک دەبێت لە گۆڤارە قەدەغەکراوەکان. خاوەنەکەی؛(عەبدوڵلا سوێدان)، لە ساڵی(١٩٧٩)وە تاوەکو ساڵی (١٩٩١)، لەزینداندا دەمێنێتەوە، پاشان ئازاد دەکرێت. (حوسێن شەن)، لەساڵی(١٩٥٥)دا، لەشاری دێرسیم لە دایکبووە. لەساڵی(١٩٧٩)، بەبرینداری لەلایەن پۆلیسەوە دەگیرێت، ئازارێکی زۆری دەدەن، پاش ئەوە لەژێر ئەشکەنجەدا دەمرێت. . .

سەرپەرشتیارانی گۆڤارەکە، پاش ئەوەی کە هەموو پەنجەرەیەکیان لێدادەخرێت، بەناچاری ڕوو لەوڵاتی سوید دەکەن و لەوێدا دەگیرسێنەوە. درێژە بە دەرکردنی (کاوە) دەدەن. ژمارە(٥)ی لە سوید، لە مانگەکانی شوبات و مارتی(١٩٨١)دا، دەرچووە.

(٥)– الآشتراکی : ئۆرگانی (پارتی سۆسیالیستی کورد لە سوریا)بووە. یەکەم ژمارەی لەساڵی(١٩٧٨)، لە سوریا بە زمانی عەرەبی دەرچووە. پاشان قەدەغە کراوە. ژمارەکانی دواتری لە ئەڵمانیادا، دەرچوونە.

(٦)– ئالا ڕزگاری: پاش ئەوەی (خەدیجە یەشار)و (ئیبراهیم گوجلو)، لە (پارتی ڕزگاری کوردستان) جیا دەبنەوە، پارتێکی تر بەناوی(ئالا ڕزگاری)، دادەمەزرێنن. گۆڤارێکیش بەناوی(ئالا ڕزگاری)، دەردەکەن. ئەم گۆڤارە سیاسی بوو، هەر دوو هەفتە جارێک لە تورکیادا دەردەچوو. خاوەنی گۆڤار:(ئیکرام دەلەم). یەکەم ژمارەی لە ئازاری (١٩٧٩)دا، دەرچووە. لەیەکەم ژمارەیدا؛وتارێکی ڕەخنەیی بڵاودەکاتەوە. لەم وتارەدا هێرشێکی توند دەکاتە سەر حکومەت دەرهەق بەم زوڵم و زۆری و ناهەقییەی کەبەرامبەر بە نەتەوەی کورد دەکرێت. بۆیە لە١٩٧٩/٥/٩ دا، لەلایەن دەوڵەتەوە، دەگیرێت و

هەژدە مانـگ لە زینداندا، دەمێنێـتەوە. گۆڤـارەکەش دادەخرێـت. پـاش ئەوە، لەخوولێکی تازەدا، لە ئەوروپا درێژە بەبڵاوکردنەوەی دەدەن. یەکەم ژمارەی ئەم خوولە تازەیەی لە ئازاری ١٩٨٣ ، لە ئەوروپادا، بڵاوبۆتەوە.

(٧)- تیرێـژ: گۆڤـارێکی کولتـوری بـوو، یەکەم ژمـارەی لە تـشرینی یەکەمـی(١٩٧٩)، لە تورکیـادا، دەرچـووە. مـۆڵەتی فەرمـی هەبـووە. پـاش دەرچوونی سێ ژمارە، قەدەغە دەکرێت. ژمارە چواری لە سوید، لە شاری (ستۆکهۆڵم)دا، دەرچووە.

(٨)- ژینـانوو:گۆڤـارێکی سیاسـی مانگـانە بـوو، لەشـاری (وان)، لە بـاکوری کوردسـتاندا، دەرچـووە. بەرپرسـیار:(ئەیـوب کەمـال ئادسـز). سەرنووسەر:بەهجەت ئەفشار. یەکەم ژمارەی لە ئۆکتۆبەری ساڵی (١٩٧٩)دا، دەرچووە. ژمارە پێنجی ساڵی یەکەمی، لە ساڵی(١٩٨٠)دا دەرچووە. پاشان قەدەغە کـراوە. بڕیـاری دەسـتگیرکردن بـۆ (ئەیـوب کەمـال)دەردەچێـت. ئەو؛ناگیرێـت و ڕادەکـاتە ڕۆژهەڵاتـی کوردسـتان و تاسـاڵی (١٩٨٣)، لەوێـدا دەمێنێـتەوە. پاشـان دەچێـتە ئەوروپـاو لە وڵاتـی دانیمـارک دەگیرسـێتەوە. (بەهجەت ئەفشار)یش لە١٩٨٠/١/١٩ دا، لەلایەن تورکیاوە دەستگیر دەکرێت و سێزدە ساڵ لە زینداندا، دەمێنێتەوە.

(ئەیوب کەمال ئادسز)، لەساڵی (١٩٨٤)دا، لەلایەن دەزگای(میت)ی تورکیادا، لە دانیمارک، تیرۆر دەکرێت. پاشان میدیاکانی تورکیا، وا بڵاوی دەکەنەوە، کە نـاوبراو لەگەڵ (پـارتی کرێکـارانی کوردسـتان) کێشەی هەبـووەو هەر ئەوان تیرۆریان کردووە!!!

ژمارە (٦)ی ئەم گۆڤارە لەمانگی گولانی (١٩٨٤)، لە سوید دەرچووە. لەسەر بەرگی ژمارە شەشدا نووسراوە؛ (ئۆرگانی کۆمیتەی مەرکەزی پارتیا پێشەنگا کارکەرێن کوردستان).

# بەشی سێیەم

# دەنگی پێشمەرگە
# "لە چوار خولی جیاوازدا"

نووســـینەوە، ســـاغکردنەوە، ڕاســـتکردنەوەو بە ئەرشـــیف کردنـــی ڕۆژنـامەگەریی کـوردی، کـارێکی سـەخت و دژوارە، چـونکە ئێمەی کـورد، تـا ئێستاکە گرینگیمـان بە ئەرشـیف کردنـی (کتێب، گۆڤـار، بڵاوکـراوە، بەیاننـامە، تۆمـار، کاسـێت و. . . . تـاد)، نەداوە. بە بەراورد لەگەڵ میلەتـانی تـر، نەک هەر زۆر دواکەوتوین، بەڵکو ئەستەمیشە خۆمان بەوان بچوێنین.

ئەگەر بێت و بەدواداچوونێک بۆ مێژوویەکی نزیکی خۆمـان(٢٠-٣٠)-سـاڵێک لەمەوبەر بکەیـن و بمانەوێـت دیکۆمێنـت و بەڵـگەو بڵاوکـراوەی حـزب و ڕێکخـراوە مۆدێرنەکـانی ئەو سـەردەم بەدەسـت بخەیـن، ئەوا بە دڵنییـاییەوە چاومـان بە ئەرشـیفێکی هەژار، یـان نەبـوو، دەکەوێـت. ئـێمە زاکیـرەو پلانـی لایەنی ئەرشیفیمان نییە، یان زۆر بێهێزو لاوازە. بـاوەڕ بکەن، حزبی وا هەیە مێژوویەکی هێندە دوورو درێژی نییە، ئەوجا نەیتوانیوە(٢٢)ژمـارەی ئۆرگـانی ناوەندی حزبەکەی ئەرشیف بکات. . . گەر ئەو بۆچوونەمـان بۆ (٢٠-٣٠)سـاڵ لەمەوبەر ڕاست بێت، ئەوە بۆ(٥٠-٦٠)ساڵ لەمەوبەر، هەر زۆر ڕاستە.

"دەنگی پێشمەرگە"، ناوێکی ناسراوو ئاشنای ڕابەری ڕۆژنامەگەریی کوردییە. تا ئێستاکە چەندین گۆڤارو ڕۆژنامەو بڵاوکراوە بەناوی "پێشمەرگە"یان"دەنگی پێشمەرگە"، بڵاوکراونەتەوە. ئەوەی زانـراوەو تـا ئێستاکە سـاغ بۆتەوە، ئەوەیە کە یەکەم بڵاوکـراوە بەو نـاوەوە لە سـاڵانی یەکەم و دووەمـی دوای شـۆڕشـی ئەیلــول(١٩٦١-١٩٧٥)دا، دەرچــووە. ئەو"دەنگــی پێــشمەرگە"یە، تــا ئێــستاکە لەدووتـوێی ڕابەری ڕۆژنـامەگەریی کـوردی و بـابەتی ڕۆژنامەگەریـدا، زۆر جـاران نـاوی هـاتووە. بە کـورتی و درێـژیش لەسـەری نووسـراوە، وەلـێ تـا ئێـستاکە بە دروسـتی دەستنیـشانی خوولەکـانی دەرچـوونی نەکـراوە، ئەگەر کرابیش، یان بەهەڵە باسکراوە، یان مێژووی دروستی تۆمار نەکراوە.
لەم نووســینەدا، دەمانەوێـت بە درێـژی باســی ژمــارەو خوولەکـانی و ئەو

کەسانە بکەین کە ڕۆڵی سەرەکییان تێدا بینیووە، تاوەکو ببێتە سەرچاوەیەک بۆ بابەت و لێکۆڵینەوەو بەدواداچوونی مێژووی ڕۆژنامەگەریی کوردی. . . هەوڵمانداوە لە شوێنی پێویست ئەو هەڵانە ڕاست بکەینەوە کە دەربارەی ئەو بڵاوکراوەیە بڵاوکراونەتەوە.

" سەفەر یوسف میرخان "، دەنووسێت: (یەکەم ژمارەی گۆڤاری دەنگی پێشمەرگە لە مانگی یەکی"١٩٦٧"دا، لەگەرمەی شۆڕشی ئەیلول دەرچووە....). هەروەها دەنووسێت (ئەو قۆناخە"١٩٦٧-١٩٧٤"، بە قۆناخی یەکەمی دەنگی پێشمەرگە دادەنرێت)"١" .

"نەوزاد عەلی ئەحمەد"، دەنووسێت:(گوایە ئەم گۆڤارە ژمارە یەکی لەساڵی"١٩٦٧"دەرچووەو دوا ژمارەش کە کەوتۆتە بەرچاو دەڵێن دوا ژمارەیە، ژمارە"٢٤"ەو لە مانگی تشرینی دووەمی ساڵی "١٩٦٩"دا دەرچووە)"٢".

ئەوان، " سەفەر و نەوزاد "، لە تۆمارکردنی مێژووی دروستی "دەنگی پێشمەرگە"دا کەوتوونەتە هەڵەوە، چونکە ئەو ژمارە یەکەی ئەوان باسی دەکەن، ژمارە(١)نییەو لەو بەروارەی ئەوان باسی دەکەن، دەرنەچووە، بەڵکو دەبێتە ژمارە(١٣)ەو لە مارتی"١٩٦٨"دا، دەرچووە.
قۆناغ، یان خوولی یەکەم نییەو دەبێتە(قۆناغ، یان خوولی دووەم).

## قۆناغ و خوولەکانی "دەنگی پێشمەرگە"

### خوولی یەکەم

هەر دوو ساڵێک دوای هەڵگیرسانی شۆڕشی ئەیلول، بۆ گەیاندنی دەنگ و باس و چالاکییەکانی پێشمەرگە، ڕاگەیاندنی شۆڕش بیری لەدەرکردنی بڵاوکراوەیەک کردۆتەوە. بۆ ئەو مەبەستە، گۆڤار یان بڵاوکراوەی"دەنگی پێشمەرگە"، بڵاو دەکاتەوە. دووەم ژمارەی ئەو بڵاوکراوەیە کەلە ئەرشیفی"مەڵبەندی ئاوەدانی کوردستان لە بەرلین" پارێزراوە، لە نۆڤێمبەر "تشرینی دووەم"ی ساڵی(١٩٦٣)دا بە زمانی کوردی، دەرچووە.

لە بارەی دەرچوونی ژمارە یەکیشەوە، د. ئازاد عوبێد ساڵح، لە نامەی دکتۆراکەیدا، دەنووسێت:(یەکەم ژمارەی سەرەتا بەر لە کانوونی یەکەمی"١٩٦٣"بەسەرپەرشتی"حیلمی عەلی شەریف و فەرەیدون عەلی ئەمین دەرچووە)"٣ ". لەپاڵ ئەوانیشدا، " مەلای ئاوارە "ش، کاری لەم گۆڤارەدا

کردووه"٤".
کەواتە بە لێوردبوونەوە لە ژمارە دوودا، دەبێت یەکەم ژمارەی بەر لەم مێژووە"تشرینی دووەمی ١٩٦٣"دا، دەرچووبێت. تاوەکو لێکترازانە مێژووییەکەی(پارتی دیموکراتی کوردستان)، لە ساڵی "١٩٦٤"دا، هەر ئەو سێ کەسە سەرپەرشتی "دەنگی پێشمەرگە"یان کردووە. دوای ئەوەی کە "حیلمی عەلی شەریف"، دەکەوێتە بەرەی (پارتی دیموکراتی کوردستان- باڵی مەکتەبی سیاسی)، "هەژار موکریانی" شاعیر، ئەو ئەرکە دەگرێتە ئەستۆی خۆی و درێژە بە بڵاوکردنەوەی دەدات. لەم بارەیەوە، "شێرکۆ بێکەس" دەنووسێت: (لە ساڵانی"١٩٦٥-١٩٦٦"دا، "دەنگی پێشمەرگە"، لە گوندی"لێوژە" دەردەکراو "هەژار موکریانی" سەرپەرشتی دەکرد. لێوژە گوندێکی ناوچەی باڵەکایەتی بوو. . . ئەو کات مانگێک یان دوو مانگ جارێک ژمارەیەکی لێدەردەچوو. . . لەو ماوەیەدا، هەندێ نووسین و شیعرم بەناوی"کاوە"ەوە لە دەنگی پێشمەرگەدا، بڵاوبوونەوە)"٥" .
پاش ئەوە، "سامی عەبدولڕەحمان"یش دێتە دەزگای ڕاگەیاندن و لەگەڵ"هەژار موکریانی و شێرکۆ بێکەس و مەلای ئاوارە"، درێژە بەبڵاوکردنەوەی دەدەن. لەم بارەیەوە، سەعید ناکام دەنووسێت(ساڵانی پێشوو بڵاوکراوەیەک بەناوی دەنگی پێشمەرگە لەلایەن سامی عەبدولڕەحمان و هەژاری شاعیرەوە بە ڕۆنیێۆ دەرکرابوو، کە دوازدە ژمارەی لێدەرچوو بوو، وەکو درێژەی ئەو بڵاوکراوەیە دەستم کرد بە دەرهێنانی گۆڤارێکی ڕێکوپێک بە شێوەی چاپەمەنی نوێ)"٦ ". بەگوێرەی ئەو زانیارییانەی کە لەبەردەستدان، لەم خوولەدا"خوولی یەکەم"، تا کۆتایی"١٩٦٧" بەردەوام بووەو"١٢" ژمارەی لێدەرچووە.

**خوولی دووەم**

پاش ئەوەی کە سەعید ناکام، لە ساڵی "١٩٦٥"دا، دەگاتە ڕیزی شۆڕش و لە دەزگای ڕاگەیاندندا کار دەکات، ئەرکی بەڕێوەبردن و سەرپەرشتیکردنی چاپخانەی"خەبات"ی پێدەسپێرن. . . ئیتر لەمە بەدواوە، پاش دوو ساڵ، بیر لەوە دەکاتەوە دووبارەو لە خوولێکی تازەدا، (دەنگی پێشمەرگە)"٧ ". بڵاوبکاتەوە. ئەو، لەم خوولە تازەیەدا، ژمارە"١٣"دەداتە یەکەم ژمارەی "خوولی دووەم"، چونکە پێشتر لە لایەن (حیلمی عەلی شەریف و شێرکۆ

سەنتەری ئارشیف و لێکۆڵینەوەی ڕۆژنامەگەریی کوردستان

خزمەتی پیشمەرگە بە گەلو پشتیوانی گەل بو پیشمەرگە گەورەترین دەستەبەری سەرکەوتنمانە .

# دەنگی پیشمەرگە

هیزی پیشمەرگە قەلغانە بو پاراستنی بونو مافی نەتەوایەتی کورد .

لیژنەی ئاراستەو پەخشی شورشی کوردستان دەری ئەکا

| ژمارە ١٤ | ئەیار | ١٩٦٨ |
| --- | --- | --- |

ئاشکرایە لە روژیکەوە پەیمانی ٢٩ حوزەیرانی ١٩٦٦ بلاو کراوەتەوە هەتا ئەمرو هیشتا هیچ کامیك لە خالە بنچینەییەکانی لە لایەن رژیمی دیکتاتوری بەغداوە جیبەجی نەکراوە، ئاکارو کردوەیان پیشانی ئەدا کە نیازیان چاك نیەو دوا مەبەستیان لاواز کردنی شورشو لەناو بردنیەتی ، هەرچەندە لەم دوسالەدا شورش هەمو دەرفەتیکی داون کەهەنگاوی چاك بنین .

## دیسان ٢٩ ی حوزەیران

ئیمە بەش بە حالی خومان لەهیچ هەنگاویك بەرەو چارەسەری ئاشتیخوازانە دریغیمان نەکردوە ، بگرە زیاتر لەپیویست هاتوینەتە خوارو ریگمان بو چۆل کردون .

کاربەدەستە عەسکەرییەکان لە ماوەی ئەم چەند سالانەدا دوای ناقی کردنەوەی هەمو جورە چەکیك لە شەرەکانی دژی کوردستانا تیگەیشتون کە ناتوانن بەزورە ملیو هیزی سوپایی جولانەوە کەمان لەناوبەرن ، ئەمجارە کەوتونەتە شوین پیلانی خەیالی .... بو تیکدانی ریزەکانی شورش پارە ئەبەشنەوەو خاین ئەکرنو جاشی کونو نویی بەکار ئەهینن .

بەدریژایی سالی رابوردو جاشەکانی شەستوشەش بەشیوەیکی تایبەتی خرابونەگەر بو جارز کردنی خەلکو هەلکوتانە سەر هەندیك لە بنکەی پیشمەرگەو دەست ریژی کردنە سەر دانیشتوانی بەشەرەفی کوردستانو گرتنو کوشتنو تالان کردن . کار بەدەستانی بەغداش چەکو پارەیان بو هەلرشتونو یارمەتیان داون بوتیکەلاویو یەکگرتن لە گەل پیاو خراپانو هەمو جورە دوژمنانی کوردو کوردستان .

بەلی سالیك زیاترە میری خویو جاشەکانی (٦٦)ی خەریکی ئەم پیلانەن ، بەلام بو نەگبەتییان نەك هەر سەر نەکەوتون بەلکو شورش بەهیزتر بومو هیزەکانی پیشمەرگەی قارەمان توانیویانە جگە لە بەربەست کردنی پیلانەکان ، دەست لە هەندیك خاینو سەرەك جاشی رورەش بوەشینن .

بروانە لاپەرە ١١

**ماف ئەپچرین**

دەستی راپسکا لە کەلەپچەی تەنگ
ئەو دەستە ئیتر ناتوشتیتەوە

گرتیە باوەشی قونداغەی تفەنگ
مافی ئەپچری بە ئاشتیو بە جەنگ

بێکەس و فەرەیدون عەلی ئەمین و هەژار و سامی عەبدولڕەحمان و مەلای ئاوارە)وە، لە خوولی پێشوودا، "١٢"ژمارەی لێدەرچووە. (محەمەدی مەلا قادر)یش پێ لەسەر ئەوە دادەگرێت کە لە خوولی یەکەمدا، "١٢"ژمارەی لێدەرچووەو تا کۆتایی ساڵی"١٩٦٧"، بەردەوام بووە"٨".

لەبارەی خوولی دووەمەوە، سەعید ناکام دەنووسێت (وەک درێژەی ئەو بڵاوکراوەیە-دەنگی پێشمەرگە- دەستم کرد بە دەرهێنانی گۆڤارێکی ڕێکوپێک بە شێوەی چاپەمەنی نوێ کە لەمانگی ئازاری"١٩٦٨" یەکەم بەرهەمم لەژێر ژمارەی سێزدەدا بڵاوکرایەوە. . . . لەماوەی بیست مانگدا"ئاداری ١٩٦٨" تاوەکو "تشرینی دووەمی ١٩٦٩"، دوازدە ژمارەی "دەنگی پێشمەرگە"م دەرهێنا)"٩" .

-ژمارە "١٣"ی کە دەکاتە یەکەم ژمارەی خوولی دووەم، لە مارتی"١٩٦٨"دا، دەرچووە.

-ژمارە "١٤"ی لە ئایاری "١٩٦٨"دا، دەرچووە "١٠".

-ژمارە "١٥"ی لە ئەیلولی "١٩٦٨"دا، دەرچووە.

-ژمارە "١٦"ی لە تشرینی دووەمی "١٩٦٨"دا، دەرچووە.

-ژمارە "١٧"ی لە کانوونی دووەمی "١٩٦٩"دا، دەرچووە.

-ژمارە "١٨"ی لە مارتی "١٩٦٩"دا، لە چاپخانەی خەباتدا، دەرچووە.

-ژمارە "١٩"ی لە نیسانی "١٩٦٩"دا، دەرچووە.

-ژمارە "٢٠"ی لە مایسی "١٩٦٩"دا، دەرچووە"١١".

-ژمارە "٢١"ی لە حوزەیرانی"١٩٦٩"دا، دەرچووە.

-ژمارە "٢٢"ی بە گوێرەی ئەو سەرچاوانەی من سەیرم کردوون، ئاماژە بەوە نەکراوە کە کەی دەرچووە.

-ژمارە "٢٣"ی لە ئەیلولی"١٩٦٩"دا، دەرچووە.

-ژمارە "٢٤"ی لە تشرینی دووەمی"١٩٦٩"دا، دەرچووە. ئەو ژمارەیە دوا ژمارەی خوولی دووەم بووە.

بە گوێرەی زانیارییەکانی ناو نامەکەی "وریا جاف"، کە بۆ دەستەی نووسەرانی گۆڤاری "ڕۆژنامەنووس"ی ناردووە، لەژێر ئارمی ژمارە"١٣"و"١٤"دا نووسراوە: (لیژنەی پروپاگەندەی شۆڕشی کوردستان دەریدەکات). لە ژمارە "١٥" تاکو ژمارە "٢٤"یش لەژێر ئارمی دەنگی

پێشمەرگەدا نوسراوە(لیژنەی پەخش و ئاراستەی شۆڕشی کوردستان دەری ئەکا)پاش ئەوەی کە شۆڕشی ئەیلول لە کۆتاییەکانی ساڵی "١٩٦٩"دا، پێدەنێتە قۆناغێکی تری خەباتی سیاسی و چەکداری، دەنگی پێشمەرگەش لە دەرچوون دەوەستێت.

**خوولی سێیەم**

پاش ئەوەی کە حکومەتی عێراق لە بەجێهێنانی بەڵێنەکانی پەیماننامەی"١١ی ئازار"، پاشگەز دەبێتەوە، سەرکردایەتی سیاسی کورد، بە ناچاری پەنا بۆ شۆڕشی چەکداری دەباتەوەو لە ئازاری"١٩٧٤"دا، چیاکان دەکاتەوە پشتو پەنای خۆی. جارێکی ترو لە خوولێکی تردا کە دەبێتە خوولی سێیەم، دەنگی پێشمەرگە، دەردەچێتەوە. وا دیارە لەم خوولەشدا، سەعید ناکام ڕۆڵی کارای هەبووە، چونکە ناوبراو دەنووسێت(ژمارە بیستو پێنجی گۆڤاری دەنگی پێشمەرگەشم چاپ کردوو ژیاندەوە)"١٢" .
لەم خوولە تازەیەدا، کە لە ئازاری"١٩٧٤"ەوە دەست پێدەکات و تا مانگی ڕەزبەر"ئاب"ی"١٩٧٤"، بەردەوام دەبێت، چوار ژمارەی تری لێدەردەچێت کە بەم شێوەیە بووە :
-ژمارە "٢٥"ی خوولی سێیەم، لە مارتی "١٩٧٤"دا، دەرچووە.
-ژمارە"٢٦"ی خوولی سێیەم، لە گوڵان "مایسی ١٩٧٤"دا، لەژێر ناوی(ئەمانەتی گشتی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندن و لاوان دەریدەکات)دا، دەرچووە"١٣".
-ژمارە"٢٧"ی لە حوزەیرانی "١٩٧٤"دا، دەرچووە.
-ژمارە "٢٨"ی کە دوا ژمارە بووەو لە ڕەزبەر"ئابی ١٩٧٤"دا، دەرچووە. لەمە بەدواوە وەستاوە.

**خوولی چوارەم**

ئەوەی جێگای سەرنجە ئەوەیە کە "دەنگی پێشمەرگە"، لە شۆڕشی نوێدا، (شۆڕشی گوڵان)، لە ماوەی پازدە ساڵی چەکداریدا، بە درێژایی شۆڕشی گوڵان، دەرناچێتەوە. پاش ڕاپەڕین و لە خوولێکی تردا"خوولی چوارەم"، دەردەچێتەوە.
یەکەم ژمارەی ئەم خوولەی لە ئەیلولی"١٩٩٧"دا، وەک (گۆڤارێکی ڕۆشنبیری گشتی)، بڵاو دەبێتەوە. . . ژمارەی لاپەڕەکانی ئەم خوولەی لەنێوان"١٠٠-

١٢٢"لاپەڕەدا بووە. دیزاین و هونەرێکی جوانی چاپی هەیەو لاپەڕەکانی ڕەنگاو ڕەنگە. لە ژمارەکانی ئەم دواییەیدا بۆتە (گۆڤارێکی گشتی ڕۆشنبیری سیاسی سەربازیەو لەلایەن مەکتەبی گشتی ڕێکخستنی پێشمەرگە-بەشی ڕاگەیاندن-مانگی جارێک دەردەچێت).
بە گوێرەی زانیارییەکانی"سەفەر یوسف میرخان"، کە لە ڕۆژنامەی"خەبات"دا بڵاویکردۆتەوە، لە خوولی چوارەمدا، تا ڕۆژی"٢٠٠٨/٩/١٩"، سەدو بیستوپێنج، ژمارەی لێدەرچووە.

**ئەنجام**

پاش خوێندنەوەو شەن و کەو کردنی ئەو بابەت و نووسین و دیکۆمێنتانەی کەلەسەر "دەنگی پێشمەرگە"، نووسراون، بەم ئامانجانە گەیشتین، کە دەتوانین لەچەند خاڵێکدا پۆلینیان بکەین :
١- ئەم گۆڤار(بڵاوکراوە)یە، یەکەم ژمارەی لە نیوەی دووەمی ساڵی"١٩٦٣"دا، دەرچووە.
٢- ماوەی نێوان"١٩٦٣-١٩٦٧"، بە خوولی یەکەم و ساڵانی"١٩٦٨-١٩٦٩"یش بە خوولی دووەم دادەنرێت.
٣- لە خوولی یەکەمدا، دوازدە ژمارەی لێدەرچوو.
٤- لە خوولی یەکەمدا، حیلمی عەلی شەریف و فەرەیدون عەلی ئەمین و شێرکۆ بێکەس و هەژار موکریانی و سامی عەبدولڕەحمان و مەلای ئاوارە"١٤"، سەرپەرشتی و کاریان تێدا کردووە.
٥- خوولی دووەم دەکەوێتە نێوان"مارتی ١٩٦٨-تشرینی دووەمی ١٩٦٩". لەم خوولەدا، سەعید ناکام، سەرپەرشتکاری بووەو توانیویەتی دوازدە ژمارەی تری لێدەربکات. ژمارە یەکی خوولی دووەمی، ژمارە "١٣"ی پێدراوە، وەک درێژەپێدەری خوولی یەکەم. لە خوولی دووەمدا، دوازدە ژمارەی تر(لە ژمارە ١٣ -٢٤ بڵاوکراوەتەوە).
٦- خوولی سێیەم، لە ژمارە "٢٥-مارتی ١٩٧٤"ەوە دەست پێدەکات و لە ژمارە"٢٨"ڕەزبەر"ئابی ١٩٧٤"دا، کۆتایی پێدێت. لەم خوولەدا تەنها چوار ژمارەی لێدەرچووە. دیسان سەعید ناکام ڕۆڵی سەرەکی تێدا بینیوە.
٧- لە شۆڕشی گوڵاندا"١٩٧٦-١٩٩١"، هیچ گۆڤارو بڵاوکراوەیەک لەلایەن

پارتی دیموکراتی کوردستانەوە، بە ناوی دەنگی پێشمەرگە، بڵاونەکراوەتەوە
٨- خوولی چوارەم دەکەوێتە دوای ڕاپەڕین و شەڕی ناوخۆ
یەکەم ژمارەی ئەم خوولەی لە ئەیلولی "١٩٩٧"دا دەرچووە. لەم خوولەدا، بە فۆڕمێکی تازە(لەڕوی دیزاین، ڕەنگ، وێنە، فۆنت، قەبارە، تیراژ، ژمارەی لاپەڕە)، چاپ و بڵاوبۆتەوە.

## پەراوێزەکان

١-سەفەر یوسف میرخان، دەنگی پێشمەرگە بەخشش و یادگارییەکانی شۆڕشی ئەیلول و نۆبەرەیەک لە بزاڤی ڕۆژنامەگەریی کوردیدا، ڕۆژنامەی "خەبات"، ژمارە"٢٩٧٦"، ڕۆژی٢٠٠٨/٩/١٩، لاپەڕە١١.
٢- نەوزاد عەلی ئەحمەد، ڕابەری ڕۆژنامەگەریی نهێنی کوردی١٩٦١-١٩٩١، سلێمانی، ٢٠٠١، لاپەڕە٢٧.
٣-د. ئازاد عوبێد سالح، کاریگەریی شۆڕشی ئەیلول لەسەر ڕۆژنامەوانیی کوردی١٩٦١-١٩٧٥، هەولێر، ٢٠٠٧، لاپەڕە ٢٦٥-٢٦٦.
٤ - مەلای ئاوارە لەژمارە"٢"ی هاوینی٢٠٠٤، لە گۆڤاری ڕۆژنامەنووس، دەنووسێت: بەر لە١٩٦٥، بە هاوکاری بەهەشتی مامۆستا عەبدولڕەحمان"هەژار موکریانی"و مامۆستا شێرکۆ بێکەس، یەکەم ژمارەی دەنگی پێشمەرگەمان، بڵاوکردەوە. بڕوانە: ڕۆژنامەنووس، ژمارە"٢"، هاوینی ٢٠٠٤، لاپەڕە ٢٣٤-٢٣٥.
٥ -شێرکۆ بێکەس، نووسین بە ئاوی خۆڵەمێش، ژیاننامەو بیرەوەری، بەرگی دووەم، چاپی یەکەم، سلێمانی، ٢٠١٣، لاپەڕە ١٤٩-١٥٠.
٦- سەعید ناکام، بیرەوەرییەکانی سەعید ناکام، چاپی یەکەم، هەولێر، ٢٠٠٣، لاپەڕە١٤٣.
٧ - هاوڕێ باخەوان، وشە پەرتەوازەکان، بەرگی یەکەم، سلێمانی، چاپخانەی سیما، ٢٠٠٨، لاپەڕە٢٧.
٨ - محەمەدی مەلا قادر، سەربردە کورتەیەک لە بیرەوەرییەکان، چاپی یەکەم، هەولێر، ٢٠٠٩، لاپەڕە٧٧.
٩ -سەعید ناکام، بیرەوەرییەکانی سەعید ناکام، لاپەڕە١٤٣.
(١٠ -وریا جاف، بۆ دەستەی نووسەرانی گۆڤاری ڕۆژنامەنووسی بەڕێز، نامە، ڕۆژنامەنووس)، ژمارە"٢"، هاوینی٢٠٠٤، لاپەڕە ٢٣٧-٢٤٠.
١١ - د. ئازاد عوبێد سالح، کاریگەریی شۆڕشی ئەیلول. . . ، لاپەڕە٢٦٥-٢٦٦.
١٢ -سەعید ناکام، بیرەوەرییەکانی سەعید ناکام، لاپەڕە١٦٣.
١٣ - وریا جاف، ڕۆژنامەنووس، ژمارە٢.

# (پەڕەنگ)
# زایەڵەی دەنگی ڕەوەندی کورد لە قۆناغە سەختەکاندا

ساغکردنەوەو بەسەرکردنەوەی گۆڤارو ڕۆژنامەو بڵاوکراوەکان، کارێکی گرنگ و یارمەتیدەریشە بۆ تێگەیشتن لە بزوتنەوەی ڕۆژنامەگەریی کوردی لەم قۆناغەدا. . . وێڕای ئەمەش بە خوێنەرو نەوەی نوێیان ئاشنا دەکات و ڕێگاکانیان ڕۆشنترو کورتتر دەکاتەوە. . . ئەگەر ئەو بەسەرکردنانەوەش، ئەو گۆڤارو بڵاوکراوانە بگرێتەوە کە لە سەردەمانێکدا لە دەرەوەی وڵاتدا دەرچووبن و ڕایەڵەی پەیوەندییەکانیش ئەوەندە ئاسان نەبووبن، گرنگی کارەکە دوو هێندەو هێندەو سێ هێندەی تر دەبێت. ئەڵمانیاش یەکێکە لەو وڵاتانەی کە کوردێکی زۆری لێ گیرساونەتەوەو لە شەستەکانی سەدەی ڕابردووەوە، تاوەکو ئێستا، بە دەیان گۆڤارو بڵاوکراوەی کوردییان لێ بڵاوکراونەتەوە.

یەکێک لەم گۆڤارانەی ئێمە لێرەدا دەمانەوێت هەروەستەی لەسەر بکەین، گۆڤاری (پەڕەنگ)ە. پێش پەڕەنگیش چەندین گۆڤاری تر لەم هەوارەدا دەرچووینە، نموونەی: (پرشنگ، دەنگی خوێندکاران، دەم، کوردستان ڕاپۆرت، مزگین، دڕک، ڕۆژی کوردستان، دەنگی خوێندکارانی کوردستان، پێشەنگ، ژیان، . . . . . تاد).

(پەڕەنگ) لە لایەن کۆمەڵێک کوردی ئاوارەی زێتر سەر بە باشووری کوردستان لە شاری (دارمشتاد)ی ئەڵمانیا، بە زمانی کوردی (کرمانجی خواروو- ڕێنووسی ئارامی) دەرچووە. بابەتەکان بە دیالێکتی (کرمانجی خواروو) بووە، جگە لە یەک بابەت کە وتارێکە لەلایەن (هەڤاڵ مراد) لە ژمارە (٥)دا، بە دیالێکتی (کرمانجی ژووروو- ڕێنووسی ئارامی)، نووسراوەو بڵاوکراوەتەوە. بە گوێرەی دوا هەوڵ و گەڕان و سوڕانی من، تا ئێستاکە (٦) شەش ژمارەی لێ دەرچووە، کە خۆشبەختانە من توانیومە (٥) ژمارەیان

دەست بخەم و لە ئەرشیفەکەی خۆمدا ریزبەندیان بکەم.

چاوەڕوان بووم تا ئەو تاکە ژمارەیەش کە ژمارە (٣) یە دەست بخەم، ئەوجا بابەتێکی لەسەر بنووسم. بەڵام زۆر لەمێژە هەوڵ دەدەم و سەرم بە زۆر شوێندا گرتووە کە گومانی دەستکەوتنم لێ کردووە، مخابن سۆراغ کردنەکەم بێ ئەنجام بووەو ئەو ژمارەیەم دەست نەکەوتووە.

**پێناسین**

لە هەر پێنج ژمارەکەدا، بە شێوەی جیا جیا ناوی (پەڕەنگ) لە دەستەڕاستی سەرووی بەرگی گۆڤارەکە نووسراوە. . . لە ژێر ئەم ئارمەشدا بە ڕێنووسی لاتینی (پەڕەنگ) نووسراوە. لە ژمارە (١) و (٢)دا، (نەجمەدین کەریم لە (سۆفیا)وە، بە نامەیەک لە ژێر ناونیشانی (پەڕەنگ و چەند وشەیەک) کۆمەڵێک ڕازو سەرنج و بۆچوونی خۆی دەربارەی ژمارە (١) خستۆتە ڕوو، لە پێشنیازێکیشدا دەڵێ: (پێشنیازی ئەوە دەکەم بگوترێت: گۆڤاری پەڕەنگ گۆڤارێکی ئەخباری و کولتورییە).

پێدەچێت ئەو پێشنیازە جێی خۆی گرتبێت بۆیە لە ژمارە (٤)داو لە لاپەڕەی یەکەمدا، کۆمەڵێک شت کراوە کە جاران نەبووینە. . . نموونەی:


(١)- لە لاکێشەیەکدا لەسەرەوە ناوی (پەڕەنگ) نووسراوە. . . لە لاکێشەیەکی ترداو لە ژێر پەڕەنگ وا پێناسەی گۆڤارەکە کراوە: (گۆڤارێکی ڕۆشنبیریی گشتییە، بۆ یەکگرتن و پێشخستنی فەرهەنگی کوردی هاوچەرخ).

(٢)- لە سێیەم لاکێشەدا، ناونیشانی گۆڤارەکە بڵاوکراوەتەوە کە دوو ناونیشان هەبووە، یەکەمیان:

pereng
TH-Darmstadt-PF-7262
G 700 Darmstadt w- Germany

دووەمیان:

Pereng
F-M-PF 2825
Gottingen 3400


پەرەنگ
PERENG
ژمارە ١ سالی ١٩٨٨
پاش هەڵەبجە ، خورماڵ
سلێمانی ، دەربەندیخان یان ...؟

لەژێر ناوونیشانەکەشدا، نرخی گۆڤارەکە کە (٦) مارکی ئەڵمانییە، نووسراوە. نرخی ژمارەکانی تریش هەر بەم شێوەیە بووە. پێشتر لە ژمارە (١) و (٢)دا، نرخەکەی دیار نەبووە.

(٣)- لەژێر نرخەکەش ڕوونکردنەوەیەک هەیە کە لە ژمارەکانی داهاتووشدا دەبینرێت. . . لە ڕوونکردنەوەکەدا هاتووە: (گۆڤاری پەڕەنگ تەنها بەرامبەر ئەو نووسینانە بەرپرسیارە کە لەژێر ناوی دەستەی ئامادەکەرانی گۆڤاری پەڕەنگدا بڵاو دەکرێتەوە. بەردەوام بوون و گەشەکردنی پەڕەنگ بەندە بە پشتگیریی و یارمەتی ئێوەوە. . . تکایە لە نووسین و ڕەخنەو پێشنیاز دریغی مەکەن).

لەژێر ئەو ڕوونکردنەوەیەشدا، ژمارەی بانک هەیە کە بۆ یارمەتی و پارە ناردنە، کە بەم شێوەیەیە:

Sparkasse Darmstadt
Az, Na
Kto-Nr-100060680
BLZ-50850150

(٤)- لە دەستە چەپی هەمان لاپەڕەداو لە سەرەوە، لە لاکێشەیەکدا، کە وێنەی قەڵەمێکی گەورەی سەر بەرەو ژێر لە تەنیشت لاکێشەکە دەبینرێت، وتەیەکی (ڕۆزا لۆکسمبۆرگ)یش لەناو لاکێشەکە لەم ژمارەو ژمارەکانی تریش وەک کلێشە دەبینرێت کە نووسراوە: (سەربەستی، ئازادی بیروڕا هەمیشە بۆ ئەوانەیە کە ڕوانگەو بۆچوونیان لەگەڵ ئێمەدا جیاوازە).

(٥)- لە خوار ئەم لاکێشەیەش، لەناو چوارچێوەیەک (پێڕست)ی بابەتەکانی پەڕەنگ دەبینرێت کە جاران ئەو (پێڕست)ە بە ناوی (ناوەڕۆک) لە دوا لاپەڕەی گۆڤارەکەدا بڵاو دەکرایەوە.

(٦)- لە ژێری ژێرەوەش تابلۆ و وێنەی بەرگ دەستنیشان کراوە.

**ئامانج لە دەرکردنی (پەڕەنگ)**

زۆر لەم گۆڤارو ڕۆژنامەو بڵاوکراوانەی کە کوردەکانی دەرەوە دەریان کردووە، جۆرە لایەنگیریی و سۆزدارییەک بۆ پارت و ڕێکخراوە سیاسییەکانی کوردستان (بە هەر چوار پارچەکەیەوە) بەدی دەکرێت. . . وەلێ لە (پەڕەنگ)دا، با نووسەرەکانیش لایەنگیرو هەواداری یەکێک لەو

پارتـانه بـن، یـان به پـێچەوانە، دژیـان بـن. . . نووسـین و بۆچـوونی وای تێدا بڵاوکـراونەتەوە، کە خـوێنەر هەسـت بەم لایەنگیـری و ئاراسـتانە بکـات. . . ئەوەی لە ناوەڕۆکی بابەتەکاندا بەدی دەکرێت:

– لایەنگیرو هەوادار و دژی هیچ پارتێک نین.

– کوردایەتی و هەستی کورد بوون، تاکە ئاراستەی هەموو نووسینەکانە. بە بۆچـوونی مـن، کارەسـاتی هەڵەبـجەو ئەنفـال، هۆکـارێکی سـەرەکی بـووە بـۆ یەکبوونی ئاراستەکان و نەمانی بەربەستی حزبایەتی تەسک.

– ڕەخـــنە (بە هەردوو دیـــوەکەیەوە، بنیـــاتنەرو ڕوخێـــنەر)، لە حزبەکـــان نەگیـراوە. . . هەمـوو هەوڵەکـان بە یەک ئاراسـتە کاریـان کـردووە کە ئەویـش بڵاوکـردنەوەو شـرۆڤە کردنـی ڕوداوەکـان و بە دنیـا ناسـاندنیان و ریـسوا کردنی ڕژێمی سەدام بووە.

**چرپەیەک**

بۆ زێتر ڕوونکردنەوەی ئاراستەو ئامانجەکانی (پەڕەنگ)، حەز دەکەین ئەو کـورتە نووسـینە کە بە نـاوی (چـرپەیەک) لە بەرگـی یەکەم (دیـوی نـاوەوە)ی ژمـــارە (١)دا بڵاوکـــراوەتەوە، دووبـــارە بـــڵاوی بکەیـــنەوە تـــاوەکو لە زاری خۆیانەوە ئامانج و ئاراستەکانی ئەم گۆڤارە بزانین:

(دیـسان گۆڤـارێکی نـوێ لە ئەوروپـادا. . بێگومـان گەلێـک گۆڤـار هەن لە ئەوروپاداو هەر یەکەیـان بە گـوێرەی بۆچـوون و بیرکـردنەوەی، دەرفەتـی بـۆ ئەو جۆرە لێکدانەوەیە ڕەخساندووە شوێنی خۆی لای خـوێنەران و لایەنگرانـی کـردۆتەوەو پەسـەند دەکرێت، بەڵام ئێمە بە پێویـستی نـازانین گۆڤارێـک تەنهـا خۆی بە بڵاوکردنەوەی نووسراوی تیۆرییەوە ببەستێتەوە، ئەمە زیـاتر ئەرکـی ئۆرگانی گروپە سیاسییەکانە.

زمانی کوردی بەهۆی باری سەختی کوردستان و تەسکبینی داگیرکەرانییەوە لە گۆڤارێک بێبەشە کە بتوانێت باوەش بۆ هەمـوو جـۆرە نووسـینێک بکاتەوەو ڕێـــگە لە بۆچـــوونە جیاوازەکـــان نەگرێـــت و بە شـــێوەیەکی دیمـــوکراتی پێـشکەوتنخوازانە لە ڕاسـتی سـەرجەمی ژیـان بڕوانێـت و ببێـتە چەقـی

پیاهەڵچوونی بیروڕای جیاواز، تا لەو ڕێگەیەوە دەرفەت بۆ خوێنەری کورد بڕەخسێت، خۆی لە ئەنجامی لێکدانەوەو هەڵسەنگاندن و هەژاندنیدا بڕیار بدات، نەک بە هۆی سانسۆرەوە، پێش دەمییان بۆ بکرێت. هەروەها بایەخدان بە ڕووداوەکانی کوردستان و ناوچەکانی تری جیهان کاریێکی زۆر زۆر پێویستە، چونکە ئێمە لەو جەرگەیەدا دەژێین و خۆ لێ دوور خستنەوەی، زەوی ژێر پێ ونکردن و چوونە دنیای خەیاڵەوەیە. واتە ئێمە دەمانەوێت پەڕەنگ گۆڤاریێکی ڕۆشنبیری بێت و ڕێگا بە هەموو قەڵەمێکی ئازاد، بێ سانسۆری نووسینەکەی، بە مەرجێک لەسەر بنچینەی دیموکراتی و پێشکەوتنخوازی داڕێژرابێت، بدات.

گۆڤاری پەڕەنگ بە هیچ شێوەیەک نایەوێت هاوڕکێی هیچ گۆڤارو لایەن و گروپی دیموکرات بکات و ئامادەی هاوکاریشە بە مەرجێک لە بەرژەوەندی گشتیدا بێت. جا داوا دەکەین، پەڕەنگ بە گۆڤاری خۆت بزانیت بە گوێرەی توانا بە بڵاوکردنەوەی و بە ناردنی نووسین و دەنگوباس و وێنە، پشتگیری لێ بکەیت و ڕەخنەو پێشنیازو ئامۆژگارییەکانت بە دڵنیاییی کاریگەریی دەبێت).

**پەڕەنگ: کاتی دەرچوون و قەبارەی ژمارەکانی**

- ژمارە (١)ی لە ساڵی ١٩٨٨، بە (٤٠) لاپەڕەی قەبارە (٢١ جاران ٢٩)سم، دەرچووە. . . مانگ و ڕۆژی دەرچوونی گۆڤارەکە دیار نییە، بەڵام بە گوێرەی ئەو نامەیەی کە لە لایەن (نەجمەدین کەریم)ەوە، بۆ گۆڤارەکە ناردراوەو لە ژمارە (٢)دا بڵاوکراوەتەوە، ناوبراو دەنووسێت: (لە ڕۆژی ٢٦ی ئەپریلی ١٩٨٨دا، ژمارە یەکی ساڵی ١٩٨٨ی گۆڤارە خنجیلانەکەتانم بە سوپاسەوە وەدەست گەیشت. . . .). جگە لەمەش، لە ژمارە یەکدا وێنەو هەواڵی کارەساتی هەڵەبجەی بڵاوکردۆتەوە. . . کەواتە دەبێت ژمارە یەک، لە کۆتایی ئادار یان سەرەتای مانگی نیسانی ١٩٨٨، دەرچووبێت.

- ژمارە (٢)ی لە ساڵی ١٩٨٨دا، بە (٦٠) لاپەڕەی هەمان قەبارەی ژمارە (١)، دەرچووە. بە گوێرەی بابەتێک کە لە لاپەڕە (٥٦)ی ئەو ژمارەیەدا بڵاوکراوەتەوەو باسی کۆمەڵێک چالاکی. کولتوری لە شارەکانی وەک:

(دارمشتاد، کوێلن، هایدڵبێرگ، دۆرتمۆند) دەکات کە لە ١٩٨٨/١١/١٢دا، ئەنجام دراون. کەواتە دەبێت ئەو ژمارەیە لە کۆتایی تشرینی دووەم، یان مانگی کانوونی یەکەمی ١٩٨٨دا دەرچووبێت.

- ژمارە (٤)ی ساڵی (٣) بە (٦٨) لاپەڕەی قەبارەی هەمان ژمارەکانی پێشوو دەرچووە. (ساڵەکەی لەسەر نەنووسراوە). ساڵی سێیەمی گۆڤارەکە دەکەوێتە نێوانی مانگی ئاداری ١٩٩٠- مانگی ئاداری ١٩٩١. ژمارە (٥)یشی لە مانگی یەکی ١٩٩١دا، دەرچووە. کەواتە: دەبێت ژمارە (٤) لە ساڵی ١٩٩٠دا دەرچوو بێت.

- ژمارە (٦) لە ساڵی ١٩٩١بە (٦٠) لاپەڕەی قەبارەی هەمان ژمارەکانی پێشوو دەرچووە. هەر چەندە ساڵی ١٩٩١ی دراوەتێ، بەڵام لە ڕاستیدا لە بەهاری ١٩٩٢دا، ئامادە کراوەو بڵاوبۆتەوە، جونکە لە بابەتی : (ئەرێ بابە دیموکراتییەت بۆ ناخۆشە. . . . !) کە لە لاپەڕە (٥٥-٥٦)دا بڵاوکراوەتەوە، لە کۆتایی بابەتەکە تێبینییەک هەیە کە تێیدا هاتووە: (بڕوانە: ڕۆژنامەی صوت آلکویت)، ژمارە ٤٧٧، ڕۆژی پێنج شەممەی ڕێکەوتی ١٩٩٢/٢/٢، هەردوو وێنەکەش (مەبەست لە وێنەکانی بابەتی ئەرێ دیموکراتییەت بۆ ناخۆشە) وەرگیراوە.

- ژمارەی لاپەڕەکانی هەر پێنج ژمارەکە بەسەر یەکەوە (٣٠٠) لاپەڕەیە.

### نووسەرەکانی پەڕەنگ

هەر چەندە گۆڤارەکە لە دەرەوە دەرچووەو لە ژێر دەسەڵاتی ڕژێمدا نەبووە، لەگەڵ ئەوەشدا نووسەرەکان نەیانتوانیوە ناوی تەواوی خۆیان بنووسن، چونکە ئەو کاتە ڕژێم بالیۆزخانەکانی کردبووە مەکۆی کاری سیخوڕی کردن بەسەر ئەو خەڵکە نارازی و بەرهەڵستکارانەی کە لە دەرەوە بوون. جگە لەمەش خەڵکانێک لەبەر گرتن و ئازاردانی کەسوکاریان لەلایەن ڕژێمەوە، نەیانتوانیوە ناوی خۆیان ئاشکرا بکەن. . . هەر بۆیە زۆربەی هەرە زۆری بابەتەکان بە ناوی خواستراو(تەنها پیتێک یان یەک وشە)، بڵاوکراوەتەوە.

وا لێرەدا ناوی هەموو ئەو نووسەرانە (بە ناوی تەواو یان نازناو)، بڵاو دەکەینەوە، کە بابەتیان لەو پێنج ژمارەی (پەڕەنگ)دا، بڵاوکردۆتەوە.
- ئەو نووسەرانەی بە نازناو تەنها یەک بابەتیان لەم گۆڤارەدا بڵاوکردۆتەوە، ئەمانەن: (پەواز، سەفین، هۆزان، نەبەز، دیدار، دڵشاد، سەربەست، هەڵۆ، مەبەست، زاگرۆس، د. شوان، ڕەشید، ئاوارە، مینە، ئاواز، ش. ن. ڕ، سۆران، سیامەند، زەردەشت، زەردە، ڕەڤین، باوکی ئامانج، سوارۆ، باوکی ئاڵا، ئومێد، ب. لاوین، تاژدین، بابە حاجی، خانێ، شازێ، هیوا. م).
- (کەمال میراودەلی، جەلال میرزا کەریم، حوسێن بەفرین، نەجمەدین کەریم، سامان فوئاد، شێرکۆ بێکەس، کەمال ڕەشید، هەڤاڵ مراد، زریان کاکەیی، گۆران هەڵەبجەیی)، یەکەو یەک بابەتیان تێدا بڵاوکردۆتەوە.
- هەروەها بە ناوەکانی: (پەڕەنگ- ١٣، ئەنوەر محەمەد ئەحمەد- ٦، ئەحمەدی مەلا- ٤، ژیلەمۆ-٤، کاوە- ٣، د. فەرهاد پیربال- ٣، ئاسۆ سەڵتە- ٣، د. سەیدا- ٣) بابەت بڵاوبۆتەوە.
- (مستەفا گەرمیانی، هەورامان، دانا، گارا ڕەسوڵ، جەزا چنگیانی، د. ئیبراهیم، سیروان. ب) یەکەو دوو بابەتیان تێدا بڵاو کردۆتەوە.

**ناوەڕۆکی بابەتەکان**

گۆڤارەکە، گۆڤارێکی گشتی بووە، ناچێتە خانەی هیچ جۆرە پسپۆڕی و تایبەتمەندییەکەوە. . . لە (شیعرو چیرۆک بگرە تا دەگاتە کورتە هەواڵ و بابەتی زانستی)، بڵاوکردۆتەوە. . . بۆیە زۆر ئەستەمە تایبەتمەندییەکی بۆ دیاری بکەین. (پەڕەنگ)، زیتر لە (١٠٦) ناوونیشانی لەخۆ گرتووە، کە بەم شێوەیە پۆلینمان کردوون:
- (٦٣) وتار. . . وتارەکانی بریتی بووینە لە (لێکۆڵینەوەی ئەدەبی، لێکدانەوەی هەواڵ، بابەتی سیاسی، کاروباری سەربازی و جەنگ، مێژوویی، ڕەخنەی ئەدەبی، مێژووی سینەما، وتاری شانۆیی، نامەو هەڵسەنگاندن . . . .).
- (١٦) پارچە شیعر.
- (١٤) چیرۆک، کە بەشی زۆریان چیرۆکی وەرگێڕدراو بووینە.

- (٣) بیرەوەری، کە ئەحمەدی مەلا بە سێ بەش لە سێ ژمارەدا، بڵاوی کردونەتەوە.
- (٣) بابەتی زانستی.
- (٣) چاوپێکەوتن کە لەگەڵ (گارا ڕەسوڵ، مەکەنزی، ئیسماعیل بێشکچی)دا، ئەنجام دراون.
- (٣) نمایشکردنی کتێب. هەر سێ کتێبی (کورتە مێژووی فەلسەفە، بەیانی باش ئەی غەریبی، فەرهەنگۆکی ئەڵمانی- کوردی)، لە ژمارە (٢)دا، نمایش کراون.

**(وێنە) و (مۆنتیڤ) و (کاریکاتێر) لە (پەڕەنگ)دا**

وێنە هۆکارێکی گرنگ و زیندووە، بۆ زێتر ڕوونکردنەوەو ئاسانکارییەکیشە بۆ خوێنەران تاوەکو باشتر لەگەڵ بابەتەکاندا پەیوەست بن و ئەو زانیارییانەی کە وەریشی دەگرن، بە ئاسانی لە هزرو بیریان کاڵ نابێتەوە. لەم ڕووەوە، (پەڕەنگ)، بە یەکێک لەم گۆڤارە کوردییە دەوڵەمەندانە دادەنرێت کە لە ئەڵمانیادا دەرچووینە. ژمارە هەیە (٥٨) وێنەی تێدایە. وێنەکانیش دەکەینە سێ بەش :

- وێنە: (٨٤) وێنەی جۆر بە جۆری لە ؛ (ڕوداو، کەسایەتی، دیمەن، شار،....)، بڵاوکردۆتەوە، کە بەشێکی زۆریان وێنەی ئەو ڕوداوە تراژیدییانەیە کە بەسەر کورددا هاتوون، نموونەی: (هەڵەبجە، ئەنفال، کۆڕەو، کەمپەکانی کۆڕەو لە تورکیاو ئێران، . . .). هەندێک لەم وێنانە بە کامیرای ڕۆژنامەنووسە بێگانەکان گیراون و لە گۆڤارو ڕۆژنامەکانی دەرەوەدا، بڵاوکراونەتەوە. . . پەڕەنگ بۆ دەوڵەمەند کردنی بابەتەکانی، دووبارە ئەم وێنانەی بڵاوکردوونەتەوە.
- مۆنتیڤ: (٦٤) مۆنتیڤی بڵاوکردۆتەوە، کە لە ژمارە (١)و (٢)دا، ئاماژە بە ناوی خاوەنەکانیان نەکراوە، بەڵام لە ژمارەکانی (٤)و (٥)و (٦)دا، هەندێک لە مۆنتیڤەکان، ناو و ئیمزای هونەرمەند (دانا)ی لەسەرە.
- کاریکاتێر: کاریکاتێر لایەنێکی زیندووی ناو گۆڤارو ڕۆژنامەکانە.

کاریگەرییەکەی لە هەواڵ و شرۆڤەو بابەتەکانی تر کەمتر نییە. لەناو ئەم پێنج ژمارەیەدا، سی (٣٠) کاریکاتێر بڵاوکراونەتەوە کە بەشی زۆریان تایبەتن بە زوڵمو زۆری سەدام و ڕژێمەکەی دەرهەق بە گەلی کوردو سەرجەم گەلانی عێراق. چەند دانەیەکیان دەستکردی هونەرمەندانی کوردن، ئەوانی تر، لە گۆڤارو ڕۆژنامە جیهانییەکانەوە، خواستراون و دووبارە بڵاوکراونەتەوە.

**لایەنی هونەری و نەخشەسازی**

لە ڕووی هونەرییەوە، ژمارە سەرەتاییەکان، بە تایبەتیش ژمارە (١)و (٢)، زۆر سادە بووینەو جۆرە نەشارەزاییەک بە نەخشەسازەکانەوە دیارە. بۆ زێتر ڕوونکردنەوە، هەڵسەنگاندنەکەمان بەم شێوەیە پۆلین دەکەین:

- فۆنت: بابەتەکانی ژمارە (١)، بە فۆنتێکی بچووکی ئامێری تایپی (برازەر)، چاپکراوە. ناوونیشانەکانیش، بەشێکیان بە تایپ و بە فۆنتێکی گەورە نووسراون و بەشەکەی تریشیان بە دەست نووسراون. . .

پیتەکانی (ۆ)و (ڕ)یش سەرو بۆریان نییەو بەدەست بۆیان داندراوە. لە ژمارە (٢)دا، ئەو فۆنتەی پێی نووسراوە گەورەترەو ناوونیشانەکانیش وەک ژمارە (١) بە تایپ و دەست نووسراونەتەوە. . . ژمارەکانی تریش بە هەمان شێوە.

- ستوونەکان: لاپەڕەکان بەسەر (٣) ستووندا دابەش کراون، کە دوو ستوونیان پانییەکەیان (٥، ٥) سانتیمەترو ستوونی سێیەمیش (٦) سانتیمەترە. . . جار جارەش ناڕێکییەک لەم دابەشکردنەدا دەبینرێت.

- لە دابەشکردن و پۆلینکردنی بابەتەکاندا ناهاوسەنگی و ناڕێکییەکی زۆر بەدی دەکرێت. . . نەهاتوون بابەتەکان بە پێی چمک یەک لەدوای یەک بڵاوبکەنەوە. . . بۆ نموونە: یەکەم جار وتارە سیاسییەکان، ئینجا چیرۆک، شیعر، بابەتی زانستی، چاوپێکەوتن. . . تاد. جاری وا هەبووە لە ژمارەیەکدا، بابەتێکی سیاسی بڵاوبۆتەوە، بە دوای ئەو شیعرێک هاتووە. . ئینجا (بابەتی سیاسی، چیرۆک، بابەتی کۆمەڵایەتی، شیعر، . . . تاد).

- قەبارەی ژمارەکان: بە شێوەیەکی گشتی قەبارەی هەموو ژمارەکان (٢١ جاران ٢٩) سانتیمەترە. بەڵام جاروبار لە کاتی بڕیندا، نیو بۆ سانتیمەترێک

کەم و زیـادییەک لە قەبـارەی ژمارەکانـدا بەدی دەکرێـت و بە شـێوەیەکی ستاندارت نەبڕدراون.

– لە ژمارەکانی (٤)و (٥)و (٦)دا، شێوەی چاپکردنی بابەتەکان ڕێکترو پاکتر بـووەو ئەو تـایپەی کە پێـی چـاپکراوە نـوێتر دیـارەو جـۆرە جیـاوازییەک لە شـێوەی فۆنتەکـان لەگەڵ ژمارەکـانی پێـشووتر، بەدی دەکـرێن. بە کـورتی لە ژمارەکـانی (٥)و (٦)دا، سەرپەرشـتکارانی (پەڕەنـگ)، بـوونەتە خـاوەن ئەزموونێک و لە ڕووی دیزاین و نەخشەسازی و چاپەوە، توانیویـانە ژمـارە لە دوای ژمـارە، گۆڕانکـاری ئەرێنـی بکەن و گۆڤـارەکە جـوانترو هـونەری تـر بە چاپ بگەیەنن.

## بەرگ

وێـنەی بەرگـی یەکەم و دووەمـی هەر پێـنج ژمـارەکە، ڕەنگـاو ڕەنگـن، کە هەنـدێکیان فۆتـۆگرافین و ئەوانـی تـریش تـابلۆ و پـۆرترێتن. . . وا لە خـوارەوە باسی بەرگی هەر پێنج ژمارەکە دەکەین:

*** ژمارە (١):**

– بەرگی یەکەم (دەرەوە): وێنەیەکی فۆتـۆگرافی منداڵێکی کوردە کە بە گـازی کیمیایی جەستەی سووتاوەو لە نەخۆشخانە لە ژێر چاودێری پزیشک دایە.

– بەرگـی یەکەم (نـاوەوە): تەواوی لاپەڕەکە ڕەنگـی سـوورەو بە ڕەنگـی سپیش نووسینێک بە ناوونیشانی (چرپەیەک)، بڵاوکراوەتەوە.

– بەرگی دووەم (دیوی دەرەوە): تابلۆی لاپەڕەکە ڕەنگی سـوورەو بە ڕەنگی سـپیش نووسـینێک بە ناوونیـشانی (شـێخ وەسـانان) بڵاوکـراوەتەوە کە باسـی جوگرافیاو ژمارەی دانیشتوان و کیمیا بارانکردنی ئەم گوندە دەکات.

*** ژمارە (٢):**

– بەرگـی یەکەم (دەرەوە): سـێ وێنەی ڕەنگـاوڕەنگی فۆتـۆگرافی ئاوارەکـانی کـوردە لە کەمپەکـانی تورکیـاو ئێـران کە لە کـۆڕەوی ١٩٩١دا، ڕوویـان لەم وڵاتانە کردووە.

- بەرگی یەکەم (ناوەوە): وێنەیەکی فۆتۆگرافی ڕەش و سپی، کە کۆمەڵێک تەرمی ژن و منداڵی خنکاو بە گازی کیمیایی لە ناو پیکابێکی ژمارە (٥٨١٤)، سلێمانی- عێراق، دەبینرێن. لەسەر وێنەکەش پۆستەرە شیعرێکی (ڕەزا حەمە فەرەج)، بە ڕەنگی سوور بڵاوکراوەتەوە.
- بەرگی دووەم (دەرەوە): تابلۆی (تا کەی چاوەڕوانی) هونەرمەند (شوان)ە.
- بەرگی دووەم (دیوی ناوەوە): کورتە نووسینێک هەر بە ناوی تابلۆی (تا کەی چاوەڕوانی)، بڵاوکراوەتەوە.

*** ژمارە (٤):**

- بەرگی یەکەم (دەرەوە): کوردێکی موکریانییە، نیگارکێشەکەی نەناسراوە. (مینۆرسکی) ساڵی ١٩١٣، لە تەوریز کڕیویەتی. (تەمەنی تابلۆکە لە کاتی کڕینی کۆنترە).
- بەرگی یەکەم (دیوی ناوەوە): وێنەی ئاوارەکانی گازی کیمیایین لە تورکیا.
- بەرگی دووەم (دیوی دەرەوە): تابلۆی هونەرمەند (فایەق ڕەسوڵ)ە.
- بەرگی دووەم (دیوی ناوەوە): وێنەیەکی (کاولۆکان)ی سەر بە شاری ڕواندزە لە ساڵانی چلەکاندا، (کۆکراوەکانی مەکەنزی).

*** ژمارە (٥):**

- بەرگی یەکەم (دیوی دەرەوە): کاریکاتێرێکی سەدامەو لە ژمارە (٣٥)ی ١٩٩٠/٨/٢٣ی گۆڤاری بونتەی ئەڵمانی وەرگیراوە.
- بەرگی یەکەم (دیوی ناوەوە): منداڵێک لە یەکێک لە کەمپەکانی ئاوارەکانی گازی کیمیایی لە تورکیا.
- بەرگی دووەم (دیوی دەرەوە): تابلۆی هونەرمەند (مەنسوور).
- بەرگی دووەم (دیوی ناوەوە): وێنەی منداڵێک لە لایەن (هێلاشلۆمبێرگ)ەوە گیراوە.

*** ژمارە (٦):**

- بەرگی یەکەم (دیوی دەرەوە): وێنەی کۆنتێنەیەک لەبەردەم دەزگای ئەمنی

سلێمانیدا، که ساڵەهای ساڵ شوێنی دەست درێژی کردنه سەر ژنانی کورد بووه. وێنەگر: لاله گەشه.

- بەرگی یەکەم (دیوی ناوەوه): وێنەیەکی فۆتۆگرافییه که شەش منداڵ به ورده دارو بەرد خانوچکه دروست دەکەن.

- بەرگی دووەم (دیوی دەرەوه): تابلۆی (ڕێبوارێکی ماندوو)ی هونەرمەند (عەتا قەزاز).

- بەرگی دووەم (دیوی ناوەوه): وێنەیەکی فۆتۆگرافی کۆڕەو.

**ئیندێکسی پێنج ژمارەی (پەڕەنگ)**

* ژماره (١)، ١٩٨٨.

- پاش هەڵەبجه، خورماڵ سلێمانی یان . . . ؟، وتار، پواز، ل١.
- بوونم، شیعر، ئەنوەر محەمەد ئەحمەد، ل٥.
- شەڕی عێراق و ئێران، وتار، سەفین، ل٦.
- ڕۆشناییەک لەسەر ئێستای ڕۆشنبیریی کوردی، وتار، گارا ڕەسوڵ، ل١١.
- وانەکانی ڕاپەڕینەکەی هامبۆرگ، وتار، ئێرنست نیلمان، ل١٥.
- عێراق له ڕوانگەی ڕۆژنامەنووسێکی سویسرییەوه، وتار، هۆزان، ل٢٠.
- منداڵانی بێ منداڵان، وتار، دیدار، ل٢١.
- فەلەستین، وتار، سەربەست، ل٢٢.
- پەنابەرێتی، وتار، مەبەست، ٢٣.
- کورته باس، هەمەڕەنگ، ل٢٥.
- زایەڵەی ویژدان، وتار، زاگرۆس، ل٢٨.
- بەراوردێک، کورته باس، ل٢٩.
- دوا بڕیاری هەرەوەزان، شیعر، ب- بریشت، ل٣٠.
- منداڵانی ئاخر زەمان، چیرۆک، عەزیز نەسین، وەرگێڕانی: ئەنوەر محەمەد ئەحمەد، ل٣١.
- عێراق یان ئێران، وتار، ل٣٢.
- بۆشایی، چیرۆک، کاوه، ل٣٣.

- پاشماوەی لاپەڕەکانی (١٩، ١٤، ٣٦، ٣٩)ی تێدایە، ل٣٥.
- ئەیدز، وتار، د. شوان، ل٣٦.
- گەردوون، وتار، ژیلەمۆ، ل٣٧.
- خاکی سوتاو، وتار، ل٣٧.
- ناوەڕۆک، ل٤٠.
* ژمارە (٢)، ١٩٨٨.
- دوا چارەسەری سەدام بۆ کێشەی کورد، وتار، ڕەشید، ل١.
- کڕێوەن، وتار، ل٤.
- بەڵگە، وتار، ل٥.
- پێشبڕکێی خۆ پڕ چەک کردن لە کەنداو، وڵاتە سەرمایەدارەکان ئەبوژێنێتەوە، وتار، ئاوارە، ل٦.
- پێشخستنی بەرهەمهێنانی چەک لە پشت پەردەی ئاشتیخوازی و پەیماننامەی چەک، وتار، سۆران، ل١٠.
- کورتە باس، ل١١.
- کەی هەوا دەسوتێ، وتار، و: گارا، ل١٣.
- عەزیز نەسین و مەسەلەی کورد، وتار، سیامەند، ل١٤.
- سوریالیزم، وتار، زەردەشت، ل١٦.
- بانگەوازی ئەحمەد بن بێلا، دەست هەڵبگرن لە قەتل و عامی میللەتی کورد، وتار، و: دانا، ل١٧.
- ئەوروپاو بازرگانی منداڵ، وتار، ل١٨.
- زانیاری مۆسیقا، وتار، ئاسۆ سەڵتە، ل١٩.
- موحیبەت، وتار، مستەفا گەرمیانی، ل٢٧.
- شاعیرو مۆم و زللە ، چیرۆک، کاوە، ل٣١.
- بۆ کوێ بڕۆینەوە، شیعر، ئەحمەدی مەلا، ل٣٣.
- ئاشنایەتی، شیعر، شێرکۆ بێکەس، ل٣٦.
- هەڵوێست، شیعر، ئاسۆ، ل٣٦.
- کامۆ، چیرۆک، و: ئەنوەر محەمەد ئەحمەد، ل٣٧.

- سینەما، هەڵسەنگاندنی دوو فیلم، وتار، کەمال ڕەشید، ل٤٠.
- ئەردینی کیران چەواشەکەری تۆقاندن لە سینەمای تورکیدا، وتار، ڕەڤین، ل٤٢.
- نەنە کاراریان کارەخان، وتاری ڕەخنەیی، هەورامان، ل٤٣.
- مۆسیقای سلێمانی بەغدا دەخاتە لارو لەنجە، وتار، ل٤٦.
- پاشماوەکان، ل٤٨.
- پەڕەنگ و چەند وشەیەک، نامە و پێشنیار، نەجمەدین کەریم، ل٤٩.
- گەردوون، وتار، ژیلەمۆ، ل٥٠.
- مانگرتن لە خواردن، وتار، کۆمیتەی بەرهەڵستی لەناو بردنی گەلی کورد لە فەڕەنسا، وتار، ل٥٣.
- بانگەواز، بانگەواز، کۆمیتەی هاوکاری کوردستان لە سویسرا، ل٥٤.
- لە نێوەندی ڕۆشنبیری (مشت) میونخ بۆ گۆڤاری پەڕەنگ، نامە، ل٥٥.
- چالاکی کولتوری، ل٥٦.
- پاشماوەی وتارەکان، ل٥٧.
- نمایشکردنی وتارەکان، ل٥٧.
- نمایشکردنی سێ کتێب:
١ - کورتە مێژووی فەلسەفە، ئامادە کردن و وەرگێڕانی: مەحمودی مەلا عیزەت.
٢- بەیانی باش ئەی غەریبی، شانۆنامە، فەرهاد پیرباڵ.
٣- فەرهەنگۆکی ئەڵمانی کوردی، نەوزاد محەمەد قەفتان، ل٥٨-٥٩.
- ناوەڕۆک، ل٦٠.
* ژمارە (٤)، ساڵی (٣)
- ئاوڕدانەوەیەک لە گۆڕانکارییەکانی ئەوروپا، وتار، پەڕەنگ، ل٢.
- دۆسیەی کورتە چیرۆک، وتار، د. سەیدا، ل٧.
- لە دێی ماکوندۆ ئاشتی بەرکەماڵە، چیرۆک، ل١١.
- پیاو و فلیمەکە، چیرۆک، و: تاژدین، ل١٨.
- ڕاگەیاندنەکەی کارلۆس لۆپێز، چیرۆک، و: سامان فوئاد، ل٢١.

- هەواڵێک، ل٢٣.
- کەشتی دیلەکان، چیرۆک، و: بابە حاجی، ل٢٤.
- پوپای ئوام چوو بۆ بانکۆک، چیرۆک، و: خانێ، ل٢٧.
- ژیانی بەختەوەرو کورتی کۆنات، چیرۆک، و: شازێ، ل٣٢.
- ئافرەتی کوردو مافی مرۆڤ، وتار، مستەفا گەرمیانی، ل٣٥.
- چاوپێکەوتنێک، هیوا. م، ل٣٧.
- ئیساکە، یادەوەری، ئەحمەدی مەلا، ل٤٠.
- چەند لایەنێکی زمانی کوردی، ڕێزمان، د. ئیبراهیم عەزیز ئیبراهیم، ل٤٤.
- هونەر چییە، وتار، ئاسۆ سەڵتە، ل٤٨.
- عێراق، وتار، ئامادەکردنی: زەردە، ل٥٧.
- ئەگەر نەهات، پەخشان، سیروان. ب، ل٥٩.
- ژیلەمۆی هەڵچوونی مەرگ، شیعر، مینە، ل٦٠.
- ئاپۆرەی سەر شەقامەکان، شیعر، فەرهاد پیرباڵ، ل٦٣.
- بەرەو ژیان، شیعر، ئاواز، ل٦٥.
- سەرنجێک لە گۆڤاری پەڕەنگ، وتار، جەزا چنگیانی، ل٦٧.
* ژمارە (٥)، مانگی یەکی ١٩٩١.
- تراژیدیای جەنگ و ناوچەکە، وتار، پەڕەنگ، ل٢.
- تکای منداڵان، شیعر، و: ئەنوەر، ل١١.
- خوێنڕێژی بەغدا، وتار، ژیلەمۆ، ل١٢.
- فاشیزمی نوێ لە ئەڵمانیا، وتار، و: ش. ن. ز، ل١٣.
- یەکی گوڵانێ و پاڵێن کورد، وتار، هەڤاڵ مراد، ل١٦.
- ڕژێمی کۆنەپەرستی عێراق بۆ پێش سەرهەڵدانی ئیسلام دەگەڕێتەوە، وتار، باوکی ئامانج، ل١٨.
- چەند تێبینییەک لەسەر ئافرەتانی کوردو مافی مرۆڤ، وتار، سوارۆ ، ل٢٠.
- سەرخۆش، شیعر، فەرهاد پیرباڵ، ٢٢.
- سینەمای کوردی و کورد لە سینەما، کوردەکان لە سینەمای سۆڤیەتی، وتار، و: سەیدا، ل٢٤.

- سیستەمی ستانیس لافسکی، وتار، هەورامان، ل٣١.
- ژوورەکەم ، شیعر، زریان کاکەیی، ل٣٥.
- چاوپێکەوتنێک لەگەڵ مەکەنزی، پەڕەنگ، ل٣٦.
- لەیادی قانیع، وتار، هەورامان، ل٤١.
- چەند لایەنێکی زمانی کوردی، بەشی دووەم، ڕێزمان، د. ئیبراهیم عەزیز ئیبراهیم، ل٤٧.
- چاوی عەشقێکی تر، شیعر، جەزا چنگیانی، ل٥٢.
- ڕەنگەکان لەناو مندا، وتار، دانا، ل٥٣.
- ئیساکە، بەشی دووەم، بیرەوەری، ئەحمەدی مەلا، ل٥٥.
- جوانی، چیرۆک، و: گۆران هەڵەبجەیی، ل٦٠.
- گوڵالە کێویەکانی کۆتەڵ، چیرۆک، فەرهاد پیرباڵ، ل٦٤.
- مۆر، چیرۆک، ئەنوەر محەمەد ئەحمەد، ل٦٨.
- ڕازێکی نەدرکاو، شیعر، سیروان. ب، ل٧٠.
- بانگەوازێک، کۆمەڵەی پەنابەرانی عێراقی لە ئەنقەرە، ل٧٢.
* ژمارە (٦)، ساڵی ١٩٩١.
- سەر لەنوێ ڕێکخستنەوەی جیهان، وتار، پەڕەنگ، ل٢.
- ئەنفالەکان، وتار، باوکێ ئالا، ل٧.
- لە بیرم نییە دوا جار بۆ کێ گریام، شیعر، کەمال میراودەلی ، ل١٢.
- کێشەی کوردو تەنگ و چەڵەمەی ڕابەرایەتی و بازنەی بەتاڵی (شەڕ) و (مفاوەزات)، بەشی یەکەم، وتار، د. فوئاد سەیدا، ل١٦.
- چاوپێکەوتنێک لەگەڵ ئیسماعیل بێشکچی، چاوپێکەوتن، و: پەڕەنگ، ل٢٧.
- ئیساکە، بەشی سێیەم، بیرەوەری، ئەحمەدی مەلا، ل٣٠.
- سەرنجێک دەربارەی پاشگرێک لە زمانی کوردیدا، وتار، ئومێد، ل٣٤.
- سەرەتای حەیرانی تەمەنمان، شیعر، جەلال میرزا کەریم، ل٣٦.
- مەسەلەی نەتەوایەتی لە ئێرانداو شۆڤینزم وەک سیاسەتی باوی ڕژێمە دەسەڵاتدارەکانی ئێران، وتار، ب. لاوین، ل٣٩.
- ئوم ماعارک، وتار، ژیلەمۆ، ل٤٦.

- خامۆشییەکی پیرۆز، چیرۆک، و: هەڵۆ، ل٤٧.
- تاڵە موو، چیرۆک، ئەنوەر محەمەد ئەحمەد، ل٤٩.
- هونەرمەند جەمال عەبدۆ، وتار، ل٥٢.
- ڕەگەز پەرستی لە ئەڵمانیا، وتار، نەبەز، ل٥٣.
- ئەرێ بابە دیموکراتییەت بۆ ناخۆشە، وتار، دلشاد، ل٥٥.
- ناپیاو، شیعر، ح. بەفرین (حوسێن بەفرین)، ل٥٧.

# پێشکەوتن :
# گۆڤارێکی تەمەن کورت و بە بڕشت

ڕۆژنامەگەریی کوردی بە گەلێک قۆناغی جیا جیادا تێپەڕیوە. ڕووبەڕووی دەیان ئاستەنگی قەبە، هاتووە. لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا، بێ پسانەوەو بەردەوام، شان بە شانی تفەنگە ئەکتیڤەکان، لە خەبات و تێکۆشاندا، بەردەوام بووە. ڕۆژنامەنووسە بوێرەکان، ئەوانەی گیانی خۆیان خستبووە سەر لەپی دەست و ، مەمرەو مەژی، داینەمۆی سەرەکی ئەم بزاڤە بووینەو درێژەیان بەم ڕێگا پیرۆزە داوە.
ڕۆژنامەگەریی شاخ، لە مێژووی بزاڤی کوردایەتیدا، شوێنێکی دیارو بەرچاوی هەبووە. . . سەربەرزانە، هاوسەنگەر لەگەڵ پێشمەرگەکان، مێژووی پڕ لە قوربانیدانی گەلەکەمانیان، نووسیوەتەوە. لە شۆڕشی نوێی ئەمجارەشماندا، بە دەیان گۆڤارو ڕۆژنامەو بڵاوکراوەی جیا جیا، لە ڕووی هزرو ئایدۆلۆژییەوە، دەرچووینە، کە لە ئاراستە کردن و گۆشکردنی جەماوەردا، جێ پەنجەیان لەسەر ئەم نەخشە جەنجاڵەدا، دیارو ڕۆشن بووە. جگە لەمەش، دۆزی کوردیان بە خەڵکی تر ناساندووەو، ڕژێمە داگیرکەرەکانیشیان، ڕیسوا کردووە. یەکێک لەم گۆڤارە سەربەرزانەی کە دەبێت شوێنێکی شایستەی لە خەباتی کوردایەتی و چینایەتیدا، دەقەبەر بکرێ، گۆڤاری (پێشکەوتن)ە.

## پێناسین

کەڵەکە بوونی چەندین تەنگوچەڵەمەی فکری و ئیداری و ناوخۆیی، بووە هۆی لەباریەکچوون و لێکترازانی (حزبی سۆسیالیستی کوردستان)و، پارچە پارچە بوونی. بەرەنجامی لەبەرچاو نەگرتن و لەیەکتر حاڵی نەبوون و جیاوازی بیرکردنەوەو بیرو بۆچوون، زەمینەیەکی ئەوتۆی خولقاند کە لە

ڕێکەوتی ١٩٨٥/١٢/١٤ دا، (حزبی سۆسیالیستی کوردستان- عێراق/ ئیتجاهی دیموکراتی شۆرشگێڕ)، هەڵوێست وەربگرێت و، لە حزبی دایک، جودا بێتەوە. ئەم حزبە سەربەخۆیی خۆی ڕاگەیاندو کەوتە جموجۆڵ و ڕاپەڕاندنی ئیش و کاری خۆی. بۆ ئەم مەبەستەش، لەبواری ڕاگەیاندنەوە، (ئاڵای ئازادی) و گۆڤاری (پێشکەوتن)ی، دەرکرد.

پێشکەوتن، گۆڤارێکی سیاسی، ڕۆشنبیریی، گشتی، قەبارە (١٧ بە ٢١) سانتیمەتر، بوو، حزبی سۆشیالیستی کوردستان- عێراق/ ئیتجاهی دیموکراتی شۆڕشگێڕ، دواتر، (حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان)، لە شاخ، دەریدەکرد. هەمووی بەسەر یەکەوە، پێنج (٥)، ژمارەی لێدەرکراوە. لە یەکەم ژمارەوە، تا ژمارە چوار، لەژێر ناوی (حزبی سۆسیالیستی کوردستان- عێراق/ ئیتجاهی دیموکراتی شۆڕشگێڕ)دا، دەرچووە. لە پاش کۆنفرانسی یەکەمی ئەم حزبە لە بەهاری ساڵی (١٩٨٨)، کە لە کوردستاندا، بەستی، ناوی حزب بۆ (حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان)، گۆڕدرا. بۆیە: لە ژمارە پێنج (٥)دا، ناوی حزبە تازەکە (حزک)ی لەسەر نووسراوە. ئەم گۆڤارە لە ڕێگای ڕێکخستنەکانیانەوە، بڵاو دەبۆوەو، ئەم دەست و ئەو دەستی دەکرد. زۆر جاران دەگەیشتە ناو خوێندکارو نووسەرە بەغدانشینەکانیش. ئەم گۆڤارە، پێنج ژمارەی بەم شێوەیە، لێدەرچووە:

- ژمارە (١) ، ئازاری ١٩٨٦، ٤٤ لاپەڕە.
- ژمارە (٢) ، تشرینی یەکەمی ١٩٨٦ ، ٦٠ لاپەڕە.
- ژمارە (٣) ، شوباتی ١٩٨٧ ، ٨٠ لاپەڕە.
- ژمارە (٤) ، تشرینی یەکەمی ١٩٨٧، ٥٦ لاپەڕە.
- ژمارە (٥) ، نیسانی ١٩٨٨، ٥٢ لاپەڕە.

کۆی هەموو لاپەڕەکانی بەسەر یەکەوە: (٢٩٢)، لاپەڕە بوو. لە ژمارە دوو بەدواوە، چەند لاپەڕەیەکیشی بۆ بابەت به زمانی عەرەبی، تەرخان کردبوو.

## ناوەڕۆکی گۆڤارەکە

پێشکەوتن لە بزاڤی ڕۆژنامەگەریی کوردیدا، بە گۆڤارێکی چەپی شۆڕشگێڕ، لەقەڵەم دەدرێت. بە دیدێکی پێشکەوتنخوازانەوە، لەژێر ڕۆشنایی بیرو ئایدۆلۆژی (سۆسیالیستی زانستی)دا، هەڵوێستی لە ڕوداوەکان، وەردەگرت و شرۆڤەی گونجاوی، بۆ دەکردن. بابەتەکانی، زێتر سیاسی بوون. لەکۆی (٢٩٢) لاپەڕەدا، (١٨٣) لاپەڕەی بۆ بابەتی سیاسی، تەرخان کردبوو. پاش سیاسەتیش، (٥٠) لاپەڕە بۆ ئەدەب، (١٥) لاپەڕە بۆ بابەتی کۆمەڵایەتی، (١٤) لاپەڕە بۆ مێژوو، (٩) لاپەڕە بۆ مێژووی ڕۆژنامەگەریی کوردی. لە کۆی پێنج ژمارەدا، (١٢) لاپەڕەی بۆ زمانی عەرەبی تەرخان کردبوو. بەشە ئەدەبییەکەی بریتییوو لە بڵاوکردنەوەی نۆ پارچە شیعرو، دوو چیرۆک و، چوار لێکۆڵینەوە. یەکێک لە لێکۆڵینەوەکان، وەرگێڕان بوو. بابەتە وەرگێڕدراوەکان، هەموویان لە زمانی عەرەبییەوە، بوون.

پێشکەوتن، دوو گۆشەی بەردەوامی هەبوو، یەکەمیان: ڕۆژژمێری پێشمەرگە بوو، کە بریتی بوو لە بیرەوەرییە تاڵ و شیرینەکانی پێشمەرگە. بە شێوازێکی ئەدەبی پەخشان ئامێز، داڕێژرا بوون. گۆشەی دووەمیان: (داستانی پێشمەرگە)، بوو. ئەم گۆشەیە، گۆشەیەکی زیندو و هەست هەژێن و پڕ خوێنەر بوو. زانیاری لەسەر شەڕە داستان ئامێزەکان، بڵاو دەکردەوە، کە بۆ نووسینەوەی مێژووی هاوچەرخمان، سەنگی تایبەتی هەبوو، بە تایبەتیش، داستانەکانی: (وەڵزێ)و، (شیوەپیران)و، (دەشتێو)، (سماقولی)و، (ترپەسیان).

## نووسەرەکانی (پێشکەوتن)

سەختی ژیانی پێشمەرگایەتی و بوونی پاڵەپەستۆو فشاری ڕژێم لەسەر کەس و کاری پێشمەرگە، ببووە هۆی ئەوەی (ئەگەر نەڵێم هەمووی)، ئەوا دەتوانم بڵێم بەشی هەرە زۆری بابەتەکان، بە ناوی خوازراوەوە، بڵاوکراونەتەوە. ئەمەش لە پێناوی پاراستنی گیان و ماڵی کەسوکاری نووسەرەکانەوە، بووە. ئەم ناوە خواستراوانەش لە ڕۆژی ئەمڕۆماندا، بۆ


پێشکەوتن
1
گۆڤارێکی سیاسی
ڕۆشنبیری گشتییە

نووســـینەوەی مێـــژووی ئەم زەمەنە ســـەختە، سەرئێـــشەیەکی گەورەی دروستکردووە، چونکە: دەیان نووسەر، لە ڕێبازو بیرو بۆچوون و سەر بە حزبی جیا جیا، بە هەمان نازناو (ناوی خواستراو)، لە گۆڤارو بڵاوکراوەکانی شاخدا، نووسینیان بڵاوکردۆتەوە. دەبێت (هێرش)ی نووسەر لە گۆڤاری (پێشکەوتن) لەگەڵ (هێرش)ی نووسەر لە گۆڤارێکی تری سەر بە حزبێکی تر، جودا بکرێتەوە. دەبێت: هەوڵ و ماندو بوونی ئەوان ڕۆژنامەنووس و نووسەرانە، نەبێتە ئاردی ناو دڕکان . دەبێت بە مێژوو و نەوەی نوێ، بناسرێن.

لەم ڕوانگەیەوە، من بە پێویستی دەزانم - کاتی خۆی، وەک لە ستوونێکی ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ-شدا، ئاماژەم پێکردووە، دەبێت، ئەم نووسەرە گومناوانە، خۆیان ئاشکرا بکەن، یان ئاشکرا بکرێن، تاوەکو خەڵکی لە ڕێگای نووسینەکانیانەوە، بیانخوێننەوە. من بە سیفەتی ئەوەی دۆستایەتییەکی باش و پتەوم لەگەڵ (پێشکەوتن) و نووسەرەکانیدا هەبووە، وێرای ئەمەش، لە ڕێگای پرسیارو سۆراخکردنەوە، توانیوومە بەشێکی هەرە زۆری نووسەرەکانی ئەم گۆڤارە، ئاشکرا بکەم. بۆ ئەم مەبەستەش، سوودێکی باشم لە کاک ئاسۆ حەسەن (کاکل حەسەن)، وەرگرتوە. ناوبراو، هەرچەندە ناوی لەسەر گۆڤارەکە نەبووە، بەڵام سەرنووسەرو داینەمۆی سەرەکی پێشکەوتن، بووە.

لە کۆی سەرجەم بابەتەکاندا، دوو بابەت بە ناوی (دەستەی نووسەران)ەوە، بڵاوکراونەتەوە، کە هەردووکیان (هێرش)، نووسیویەتی. دوو بابەتیش بەناوی (پێشکەوتن)ەوە، بڵاوکراونەتەوە کە یەکێکیان (هێرش) و، ئەوی تریان (ب-ڕێگا)، نووسیویەتی. بابەتەکانی تریش بەم ناوانەوە بڵاوکراونەتەوە: (هێرش، ئاسۆ، دارا، ب- دەوەن، کاردۆ، ئومێد، دلێر، ئاشتی، ڕێباز، خەبات، عەبدولڕەزاق مەرزەنگ، ڕ- هۆشەنگ، ک- حەسەن، باوکی سەیران، م- سەنگەر، م. ج، ڕابەر، سەفین- خ، هێڤی، هەژار، هەڵمەت، فارس، زۆزان، ح. م، هاوار، هۆشەنگ، بروسک، ڕێکان، ب- پێشمەرگایەتی، ب- ڕێگا، هۆشمەند، گۆران، سۆران، ئاکۆ ئاکۆیانی، حەسیب).

هێرش و ئاشتی، هەر یەکەو سێ بابەتیان، بڵاوکردۆتەوەو بە پلەی یەکەم دێن. دوای ئەمانیش، ئەم نووسەرانە: (ئاسۆ، کاردۆ، هەڵمەت، ڕابەر، هەژار، زۆزان، ڕ- هۆشەنگ، ک- حەسەن، ڕێکان)، بە پلەی دووەم دێن و هەر یەکەو دوو بابەتیان لە هەر پێنج ژمارەکەدا، بڵاوکردۆتەوە. بە پێی ئەم زانیارییانەی کە دەستم کەوتوون، ناوە خواستراوەکان و ناوی ڕاستەقینەیان، بەم شێوەیە:

- هێرش: (قادر عەزیز)ی سکرتێری (حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان)ی جاران و ئەندامی مەکتەبی سیاسی (یەکێتی نیشتیمانی کوردستان)ی ئێستایە.

- ئاسۆ، کاردۆ، ئاشتی، ک- حەسەن، ب- پێشمەرگایەتی، هەموویان، (ئاسۆ حەسەن)ی ڕۆژنامەنووس و چیرۆکنووس، بووینە.

- ح. م، ب- ڕێگا: (عەباس محەمەد حوسێن)، ناسراو بە (حاجی مەمۆ)، یان (کاکەباس)، بووە. ناوبراو، ئەم کات (ئاڵای شۆڕش) بووە.

- ب- دەوەن، ڕێکان: (ئیسماعیل تەنیا)ی نووسەری ئەم بابەتە، بووە.

- هاوار، زۆزان: (عەبدولڕەزاق مەرزەنگ)، بووە.

- هەژار، م- سەنگەر، م. ح: نووسەرو پێشمەرگەی شەهید (هەژار دیدەوانی)، بووە.

- هەڵمەت: (ئیبراهیم) ناوێکە. بە داخەوە ناوی باوکیمان بۆ ساغ نەکراوەتەوە.

- ڕابەر: (ڕابەر ڕەشید)، یان (فازیل ڕەشید)ە، ناوبراو ئێستاکە مامۆستایەو لە شارۆچکەی (ئاڵتون کۆپری) پردێ، دەژیت.

- سەفین- خ: شاعیرو نووسەری خوالێخۆشبوو (ئەبوبەکر خۆشناو)، بووە.

- خەبات: (بەڵێن عەبدوڵڵا)ی ئەندامی دەستەی سەرۆکایەتی (حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان)ی ئێستایە.

- سۆران: مامۆستای زانکۆ، (دارا عومەر)ە.

- ئومێد: (زرار جۆلا)یە.

- حەسیب: (ئاریێز عەبدوڵڵا)ی ئەندامی سەرکردایەتی (یەکێتی نیشتیمانی کوردستان)ی ئێستایە.

**پێشکەوتن لە ڕووی هونەرییەوە**

بە هــــۆی کەمـــــدەرامەتی و هەل و مەرجە ســــــەختەکانی ئەوان ڕۆژان، بڵاوکراوەکـانیش، باڵایـان بەقەد بـاڵای ئەو هەل و مەرجـانە بـووە. . . بـۆیە، گۆڤـاری (پێشکەوتن)یـش، وەک هەمـوو گۆڤـارو بڵاوکراوەیەکـی تـری زادەی زەمەنـی شـاخ، لەم ڕووەوە، هەژارەو خواسـتی خـوێنەری ئەم سـەردەمە تێـر ناکـات. بە فۆنتێکی ورد تایـپ کـراوە، دێڕەکـان چوونەتە پاڵ یەک و بۆشـایی نێوانیان کەمە، وشـەکان سـەرو ژێریـان بـۆ نەکراوە، ناوونیشانی بابەتەکان بە دەســـتی نووســـراونەتەوە، لاپەڕەی دیـــارو جێگیرکـــراوی بـــۆ پاشـــماوەی بابەتەکـان، نییە، بە گـوێرەی (چـۆن گونجـان)، جێگایـان بـۆ کـراوەتەوە. بەرگ، کارتۆنێکی ڕەق و جوانە، هیچ وێنەیەکی لەسـەر نییە. لەسـەر بەرگی دووەمـدا، نـاوی گۆڤـارەکە بە پیتـی لاتینـی و ، هەروەهـا بە زمـانی عەرەبـی (ألتقـدم)، نووسـراوە. لە هەمـوو ژمارەکانیـدا، لە ڕوپەڕی نـاوەوەی بەرگـی یەکەمیـدا، وتەیەکـی (لینـین) نووسـراوە، کە گوزارشـت لە سەربەسـتی و بیروبۆچـوونی حزب دەکات.

بەم کـورتە نووسـینە، هیـوادارم تـوانیبێتم لاپەڕەیەکـی شـاراوە لە بزاڤـی ڕۆژنـامەگەریی کـوردی ســەردەمی خەبـاتی نهێنــی و شــاخ (١٩٧٥-١٩٩١) ئاشکرا بکەم و، هەوڵ و کۆششی ئەم سـەربازە ونانەشـم خستبێتەڕوو. درود بـــۆ گیـــانی هەردوو پێـــشمەرگەو شـــاعیر (ئەبـــوبەکر خۆشـــناو) و (هەژار دێـــدەوانی)، کە لەم گۆڤـــارەدا ڕۆڵیـــان هەبـــووەو یادەوەریـــان بۆمـــان بەجێهێشتووە. . .

# " هاڤیبوون "
# ناوەندێکی چالاک و بەخشندە بوو

بە گوێرەی بوون و ئاستی چەندایەتی و چۆنایەتی ڕەوەندی کورد لە وڵاتە جۆر بە جۆرەکانی دنیادا، بە دەیان ڕێکخراو و کۆمەڵەو ناوەندو گۆڤارو ڕۆژنامە دامەزراون و درێژەیان بە کارو چالاکییەکانیان داوە. . کرۆک و ئامانجی هەمووشیان، خزمەت کردن بووە بە مێژوو و کولتوری کوردی و، کێشە سیاسییە ڕەواکەی. هەر یەکەو لە تێڕوانینی خۆیەوە هەوڵی داوە شتێک بە شتێک بکات. هەندێک لەم دامودەزگاو سەنتەرانە، بە حوکمی نەبوونی توانای ماددی و فکری و مرۆییەوە، نەیانتوانیوە بەردەوام بن و درێژە بە چالاکییەکانیان بدەن، زوو بەزوو، لە چاوان ون بووینە. . هەندێکیش لەمانە بەهۆی لێهاتوویی و ئارام گرتن و سوور بوون لەسەر درێژە پێدان، توانیویانە بەردەوام بن و خەرمانەکە بە بەرەکەت تر بکەن.

یەکێک لەم ناوەندە چالاک و پڕ لە بەخششانە، کە ڕۆڵێکی ئەکتیڤی لە ناساندن و بەرچاو ڕوونکردنی کوردەکان لە دەرەوەی وڵاتدا هەبوو، " ناوەندی هاڤیبوون بۆ لێکۆڵینەوەو بڵاوکردنەوەی کوردی- بەرلین" بوو.

بەگوێرەی ئەم زانیارییانەی کە لەبەردەستی ئێمەدان و بۆ بەسەرکردنەوەی ئەم ناوەندە توانیومانە سوودی لێوەربگرین، ئەوەیە کە لەسەرەتادا بە هەوڵ و کۆششی چەند خوێندکارێکی کورد لە (زانکۆی ئازاد)ی بەرلین، لە هاوینی ساڵی ١٩٩٠دا، توانیویانە گروپێکی کوردی لەو خوێندکارە کوردانە پێک بهێنن کە لەم زانکۆیەدا دەیانخوێند. . دوای چەند دانیشتن و یەکتر بینین و کۆبوونەوەیەک، توانیویانە (گروپی کاری کوردستانی-کوردستان ئا گێ) ڕابگەیەنن.

ئەم گروپە لەساڵی ١٩٩٢دا، هەوڵیانداوە کارو چالاکییەکانیان فراوانتر بکەن و (ئینستیتویەکی کوردۆلۆژی) لە زانکۆی ناوبراو دابمەزرێنن، بەڵام لەبەر

فـــشاری دەوڵەتە داگیرکەرەکـــانی کوردســـتان لەلایەک و، پاراســـتنی بەرژەوەندییەکانی زانکۆ لە لایەکی ترەوە، ڕووبەڕووی ڕەفزکردن بوونەتەوە. . . بەتایبەتیش دەوڵەتی تورکیا زۆر هەوڵیداوە بەرپرسانی زانکۆ ڕازی بکات کە ڕەزامەند نەبێت لە پێدانی مۆڵەت بەم گرووپە. ئەم نەیارانە، لە هەوڵەکانیاندا سەرکەوتوو بووینە. لەگەڵ وەرگرتنی ئەم ڕەفزەش، هەندێک لە بەرپرسانی زانکۆ ڕێگەیان بەو خوێندکارانە نیشانداوەو پێیانگوتوون: (ئەگەر لەسەرەتادا ئێوە بتوانن چەند سیمینارێک ڕێکبخەن و تیایدا سەرکەوتووبن، ئەوە دەبێتە ڕێخۆشکەرێک بۆ هاتنەدی خواستەکانتان).

شایانی گوتنە؛ لەم کاتەدا، ژمارەی سەرجەم خوێندکارەکانی ئەم زانکۆیە خۆی لە شەستو پێنج (٦٥٠٠٠) هەزارێک دەدا. بۆ بەختیاری ئەم گرووپە، یەکێک لە ئەندامەکانی سەرۆکی (دەزگای خوێندکارانی زانکۆ) بووەو ڕۆڵێکی چاکی بینیوەو، پشتگیری لە بەئەنجام گەیاندنی پرۆژەکە، کردووە.

هەر لەم کاتەدا، گروپێکی کاری کوردۆلۆژی لە زانکۆی (هامبۆرگ) هەبووەو، لە ئەنجامی پەیوەندی و ڕا گۆڕینەوەدا، توانیویانە یارمەتی گرووپەکەی بەرلین بدەن. بە هاوکاری ئەوان، ڕیزە سیمینارێکیان لەسەر دۆزو کولتوری کوردی لە هاوینی ١٩٩٣دا، لە زانکۆی بەرلین سازکردووە. بابەتەکانی ئەم سیمینارانە، لە کتێبـــی جیـــا جیـــاو ســـەربەخۆدا، بە زمـــانی ئەڵمـــانی، چـــاپکراون و دەنگدانەوەیەکی باشی هەبووە. لەمە بەدواوە، بەهۆی هەوڵە بەردەوامەکانی ئەم گرووپە، سەرۆکایەتی زانکۆ لەسەرەتای ساڵی ١٩٩٥دا، ڕەزامەندی لەسەر داواکانیـــان داوە. لە وەرزی خوێنـــدنی (هـــاوینی ١٩٩٥و زســـتانی ١٩٩٥و ١٩٩٦)دا، بە هاوکاری لەگەڵ (بەشی ئێتنۆلۆگی) زانکۆ، چەند سیمینارێکی کوردۆلۆژییان ڕێکخستووەو زانکۆش هەموو مەسروفەکانی گرتۆتە ئەستۆی خۆی. بۆ ئەم سیمینارانەش دەیان پسپۆڕو شارەزاو کوردناسیان، لە وڵاتە جۆربەجۆرەکاندا، بانگهێشت کردووە.

لە ساڵی ١٩٩٨دا، سەرۆکایەتی زانکۆ، خەڵاتی (مارگەریتا برینتانۆ)ی داوەتە گرووپی ناوبراو. خەڵاتەکە بەهای بیست هەزار مارکی ئەوکاتی ئەڵمانی بووە. لە ڕۆژانـــی (٢٩-٣١/گـــولانی ١٩٩٨)دا، بە هاوکـــاری و پـــارەی ســـەرۆکایەتی

زانکۆ، توانیویـانە گەورەتـرین کـۆنگرەی کوردۆلـۆژی لە ئەورووپا ڕێکبخـەن و، هەژدە پسپۆڕی کوردۆلۆژی لە وڵاتەکانی جیهاندا، بانگهێشت بکەن.

دوای ئەم کـۆنگرەیەو دانوسـتاندنی بەردەوام، سـەرۆکایەتی زانکـۆ بڕیاریـدا دوو کەس لەم گـروپە، بـۆ مـاوەی دوو سـاڵ لە زانکـۆ دابمەزرێـنن تـاوەکو هەوڵبـدەن (ئینسـتیتوتەکی کوردۆلـۆژی) دابمەزرێـنن. دەزگـاکە دامەزرا، شـوێنەکەی بریتـی بـوو لە دوو ژوور. دوای پێنج مانگ توانییـان کتێبخـانەیەک بـۆ ناوەنـدەکە بـکەنەوە. لە ڕۆژانـی (٢٣-٢٥/٩/٢٠٠٠)دا، لەشـاری (کاتـسۆف)، کـۆنگرەی (لێکـۆڵینەوە لەسـەر ژنـانی کـورد)یـان سـازکردو، دواتـر بـابەتە پێـشکەش کراوەکـان بە زمـانی ئەڵمـانی لە دوو کتێبـدا، وەک زنجیـرەی بڵاوکراوەکانی (کوردۆلۆژی)، بڵاوکرانەوە. هەر لە سـەرەتادا، چەندین ناوەندو مامۆستای زانکۆ، دژایەتـی ئەم ناوەنـدەیان دەکرد. بۆیە ناوەندەکە ناچار بوو لەگەڵ (ئینستیتوتا ئێرانـستیک) پێکەوە کـار بـکەن. ئەم ئینـستیتوە هەوڵـی دەدا تەواوی گروپە کوردییەکە کۆنترۆڵ بکات و چالاکییەکانیان سنوردار بکات، بۆ بەرژەوەندی ئێران بەکاریان بهێنێت. . . تا ئەو ئاستە کە ئامادە نەبوون نـاوی پـرۆژەکەش بە (لێکـۆڵینەوەی کـوردی)، بمێنێـتەوە. بـۆیە ئەم دوو کەسـە کۆتاییان بە چالاکییەکانیان لەگەڵ ناوەندی ناوبراو هێناو لێی دوور کەوتنەوە. بەهۆی ئەم دژایەتـی کـردنەو گۆڕانکـاری لە سـەرۆکایەتی زانکۆی بەرلـین، لەم کاتەدا، زیانێکی گەورە بەر چالاکییەکانی پرۆژەی کوردۆلۆژی کەوت.

لە کۆتـایی سـاڵی (٢٠٠١)دا، بە فەرمـی (ناوەنـدی هـاڤیبوون بـۆ لێکـۆڵینەوەو بڵاوکردنەوەی کوردی) لەلایەن (عەبدولڕەحمان مزوری و موحسین ئۆسمان و سالمێ جاسـم) و بە ڕاوێژکـاری (د. فەرهـاد ئیبراهیم)، دامەزرا. ئەم ناوەنـدە توانیویانە چەندان سیمینارو کۆنگرەی گرنگ لەسـەر پرسـەکانی (کولتـور، ژن، شـانۆ، زمـان، مێـژوو) سـازبکەن و تـا سـەرەتای سـاڵی (٢٠٠٨)یش، توانیویـانە چـل و هەشـت (٤٨) کتێبـی هەمەچەشـن بە زمانەکـانی کـوردی و عەرەبـی و ئەڵمانی، بڵاوبکەنەوە. لەپاڵ ئەم چالاکیانەشیاندا، تـا هـاوینی (٢٠٠٨)، توانیویـانە بیـستو یەک ژمـارە لە گۆڤـاری (هـاڤیبوون) و دوو ژمـارە لە گۆڤـاری (کوردناسـی)، کە گۆڤـارێکی تـایبەت بـوو بە وەرگێڕانـی لێکۆڵینەوەکـانی بـابەتی

کوردۆلۆژی بۆ سەر زمانی کوردی و، دوو ژمارە لە گۆڤاری (پێڵ)، گۆڤاری یەکێتی نووسەرانی کورد- ڕۆژئاوای کوردستان لە دەرەوەی وڵات، چاپ و بڵاوبکەنەوە.

**گۆڤاری (هاڤیبوون)**

ئەم گۆڤارە هەروەک لە پێناسەکەیدا دیارە، گۆڤارێکی تایبەت بووە بە لێکۆڵینەوەی ئەکادیمی وشوێنێکی بەرچاوی هەیە لە بزاڤی ڕۆژنامەگەریی کوردیدا. جگە لە دەستەی بەڕێوەبەرو ستاڤە هەمیشەییەکەی، چەندان پسپۆڕو خاوەن بڕوانامەی ئەکادیمی پشتگیرییان لێکردووەو بابەتەکانیان لەوێدا بڵاوکردۆتەوە. یەکەم ژمارەی لە هاوینی ١٩٩٧دا، بە (١٣٢) لاپەڕەی قەبارە (١٤ جاران ٢٠)سم، بە زمانی کوردی (کرمانجی خواروو و ژوروو- ڕێنووسی ئارامی) دەرچووە. لە پێناسەکەیدا هاتووە: (کۆڤارەکا ڕەوشەنبیری گشتییە ژ پڕۆژی کوردۆلۆگیێ سەر ب کوردستان ئاگ، ئاستا فو ل زانکۆی ئازادا بەرلین دەردکەڤیت).


سەرنڤیسەر: سالمێ جاسم.

دەستەکا نڤیسەرا: کەریمێ بیانی، موحسین ئۆسمان، نەجیب باڵایی.

دەرهێنانی هونەری: گوهدار سەلاحەدین.

**مانای (هاڤیبوون)**

خوالێخۆشبوو (هەژار موکریانی) لە لاپەڕە (٩٤٠)ی فەرهەنگی (هەمبانە بۆرینە)، چاپی یەکەم، تاران، ١٣٦٩دا دەنووسێت: (هاڤی: نامۆ، غەوارە، بێگانە، غەریبە). کەواتە: هاڤیبوون بە مانای نامۆبوون، ئاوارەبوون دێت.


1997
هاڤیبون
كوڤارەكا رەوشەنبیری گشتی یە

**قەبارەو کاتی دەرچوونی**

هەمـوو ژمارەکـانی لە کـاتی دیـاریکراودا دەرنەچـووینەو، ژمـارەی لاپەڕەو قەبارەکانیشیان چەسپاو نەگۆڕ نەبووە. لەبەرگەلێک هۆکار نەتوانراوە مانگانە یـان وەرزانە، ژمارەکانی بڵاوبکاتەوە. جیاوازییەکی زۆر لەنێوان کاتی ژمارە بڵاوکراوەکـان دەبینرێـت. بـۆ نمـوونە؛ لە سـاڵی ١٩٩٧دا تەنهـا یەک ژمـارە دەرچـووە. لەسـاڵی ١٩٩٩دا، تەنهـا دوو ژمـارە دەرچـووە. لە سـاڵانی (٢٠٠٠)، دوو ژمـارە لەیەک بەرگ و (٢٠٠١) یەک ژمـارە دەرچـووە. سـاڵی (٢٠٠٦)یـش هـیچ ژمـارەیەکی لێـدەرنەچووە. دەتـوانین کـاتی دەرچـوونی (هـاڤیبوون) بە شێوەیەکی ناڕێک وەسف بکەین.

بۆ کارئاسـانی و بەرچاوڕوونی ئەو کەسـانەی دەیانەوێت لێکۆڵینەوە لەسـەر ئەم گۆڤارە بکەن. وامان بەباش زانی زانیارییەکان و ژمارەکان بەم شـێوەیەی خوارەوە پۆلین بکەین:

- ژمارە (١)، ١٣٢ لاپەڕە، قەبارە (١٤ جاران ٢٠)سم، هاوینی ١٩٩٧.
- ژمارە (٢و٣)، جمکانە ژمـارە، ٢٨٠لاپەڕە، هەمـان قەبـارەی ژمـارەی پێشوو، ساڵی ١٩٩٨.
- ژمارە (٤)، ٢٠٨لاپەڕە، هەمان قەبارەی پێشوو، ساڵی ١٩٩٨.
- ژمارە (٥)، ٢٢٤لاپەڕە، هەمان قەبارەی پێشوو. ساڵی ١٩٩٩.
- ژمارە (٦)، ٢٤٠لاپەڕە، هەمان قەبارەی پێشوو، ساڵی ١٩٩٩.
- ژمـارە (٧و٨)، جمکـانە ژمـارە، ٢٨٨لاپەڕە، هەمـان قەبـارەی پێـشوو، سـاڵی ٢٠٠٠.
- ژمارە (٩)، ٢٤٠لاپەڕە، هەمان قەبارەی پێشوو، ساڵی ٢٠٠١.
- ژمارە (١٠)، ٢٤٠لاپەڕە، هەمان قەبارەی پێشوو، ساڵی ٢٠٠٢.
- ژمارە (١١)، ٢٧٢لاپەڕە، هەمان قەبارەی پێشوو، ساڵی٢٠٠٢.
- ژمـارە (١٢و١٣)، جمکـانە ژمـارە، ٣٣٦لاپەڕە، هەمـان قەبـارەی پێـشوو، کۆتایی ساڵی٢٠٠٢و سەرەتای ساڵی ٢٠٠٣.
- ژمارە (١٤)، ٢٤٨لاپەڕە، هەمان قەبارەی پێشوو، ساڵی ٢٠٠٣.
- ژمارە (١٥)، ٢٤٠لاپەڕە، هەمان قەبارەی پێشوو، ساڵی٢٠٠٤.

- ژماره (١٦و١٧)، جمكانه ژماره، ٣٦٠لاپەڕە، هەمان قەبارەی پێشوو، ساڵی ٢٠٠٥.
- ژماره (١٨)، ١٨٦لاپەڕە، قەباره (١٦ جاران ٢٤)سم، ساڵی ٢٠٠٧.
- ژماره (١٩و٢٠)، جمكانه ژماره، ٣٢٠لاپەڕە، هەمان قەبارەی پێشوو، ساڵی ٢٠٠٨.
- ژماره (٢١)، ٢٢٤لاپەڕە، قەباره (١٧ جاران٢٤)سم، ساڵی ٢٠٠٨.

**دەستەی بەڕێوەبەر**

لەڕوی كـار دابەشـكردن و سەرپەرشـتكارانی (هـاڤيبوون)ەوە، لە هەمـوو ژمارەيەكـدا، يەک كليـشە نابينرێـت. لەژمـاره يەكـدا (سـالمێ جاسـم) سەرنووسەرو (كەريمێ بيانی و موحسين ئۆسمان و نەجيب باڵايی) دەستەی نووسەرانن و، (گوهدار سەلاحەدين)، دەرهێنەری هونەری بووينه. لەژماره (٢و٣)دا، سەرنووسەر وەک خۆی ماوەتەوەو بەڕێوەبەری نووسينی بۆ زياد كراوەو (كەريمێ بيانی) بۆتە بەڕێوەبەری نووسين. (عەبدولڕەحمان مزوری و سيامەند حاجۆ)ش بۆ دەستەی نووسەران زياد كراون. لەژماره (٤)دا، سەرنووسەرو بەڕێوەبەری نووسين، وەک خۆيان ماونەتەوە. دەستەی نووسەران نەماوە. بەڕێوەبەر زيادكراوەو بە (موحسين ئۆسمان)، سپێردراوە. لە ژمارەكانی (٥)و (٦)و (٧و٨)دا، هەمان كاردابەشكردنەكەی ژماره (٤)، دووبارە بۆتەوە. لەژماره (٩)دا، پرۆژەی گۆڤارەكە بۆتە پرۆژەی هاوبەش (پرۆژەی كوردۆلۆژی زانكۆی بەرلين و ماڵی شەرەفخانی بەتليسی لە هەولێر). دەربارەی ئامانجی ئەم پرۆژە هاوبەشە لە سەروتاری ژماره (٩)دا، هاتووە: (كۆڤارا مە ژی هاڤيبوون، كو هەتا نها ل بەرلينێ چاپ دبوو ژ دەرڤەی وەلاتی بەلاڤ دبو، دخوازيت ژ ڤێ ژمارێ -٩- پێڤە ل كوردستانێ ژی چاپ ببيت و ب بەرفرەهی ل هەمی جها بێتە بەلاڤكرن، چونكی بەری نهو يەک ژ ئارێشێن مە گەهاندنا كۆڤارێ بوو بۆ كوردستانێ و ڕەنگە دابڕينەک د ناڤبەرا مەو خواندەڤانێن د ناڤ وەلاتدا هەبوو، لێ ب چاپبونا -هاڤيبوون-ێ ل كوردستانێ دێ ئەڤ ئارێشە چارەسەر بيت و دێ گەهيتە بەردەستێ هەمی

خوانــدەڤانان. هــاڤیبوون دێ بزاڤــێ کەت پرەکــێ د نــاڤبەرا نڤیــسەرو خواندەڤانانـدا چـێکەت، ل کوردسـتانێ ب هەردو پـارچێن خـۆڤە دگەل دەرڤەی وەلاتی ژی پەیدا بکەن. ژمارە ٩، لاپەڕە ٤-٥).

ئەم پــڕۆژەیە تــا ژمــارە (١٢و١٣)، بە هاوبەشــی مــاوەتەوە. لە ژمــارە هاوبەشەکاندا؛ (د. فەرهاد پیربالْ) بۆتە خاوەن ئیمتیازو، (سالمێ جاسم) بۆتە سەرنووسەرو، (موحسین ئۆسمان)یش بۆتە بەڕێوەبەری گۆڤارەکە. لە ژمارە (١٤)دا، پـڕۆژە هاوبەشــەکە نەمـاوەو (ســالمێ جاســم) بە سەرنووســەری و (موحـسین ئۆسـمان)یـش بە (بەڕێـوەبەری نووسـین)، مـاونەتەوە. (عەدنـان شینۆ)ش بەڕێوەبەری هونەری بووە. لە ژمارەکانی (١٥)و (١٦و١٧)دا، هەمان دەســتەی ژمــارە (١٤)، دووبــارە بــوونەتەوە. لە ژمــارە (١٨)دا، قەبــارەی گۆڤـارەکە گـۆڕاوەو خـاوەنی ئیمتیـاز بـۆتە (عەبـدولڕەحمان نەقـشبەندی). لە ژمارە (١٩و٢٠)دا، سەرنووسەرو خاوەن ئیمتیازو بەڕێوەبەری نووسین وەک خۆیـان مــاونەتەوەو بەشــی (سەرپەرشــتی گــشتی) بــۆ زیــاد کــراوەو بە (عەبـدولڕەحمان مـزوری) سـپێردراوە. هەروەهـا (د. فەرهـاد ئیبـراهیم و د. ســەلاح هــرۆری و د. فەرســەت مەرعــی) ، وەک بەشــی سەرپەرشــتکاری ئەکادیمی، بۆ زیاد کراوە. هەمان کار دابەشکردن، لەژمارە (٢١)یشدا، دووبارە بوونەتەوە.

### بابەتە بڵاوکراوەکان بە زمانی ژمارە

لەگەڵ ئەوەی گۆڤـاری هـاڤیبوون کە بە گۆڤـارێکی ئەکـادیمیش ناسـراوە، لە ژمارە سـەرەتاییەکانیدا، دەقی چەند شیعرو چیرۆکێکیشی بڵاوکردۆتەوە. ئەم حاڵەتە تا ژمارە شەش دەبینرێت. لەمە بەدواوە، هیچ دەقێکی شیعرو چیرۆکی بڵاونەکردۆتەوەو، قورسـایی خـۆی خستۆتەسەر بڵاوکـردنەوەی لێکـۆڵینەوەی زانستی، کە هەندێک لەم لێکۆڵینەوانە بـابەتی کتێب بووینەو بە دوو سێ بەش بڵاوکراونەتەوە. بۆ زانیاری زێتر، تەواوی بابەتە بڵاوکراوەکان پۆلین دەکەین:

- (١٦٧) لێکۆڵینەوەی زانستی (بە نووسین و وەرگێڕانەوە).
- (٧٣) وتار.

- (١٧) بابەتی تایبەت بە خستنەڕوو و کتێب خوێندنەوە.
- (١٥) دیـــدارو دیمـــانە لەگەڵ کەســـایەتییە کـــۆمەڵایەتی و ئەکـــادیمی و ئەدەبییەکان.
- (١٠) هەواڵی جۆر بەجۆر.
- (٨) شیعر.
- (٨) چیرۆک.
- (٧) ریکلام و ئاگادارینامە.
- (٦) وتاری بیرەوەری ئامێز.
- (٤) ڕیپۆرتاژ.
- (٣) ڕەخنەی ئەدەبی.
- (١) نامە (نامەی د. ئەمیری حەسەن پوور بۆ گۆڤاری هاڤیبوون).

هەمـــووی بەســـەریەکەوە، (٣١٩) بـــابەت و ناونیـــشانی بڵاوکـــردۆتەوە، کە لێکۆڵینەوە بەشـی شـێری بەرکەوتـووەو ڕێژەی لەسـەدا پەنجـاو دوو و نیـوی ناونیشانە بڵاوکراوەکانی داگیر کردووە. جگە لەم بابەت و چمکانە، لە ژمارە (١٠) بە دواوە وەک پاشـــکۆیەک، (٦١) بەڵگەنـــامەی بڵاوکـــردۆتەوە، کە (د. نەجاتی عەبدوڵلا)، لە پاریسەوە ئامادەی کردون.

### نووسەرەکانی هاڤیبوون

لە (٢١) ژمـارەی هاڤیبووندا، بەدەیـان نووسـەرو پسپۆڕی شـارەزای کـوردو بێگـانە لە زۆربەی وڵاتـانی جیهـانەوە، بـابەت و لێکۆڵینەوەیـان لەم گۆڤـارەدا بڵاوکردۆتەوە. ڕێژەیەکی کەم بەناوی خـوازراوەیە، هۆکـاری سـەرەکیش ئەوە بـووە، کە وا ڕێککەوتـووە نووسـەرێک دوو بـابەتی لە یەک ژمـارەدا هەبێـت. بـۆیە ناچـار بـووینە پەنـا بـۆ نـاوی خـوازراو ببەن. زۆرتـرین بـابەت بە نـاوو ئیمـزای (هـاڤیبوون)ەوەیە، کە (٢٢) بـابەتە. دیـارە زۆربەی ئەم بابەتـانەش لە (ســەروتار) خۆیـان بینیـوەتەوە، ئەو کەسـانە نووسـیویانە کە لە گۆڤـارەکەدا کاریان کردووە.

نووســـەرانی بابەتەکـــانی (هـــاڤیبوون) و ژمـــارەی نووســـینەکانیان، لەچەنـــد

گرووپێکدا پۆلین دەکەین:

* گرووپــی یەک بــابەتی: ئەم نووســەرانەن کە تەنهــا یەک بابەتیــان لەم (٢١) ژمـارەیەدا بڵاوکـردۆتەوە کە ئەمـانەن: (سـیامەند حـاجۆ، ش. لیبیرسینێڤێسکی، موحـسین قۆچـان، شـکری شـەهباز، نـزار مـحەمەد سـەعید، نەجیـب بـالآیی، مەجیـدێ حەسـۆ، جوتیـار بـامەڕنی، د. سـیابەگ میـران، د. نەلیـدا فوگـارۆ، د. گونتەر بێرند، موحسین ئەحمەد عومەر، شێرکۆ بێکەس، هزرڤـان، جـانکورد، د. عەباس وەلی، نەوشـێروان مستەفا، د. مـارف خەزنەدار، سـەرفراز نەقشبەندی، م. مەلا ئەحـمەد، د. مـحەمەد مـوکری، مـحەمەد فەریـق حەســەن، عەبـدوڵڵا جوندی، ڕ. هـا، ئەحمەد بەربەر، د. برهـان یاسـین، میـرهەم یگت، عـومەر شـێخ مووس، د. یوسف زەنگەنە، سـەبیحا، د. فەرهـاد پیربـاڵ، سـەیوان، سـەلاح قـادر، ڕۆژان حـازم، د. ئیـسماعیل شـوکر، زانـا خەلیـل، فەتحـوڵلا حوسـێن، گوشـاد حەمە ســەعید، قــادر ڕەشــید " ئەبــو شــوان "، د. ئەفراســیاو هەورامــی، عەبدولموئمین دەشتی، بەدرخان عەلی، پێشڕەوی سـەید بـرایم، عەمەرێ تۆڤی، خەلیل دهۆکی، د. جەبار قـادر، ئومێد تەهـا، فوئـاد سـەدیق، د. هەژار مەعـروف، کەرەڤـان ئامێـدی، عەبـدال نـوری، جەلال مـستەفا، موحـسین عەبـدولڕەحمان، بورهــان هەژار، د. فازیــل عــومەر، غەیاســەدین نەقــشبەندی، د. کریــستۆفەر ئونگەر، ڕەزۆ، غەفوری میرزا کەریم، عەبدولغەنی کاکۆ، محەمەد عەلـی یـونس، د. ئەحمەدی مەلا، شـیرالی ئەحمەد، ئەدیب چەلکی، سـەلاح سـەلیم سـەیدۆک، عەبـدوڵلا سـەڕاج، نەوزاد هـرۆری، مـحەمەد ژۆری، سـەدیق سـالْح، د. ئـازاد شـێخانی، سـالْح مـحەمەد ئەمـین، عەلـی مەحمـود مـحەمەد، عەبـدوڵلا دارتـاش، حەمە جەزا سالْح، جوتیار تۆفیق هەورامی، سدقی هـروری، فەیسەڵ داغلـی، د. ئازاد ئەمین باخەوان، د. لەیلا جەلیل عەباس، فەیسەڵ مستەفا، سـەلیم بچـووک، مستەفا ڕەشید، سەدیق سنداڤی، سەعید ئۆسمان، مەسعود خالید گولی).

* گرووپی دوو بـابەتی: بـریتین لە : (حوسـێن کارتـاڵ، سـیروان حەجـی بەرکۆ، یاسین بانیخێلآنی، هەژار عەزیز سورمێ، حەمە سـەعید حەسـەن، کەچـا کـورد، تێمـورێ خەلیـل، حەمە نـوری عـومەر کـاکی، حەجـی جەعـفەر، نەوزاد جەمـال، غـازی حەسـەن، جەزا چنگیـانی، ئـامەد تگـریس، ڕوهـات ئـالاکوم، د. عـزەدین

مستەفا ڕەسوڵ، زاگرۆس ئاگرخوین، عەبدوڵلا ئوزون، د. کەمال فوئاد، محەمەد ساڵح ئامێدی، زەین عابدین خان، هۆشەنگ بروکا).
* گروپی سێ بابەتی: بریتین لە : (عەلی جەعفەر، حەیدەرێ ئومەر، خەسرەو پیربال، پەروێز جیهانی، شاخەوان شۆڕش، عەبدولڕەحمان نەقشبەندی، د. زەردەشت حاجۆ، فەرسەت ڕۆژبەیانی، کەریمێ بیانی، محەمەد ئەمین پێنجوینی، فەهمی بالایی، شێرزاد هەینی، تەلعەت تاهیر).
* گروپی چوار بابەتی : بریتین لە: (کونێ ڕەش، فاتیح ڕەسوڵ، د. نوری تاڵەبانی، د. فەرهاد ئیبراهیم).
* گروپی پێنج بابەتی : بریتین لە : (کاکشار ئورەمار، د. ئەمیری حەسەن پوور، حازمێ جاسم).
* گروپی شەش بابەتی: بریتین لە ؛ (د. سەروەر عەبدوڵلا، جەمال خەزنەدار).
* گروپی حەوت بابەتی: بریتین لە ؛ (د. جەلیلێ جەلیل، سەعید دێرەشی).
* گروپی هەشت بابەتی: تەنها (سالمێ جاسم)ە.
* گروپی یازدە بابەتی: بریتین لە : (عەبدولڕەحمان مزوری، د. زۆرابێ بودی).
* گروپی دوازدە بابەتی: تەنها (موحسین ئۆسمان)ە.
* گروپی شازدە بابەتی: تەنها (د. نەجاتی عەبدوڵلا)یە.

**ڕاوێژکارەکان**

بابەت و لێکۆڵینەوەی زانستی کە لە (هاڤیبوون)دا بڵاوکراونەتەوە، پێویستیان بە سەرنج و بۆچوونی خەڵکی پسپۆڕ هەبووە، هەر بۆیەش گۆڤارەکە لە دەرەوەی ستاڤی کارەوە چەند ڕاوێژکارێکی بۆ خۆی دەستنیشان کردووە. ئەم ڕاوێژکارانە پشتگیرییان لێکردووەو بە سەرنجەکانیان گۆڤارەکەیان دەوڵەمەندتر کردووە. لە ژمارە چوارەوە کۆمەڵێک ناو وەک گروپی پشتگیری کردنی گۆڤارەکە دەبینرێن. لە ژمارە چواردە بەدواوە، ئەم دەستە ڕاوێژکارییە نەماوە. ئەو کەسانەی کە لە ژمارەکانی (٤) تاوەکو (١٣)، ناویان هاتووەو

لەســەر گۆڤــارەکەدا نووســراون بــریتین لە؛ (د. ئەمیــری حەســەن پــوور، د. ئۆردیخانی جەلیل، د. برهـان یاسـین، د. جەلیلی جەلیل، د. سـیابەگ مگارۆیـان، م. عەبدولڕەحمان مزوری، عـومەر شـێخ مـووس، د. فەرهـاد ئیبراهیم، د. مەمۆ عوسمان، د. نەزەند بەگی خانی، د. نـوری تاڵەبـانی، د. یوسـف زەنگەنە، دلشاد سـەعید، د. مـحەمەد مـوکری، د. زۆرابێ بـودی، شـارەزاد موجـاب، د. سـەروەر عەبـدوڵلا، د. ئەحـمەدی مەلا، جەمـال خەزنەدار، د. دلێـر شــاوەیس، نەجـدەت ئاکرەیی، د. عارف حیتۆ، د. عەبدوڵلا ئـاگرین، عـزەت فەنـدی، د. مـارف عـومەر گوڵ، د. موەفەق دەرگەڵەیی).

ئەم ناوانەی سەرەوە لە هەموو ژمارەکاندا دووبارە نابنەوەو جاروبـار ناوێک نەماوەو ناوێکی تر هـاتۆتە جێگـای، بەڵام بە شـێوەیەکی گشتی ئەم کەسە نـاو هاتووانە، ناویان وەک پشتگیری و ڕاوێژکار، لە چەند ژمارەیەکدا هاتووە.

**هەندێک وردە زانیاری تر**

(١)- ژمارەکـانی (٩، ١٠، ١١، ١٢و١٣)، بە هاوبەشـی لەگەڵ مـاڵی شـەرەفخانی بەتلیسی لە هەولێر دەرچووە.

(٢)- لە ژمارە (١-١٧) بە قەبـارەی (١٤ جـاران ٢٠)سـم دەرچووە. ژمارەکـانی (١٨، ١٩و٢٠) بە قەبـارەی (١٦ جـاران ٢٤)سـم و ژمـارە (٢١)یـش بە قەبـارەی (١٧ جاران ٢٤)سم دەرچووە.

(٣)- ژمــارە یەک بە کەمتــرین لاپەڕە دەرچــووە کە (١٣٢) لاپەڕەیەو، ژمــارە (١٦و١٧)ش بە زۆرترین لاپەڕە کە (٣٦٠) لاپەڕەیە.

(٤)- بەرگـــی هەمـــوو ژمارەکـــان بە تـــابلۆیەکی جـــوانی ڕەنگاوڕەنـــگ، ڕازاندرایتەوە.

(٥)- هەڵەی چاپی کەمە.

(٦)- کـۆی لاپەڕەکـانی سـەرجەم ژمارەکـانی بە هەردوو قەبـارەیەوە، (٤٠٣٨) لاپەڕەیە.

(٧)- (١٣٦) نووسەر بابەتیان تێدا بڵاوکردۆتەوە.

(٨)- زیاتر بە دیالێکتی کرمانجی ژووروو بابەتی بڵاوکردۆتەوە.

(٩)- سالمێ جاسم و موحسین ئۆسمان، بە داینەمۆی سەرەکی گۆڤارەکە دەژمێردرێن.
(١٠)- لە ژمارە (٤)دا، نرخی گۆڤارەکە دیاری کراوە کە (١٠) مارکی ئەڵمانی بووە. هەروەها ئابۆنەی ساڵانەش (بۆ کەسەکان پەنجا مارک و دەزگاکان حەفتاو پێنج مارک) بووە. لە ژمارە (١٠)شدا، ئابۆنەکە بۆ کەسەکان بۆتە (٢٥) ئۆیرۆ و، بۆ دەزگاکانیش (٣٥) ئۆیرۆ.
(١١)- زۆرترین بابەت لە دوای ئیمزای (هاڤیبوون)ەوە، (د. نەجاتی عەبدوڵلا)، بڵاویکردۆتەوە.

**بۆ هاڤیبوون ؟!**

لەبەر ئەوەی گۆڤارێکی ئەکادیمییەو لەلایەن دەزگایەکی کوردۆلۆژی لە دەرەوەی وڵات دەرچووەو کۆمەڵێک بابەتی گرنگی بە قەڵەمی ڕۆژهەڵاتناسان و شارەزایانی کوردۆلۆژی، بڵاوکردۆتەوە، لە دواڕۆژیشدا دەبێتە ژێدەرێکی باش بۆ نەوەی داهاتوو، لەوانەیە هەموو کەسێکیش بەم گۆڤارە نەزانن. . . بۆیە بە پێویستمان زانی کۆمەڵێک زانیاری چڕ دەربارەی (نووسەرەکان، کاتی دەرچوون، ژمارەکان، قەبارە، لاپەڕەکان، جۆری بابەتەکان، . . . . .) بلاو بکەینەوە. ئامانج لە نووسینی ئەم بابەتە؛ دەست نیشانکردنی پێگەی (هاڤیبوون)ە لە کاروانی ڕۆژنامەگەریی کوردی و ئاسانکردن و بەرچاو ڕوونییەکیشە بۆ ئەو کەسانەی کە لەبارەی ڕۆژنامەگەریی و کاری بیبلۆگرافیاوە، هەوڵەکانیان، چڕ کردۆتەوە.


<u>**سەرچاوەکان**</u>

جگە لە ژمارەکانی (هاڤیبوون)، بە تایبەتیش هەرسێ ژمارەی (٧و٨)ی جمکانەو ژمارە (٩)، سوودیش لەو دیمانەی (سالمێ جاسم)ی سەرنووسەر وەرگیراوە کە ڕۆژنامەنووس (نازم دلبەند) لەگەڵیدا سازیکردووەو، لە لاپەڕە (١١)ی ژمارە (٤٥٠٠)، ڕۆژی ١٩-٢-٢٠٠٨ی (کوردستانی نوێ)دا، بڵاوکراوەتەوە.

# مێژوویەک لەسەر(لم)دا

بەهۆی نەبوونی سەرچاوەو دیکۆمێنتی نووسراو، زۆر جاران لە کاتی نووسینەوەی مێژوودا، بەناچاری پەنا بۆ گێڕانەوەی بیرەوەری و ئەو ڕوداوانە دەبەین کە لە هزرو یادەوەری کاراکتەرەکان، کاڵ نەبوونەتەوەو دەکرێت یاریدەدەرێکی باش بن بۆ بەیان کردن و دووبارە خستنەوە بەرباسی ڕوداوەکان و لەچوارچێوەی زەمەنی ڕودانیاندا، مامەڵەیان لەگەڵدا بکەین. زۆر جاران زاکیرە هاوکارێکی ئەکتیڤی کارەکتەری سەرەکی ڕەوتەکان نابێت، ئەمەش بەهۆی تێپەڕبوونی کات و خەزن بوونی ڕوداوی تازەترو جێلەق کردن بە ڕوداوە کۆنەکان. ئەم مێژووانە لەم حالەتەدا، دەکرێت بە (مێژووی سەر لم)، یان(مێژووی سەر ئاو)ناوزەدیان بکەین، چونکە هیچ کاتێک زاکیرە ناتوانێت ببێتە ئەلتەرناتیفی دیکۆمێنت و ئەرشیفو یاداشتی نووسراوی ڕۆژانە. . . بەڵام وەک دەڵێن تۆمارکردنی لە نەکردنی، یان(زەرەر لە نیوەی بگەڕێتەوە قازانجە)، باشترە.

مێژووی سەرهەڵدان و بڵاوبوونەوەی چەپ بە مەفهومە کۆنەکەی، دەتوانین بۆ دروستبوونی(حزبی شیوعی عێراق)، لە ساڵی(١٩٣٤)دا، بگەڕێنینەوە. لەسەرەتای حەفتاکاندا، لەلایەن خەڵکانێکی ترەوە، بەدیلێکی تریان بۆ حزبی شیوعی و مەفهومە چەپایەتییەکەیان دۆزیەوە کە خۆی لە (کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان)دا، بینیەوە. بەتێپەڕبوونی کات و قەبەبوونی تراژیدیاو ئەو نەهامەتیانەی کە بەسەر کوردا هاتن، یان کارا نەبوونی ئەم ڕێکخراوە چەپانەی کە خۆیان بە نوێنەری چینی کرێکارو توێژە چەوساوەکان دەزانی، بەناچاری و لە زەمەنێکی تازەو لەناو کەش و هەوایەکی جیاوازتر، کۆمەڵێک ڕێکخراوو گروپ و دەستەی ئایدیا هەڵگری چەپ، کە دەکرێت بە چەپی تازە یان مۆدێرن، لە باشوری کوردستان، ناوزەدیان بکەین. دەتوانین سەرهەڵدانی چەپی مۆدێرن لە باشوری کوردستاندا، بۆ ساڵی (١٩٧٦)، بگەڕێنینەوەو دروستبوونی(ڕێکخراوی ڕەنجدەرانی کوردستان)یش، بەیەکەم ڕێکخراوی چەپی مۆدێرن، حسێب بکەین.


مێژوویەک
لە یادەوەریدا
دیدار سەبارەت بە مێژووی چەپ و کۆمۆنیزمی نوێ لە کوردستاندا
ئێدیتۆر
سالار ڕەشید

هەر لەسەرەتاوە، بەهۆی بوونی فرە مینبەری و باڵی جیاواز جیاواز، لەناو ڕیزەکانی(کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان)ەوە، ئەم ڕیکخراوە نەیتوانی ببێتە ڕیکخراوێکی بنکە فراوان و تۆکمەو پۆڵاین. . بە تێپەڕبوونی کات و کەڵەکە بوونی کێشەو گرفتەکان و یەک نەبوونی دروشم و کردارەکان لە پراکتیکدا، هێواش هێواش درزی گەورەتر کەوتە نێو ڕیزەکانی ئەم ڕێکخراوە. . . لەگەڵ مفاوەزاتەکەی نێوان ڕژێم و(یەکێتی نیشتیمانیی کوردستان)لە ساڵی(١٩٨٤)دا، درزەکان گەورەتر بوون و خەڵکێکی زۆر لە خەبات کردن لە ڕیزەکانی ئەم ڕێکخراوە(کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان)، سارد بوونەوە. . . هەندێکیان دانیشتن و هەندێکی تریان بەرەو ئەوروپا سەریان هەڵگرت، یان وەک ئەلتەرناتیفێک بیریان لە دروستکردنی ڕیکخراوی تر کردەوە. ئەگەر سەیری باگراوندی کاراکتەرە سەرەکییەکانی نێو ڕیزەکانی ئەم ڕێکخراوو گروپە چەپانەی کە لەنێوان(١٩٧٦-١٩٩٣)دا دروستبوون بکەین، دەبینین بەشێکی زۆریان لە ڕابردودا، کادیری چالاک و دیاری (کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان)بوون، یان بەشێوەیەک لە شێوەکان، پەیوەست بوونە بەم ڕێکخراوەوە.

کتێبی (مێژوویەک لە یادەوەریدا)، گێڕانەوەیەکی پشت بەستوو بە یادەوەری و زاکیرەیە، کە (سالار ڕەشید)ئامادەی کردووەو نەیهێشتووە ئەو یادەوەرییانە زێتر کاڵ ببنەوەو بکەونە خانەی سەراب و لەبیر چوونەوە. کاراکتەرەکانی ئەوێ ڕۆژێ، مێژوویەک دەگێڕنەوە کە خۆیان تێیدا پاڵەوان و داینەمۆی ئەم گروپ و ڕێکخراوانە بوون. . . ئەم هاوڕێیانە، هەر یەکەو لە گۆشە نیگای خۆیەوە، باسی گروپ و ڕێکخراوەکانی کردووە، کە بە هەموویانەوە مێژوویەکی تەمەن حەڤدە ساڵی دروست دەکەن. بمانەوێت یان نەمانەوێت، ئەم یادەوەرییانە بوونەتە مێژووی زەمەنێکی دژواری پڕ لە هەڵدێرو نشوستی نەتەوەی کورد. خەباتی (چەپی مۆدێرن)، لە دوا وێستگەدا، دەڕژێتە ڕوبارێکەوە کە لە خزمەتی مرۆڤایەتی و پساندنی کۆت و پێوەندی کۆیلەتییە. خەباتی هەموو مرۆڤەکان(بە چەپ و ڕاست)، یان(نەتەوەیی و نێونەتەوەیی)، لەدوا جاردا، هەوڵدانێکن لە پێناو بەرقەرار بوونی پاراستنی

کەرامەتی مرۆڤ و هێنانە ئارای ژیانێکی ئاسوودەو بەختیار بۆ مرۆڤەکان لەسەر ئەم ئەستێرەیە.

ئەم هاوڕێیانە، کە هەر یەکێکیان بگری، بای خۆی ئازاری ساردی و گەرمی، تاڵی و برسێتی، ژانی دوور کەوتنەوە لە کەس و کار، ئەشکەنجەی زیندانە شێدارەکانیان، چەشتووە. ئەوەندەیان کردووە، کە ڕابردوویان ڕوو سور بێت. ئەوان، زۆر بە وردی(تا ئەو شوێنەی کە زاکیرە یارمەتی داون)، باسی مێژووی دروست بوون و ژمارەی ئەندام و چالاکییەکان و ڕاگەیاندن و ئایدۆلۆژیایان، کردووە. دەتوانین ئەم هەموو گروپ و ڕێکخراوە چەپە مۆدێرنانە کە لەناو یادەوەرییەکاندا باسکراون، بەم شێوەیە پۆلێن بکەین: (ڕێکخراوی ڕەنجدەرانی کوردستان، ڕێکخراوی بروسک، یەکێتی تێکۆشانی کارگەران، ڕێکخراوی کار، بەرەی ڕزگاری زەحمەتکێشان، ئەڵقەی کۆمۆنیستی بلێسە، ڕەوتی کۆمۆنیست، کۆمەڵەی تێکۆشەرانی کۆمۆنیست-کۆتک، یەکێتی خەباتی کۆمۆنیست، گروپی پرۆژە، ڕێکخراوی ئەڵقەی ئۆکتۆبەر، ئەڵقەی ئەدیبانی کۆمۆنیست، دەستەی پێشڕەوانی پرۆلیتاریا، سەرنجی کرێکار، پرۆلیتاریای کۆمۆنیست، یەکێتی خەباتی کۆمۆنیزمی کرێکاری، کۆمەڵەی کرێکارانی یەکی ئایار، هەستەی کرێکارانی سۆسیالیست، ڕێکخراوی یەکێتی بێکاران، حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق).

ئەم گروپ و ڕێکخراوانە، لەپاڵ خەباتە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانیاندا، مەکینەی ڕاگەیاندنیشیان خستۆتە کارو لە دووتوێی گۆڤارو بڵاوکراوەکانیاندا، توانیویانە مێژوویەک بەدەر لە سیاسەت بۆ خۆیان تۆمار بکەن. ئەگەر بۆیان نەکرابێت ببنە کاراکتەری مێژوویی زەق، ئەوا بە دڵنیاییەوە بوونەتە ژمارەیەک لە بیبلۆگرافیای حزبە سیاسییەکانی باشووری کوردستان و ئەگەر لە پەراوێزیشدا بێت، دەبێت ئاماژەیان پێ بکرێت. . . ئەوان لەڕێگای بڵاوکردنەوەی گۆڤارو ڕۆژنامەکانییانەوە، توانیویانە مێژووی ڕۆژنامەگەریی کوردی لە زەمەنێکی دژواردا، بە تایبەتیش(ڕاگەیاندنی چەپی کوردی)، دەوڵەمەند بکەن. بەهۆی نەبوونی ئازادی و فشاری زۆری ڕژێم و ترسانی مرۆڤ لە سێبەری خۆی لە زەمەنێکدا، لەگەڵ بوونی ئەم هۆکارانەشدا(ئەگەر

بەشـێوەی سـادەو سـەرەتاییش بووبێـت)، ئەوجـا توانیویـانە ئەم گۆڤـارو بڵاوکـراوانە بـخەنە نێـو ڕابەری ڕۆژنـامەگەریی کـوردی: (بڵاوکـراوەی ڕەنجـدەران، کـار، ڕێبـازی زەحمەتکێـشان، گۆڤـاری کرێکـارانی کۆمۆنیـست، ئـاڵای شـۆڕش، ئاسـۆی سۆسیالیزم، خەبـاتی کرێکار، گۆڤاری ڕابەر، گۆڤاری زەنـگ، سـەرنجی کرێکـار، پرۆلیتـاری، بۆ پێشەوە، شۆڕشـی کرێکاری، دەنگی بێکاران، بەرەو یەکی ئایار، هەواڵنامەی خۆپیشاندان، ڕێگای بێکاران).
(سـالار ڕەشـید)، لە ڕێگـای دوانـدن و ختـوکەدانی کاراکتەرەکـانەوە(بـێ ئەوەی کە پێـی بـزانن)، توانیـویەتی مێژوویەک بۆ ئەم هاوڕێیـانە لەسـەر لمەوە بخـاتە سـەر کـاغەزو چەردەیەک لە خەباتەکانیـان بە هـاوتەمەنو نەوەی دوای خۆیـان، بناسێنێت.
من لەگەڵ ئەوەی کە لەنێوان ساڵانی(١٩٧٩-١٩٩٢)دا، هەڵگری هەمـان ڕێبـازی ئەم هاوڕێیـانە بـووم(بە کەمێک جیـاوازییەوە)، لە نـزیکەوەش بەشـێکی کەمیـانم دەناسی و ئاگاداری چالاکییەکانیان بـووم و ئەوێ زەمـانێ کۆمەڵێک سـەرنج و تێبینـیم لەسـەریان هەبـووە، لەگەڵ ئەوەشـدا ناکرێـت خەبـاتی ئەوان بە نادیـدە بگرم، بۆیە، ئەم کارەی (سالار ڕەشید)، بە کـارێکی دیکۆمێنتی ئەکتیڤ دەزانـم و لەدواڕۆژدا، دەکرێـت ببێـتە سـەرچاوەیەکی بەبڕشـت بـۆ مێژوونووسـان و توێژەرانی مێژووی چەپ لە باشوری کوردستاندا.

* مێـژوویەک لە یادەوەریـدا، دیـدار سـەبارەت بە مێـژووی چەپ و کۆمـۆنیزمی نـوێ لە کوردستاندا، سالار ڕەشید، چاپی یەکەم، سلێمانی، ٢٠١٥. . .

# کتێبخانەی کوردی لە هانۆڤەر

هانۆڤەر یەکێکە لەم شارانەی ئەڵمانیا کە مێژوویەکی (٧٥٠-٨٠٠)ساڵی هەیەو کەوتۆتە باکوری وڵات و ژمارەی دانیشتوانەکەی (٥٢٥) هەزار کەسێک دەبێت. ژمارەیەکی زۆر لە پەنابەران لە نەتەوە جیا جیاکانی وەک؛ (یۆنانی، ئیتالی، ئێرانی، ئیسپانی، تورکی، عەرەب، هیندی، ئەفغانی، ئەلبانی، کورد، بە هەموو پارچەکانییەوە، . . . . . تاد)، تیایدا نیشتەجێن. پەنابەرە چالاکەکان، سوودیان لە دەستووری ئەڵمانیا، وەرگرتووە. توانیویانە ڕێکخراوی کولتووری، قوتابخانە بە زمانی دایک، کتێبخانە، دابمەزرێنن و بکەنەوە. هەڵبەتە، شارەوانیش یارمەتییان دەدات. لە میانەی ئەم سەنتەرو ڕێکخراوانەدا، چالاکی کولتووری و کۆمەڵایەتی خۆیان نمایش دەکەن و زێتر خۆیان لە کولتووری ئەڵمانی و ئەوروپی، نزیک دەکەنەوەو خۆیانیان پێدەناسێنن. بە چالاکییەکانیان بەشداری بۆنە نیشتیمانیی و فەرمییەکان دەکەن. جگە لە سازکردنی ئاهەنگی هاوسەرگیریی و شەوانە ئاهەنگ و نمایشکردنی خواردەمەنی و ڕێپێوانی لایەنگیریی و ناڕەزایی دەربڕین.

لەم شارەدا، چەند نەتەوەیەکی چالاک، توانیویانە ئەم کتێبخانە تایبەتییانە بکەنەوە؛

- کتێبخانەی ئێرانی: بریتییە لە دوو کتێبخانە لە دوو شوێنی جیا جیادا. هەر کتێبخانەیەک زێتر لە بیست هەزار کتێبی تێدایە.
- کتێبخانەی جوولەکەکان: نزیکەی دە هەزار کتێبی تێدایە.
- کتێبخانەی چینییەکان: دە هەزار کتێبی تێدایە.
- کتێبخانەی ئەرکەداش(تورکی): هەشت هەزار کتێبی تێدایە.
- کتێبخانەی ئێزیدییەکان: نزیکەی پێنج هەزار کتێبی تێدایە.

جگە لەم کتێبخانانەی سەرەوە، هەندێک کتێبخانەی تریش هەن، وەک؛ کتێبخانە ئەلبانی، رووسی، . . . هەندێک ئەڵمانی چەپڕەویش، چەند کتێبخانەیەکی نێونەتەوەییان دامەزراندووە، کە یەکێک لەم کتێبخانانە،

کتێبخانەی (هانا ئارِند)ە ، کە زیاتر تایبەتە بە پەنابەران و پرۆسەی ئاوێتە بوونەوە. بۆ بە ناوی (هانا ئارِند) و بۆچی تایبەت بە پەنابەران و خەڵکی غەریب و لایدە؟ بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە دەبێت کەمێک باسی ناوبراو بکەین.

**هانا ئارِند کێیە**

له رێکەوتی ١٤-١٠-١٩٠٦ ، لە (لیندن)ی سەر بە هانۆڤەر، لە خانەوادەیەکی جوولەکە، لەدایک بووە. لیندن، ئێستاکە بۆتە بەشێک لە شاری هانۆڤەر. لە ساڵی ١٩٢٤ دا چۆتە زانکۆ و لە بەشی (فەلسەفەی کلاسیک) درێژەی بە خوێندن داوە. لە ساڵی ١٩٢٩دا لەگەڵ خانەوادەکەیدا، شاری هانۆڤەر بەجێدەهێڵن و لە بەرلین نیشتەجێ دەبن. لەوێ، " گونتەر شتێرن ئاندرس" دەناسێ و شووی پێدەکات. کاتێک کە هیتلەر و نازییەکان، دەسەڵات دەگرنە دەست، کاری لەپێشینەیان، دژایەتی کردنی هاووڵاتییە جوولەکەکان دەبێت و هەموو مافە سەرەتایی و بنچینەییەکانیان، لێ زەوت دەکرێت. چەندین نووسەرو سیاسەتمەدار و رۆشنفکر و چالاکڤان و کەسایەتی جوولەکە، لەلایەن نازییەکانەوە، بندەست دەکرێن و دەخرێنە زیندانەوە. (هانا ئارِند)یش یەکێک دەبێت لەوانە. لە ساڵی ١٩٣٧، لە زیندان ئازاد دەکرێت، بەڵام رەگەزنامەی ئەڵمانی لێدەسەندرێتەوە. هەر لەم ساڵەدا، لە مێردەکەی " گونتەر شتێرن " جودا دەبێتەوەو وەک پەنابەر روو لە فەرەنسا دەکات و لەوێ نیشتەجێ دەبێت. درێژە بەکاری نووسین و رۆژنامەگەریی، دەدات. لەوێ، لەرێگای نووسین و کتێبەکانییەوە (سیاسی و فەلسەفی)، وەک رۆژنامەنووس، پرۆفیسۆر، فەیلەسوف، دەناسرێت و درێژە بە کارو چالاکییەکانی دەدات. ناوبراو، باوەڕی بە ئازادی رادەربڕین و یەکسانی تەواوی مرۆڤەکان هەبووە. ئازادیخوازو مرۆڤ دۆست و یەکسانیخواز بووە. جیاوازی لەنێوان روخسارو رەنگەکان نەکردووە. بۆ جاری دووەم، لە ساڵی ١٩٤٠دا ئەمجارەیان لە فەرەنسا، دەچێتەوە ناو پرۆسەی هاوسەرگیریی و لەگەڵ (هاینریش بلوکەر)، زەماوەند دەکات و تا مردنی بلوکەر لە ساڵی

١٩٧٠دا، هەر لەگەڵ ئەودا، درێــژە بە ژیــان دەدات. لە ســالّی ١٩٤٩، وەک پەنـابەر روو لە وڵاتە یەکگرتووەکـانی ئەمەریکـا دەکـات و لە سـالّی١٩٥٠ دا، ڕەگەزنـامەی ئەم وڵاتە وەردەگرێـت. پـاش کۆتـایی هـاتنی شـەڕی دووەمـی جیهـانی و شکـست خـواردنی نازییەکـان، (هانـا ئارِنـد)، لەسـالّی ١٩٤٨ ، بەسەردان دەگەڕێتەوە ئەڵمانیا. لەپاش پەنجاکانەوە، زۆر کاری لەسەر چمکی نازییەت و هەوڵی تواندنەوەی جوولەکەکان، لەلایەن نازییەکانەوە، کردووە. لە ڕۆژی ٤-١٢-١٩٧٥، (پێـنج سـاڵ دوای مردنـی هاوسـەرەکەی)، لە شـاری (نیۆیـۆرک)، لە تەمەنـی شەسـت و نـۆ سـالّیدا، بە نەخۆشـی دڵ، کۆچی دوایـی دەکات و هەر لەوێش دەنێژرێت.

کۆمەڵێـک کتێبـی سیاسـی، مێژوویـی، فەلـسەفی، چـاپ و بڵاوکـردۆتەوە، کە گرنگترینیان کتێبی؛ (ڕەگی تۆتالیتاریزم)ە. ئەم کتێبە؛ بریتییە لە شیکردنەوەو لێکـۆڵینەوەو هەڵوەسـتە کـردنە لەسـەر چمکـی نـازییەت و سـتالینیزم و بـزووتنەوەو هـزرە شـمولییەکانی تـر لەسـەدەی بیـستەم. لە سـالّی ١٩٥١ دا، بڵاویکردۆتەوە. دوای ئەمە، ئەم کتێبانەشی بڵآوکردونەتەوە؛-

(ژییاننـامەی ئـافرەتێکی جـوولەکە- سـالّی ١٩٥٨ ، دۆزی مرۆڤـایەتی- سـالّی ١٩٥٨ ، لە نێوان ئێستاو داهاتوودا- سالّی ١٩٦١ ، لەبارەی شۆڕشـەوە- سـالّی ١٩٦٣، پیاوانی کاتە تاریکەکان- سالّی ١٩٦٨).

لەبەر هەوڵ و خەبـات و مانـدوو بـوونی، حکـومەت و کۆمەڵگـای ئەڵمـانی، ڕێزیان لێ گرتووە، چەندین (شـەقام و کوچەو کۆڵان و قوتابخـانە و بـاخچەی گـشتی)، لە ئەڵمانیـا بە گـشتی و لە هـانۆڤەر بە تـایبەتی، بە نـاوی ئەم ژنەیـان کردووە، تاوەکو هەر بە زیندوویی لە هزری نەوەکانیاندا، بمێنێتەوە.

## کتێبخانەی (هانا ئارِند)

کتێبخانەی هانا ئارِند، یەکێکە لەم کتێبخـانە نێونەتەوەییـانەی شـاری هـانۆڤەر، کە زیاتر تـایبەتن بە پەناهەندەکان، لە سـالّی ١٩٨٢دا ، (بەڵام بە نـاوی تـرەوە) دامەزراوە. لە (٦-٥-٢٠٠٥)دا، بە ڕەسـمی نـاوەکەی بـۆتە (هانـا ئارِنـد). (ڤـالّتەر کۆخ)ی نووسەر و خاوەن ئایدیای چەپ دایمەزراندووەو هەر خـودی خۆیشی

بەڕێوەی دەبات. بۆیەش ئەم ناوەی لێناوە، چونکە؛ هانا ئاڕند، یەکێک بووە لە قوربانییەکانی هەڵگری فکری ئازادی و یەکسانیخوازی و یەکێکیش بووە لە پەناهەندە کۆچبەرەکان و بەبێ ویستی خۆی، زێد و کتێبخانەکەی، پێ بەجێهێڵدراوە. چۆن ناوبراو مرۆڤ دۆست و یەکسانیخواز بووە، سەرپەرشتیارانی ئەم کتێبخانەیەش، لەسەر هەمان ڕێباز دەڕۆن.

لە ڕۆژانی دووشەممەوە تاوەکو هەینی، لە کاتژمێری(١٤-١٨)، کراوەتەوەو بە خۆشحاڵییەوە، پێشوازی لە میوان و هاوڕێیانی کتێب دەکات. کارو چالاکییەکانی بریتییە لە؛-

- ئامادەو سازکردنی کۆڕو سیمینار بۆ خەڵکی پەناهەندەو دۆستەکانیان و یارمەتیدانیان.

- هەوڵدان بۆ لەیەکتر نزیک کردنەوەی کولتووورە جۆراو جۆرەکان و ئاوێتە بوونیان بە کۆمەڵگای ئەڵمانی، تاوەکو بە ئاسانی لەگەڵ ئەم کۆمەڵگا تازەیە هەڵبکەن و بتوانن درێژە بە ژیانی ئاسایی خۆیان بدەن.

- ئەم کتێبخانەیە بۆتە ماڵی دووەمی پەناهەندەکان، ئەگەر لە وڵاتی یەکەمیان بەهۆی کۆچبار بوونەوە، کتێبخانەکانیان لەدەست داون، ئەوا لێرەدا دەتوانن کتێبەکانیان بدۆزنەوەو ئارەزوو و خەونە بەدینەهاتوەکانیان، بهێننە دی.

- کتێبخانەیەکی نێونەتەوەییە، جگە لە کتێب کۆمەڵێک گۆڤار و ڕۆژنامەو کارتی داوەتنامەو کارو چالاکییەکانی پەناهەندەکان، تێیدا ئەرشیف کراون.

- پەناهەندەکان (بەتایبەتی ڕۆشنبیرو کەسایەتییە کولتووریەکان)، دەتوانن لەم کتێبخانەیەدا ژوان بگرن و یەکتر ببینن و لە دەوری یەک مێزدا گفتوگۆ بکەن و بیروڕاکانیان، ئاڵوگۆڕ بکەن. جگە لەمەش دەتوانن کۆڕو سیمینار ببەستن و ئاگاداری کارو چالاکی ڕابردوو و ئایندەی یەکتر، ببن.



لەم کتێبخانەیەدا، کۆمەڵێک کتێبخانەی بچووک بچووک هەن، وەک؛-

- کتێبخانەی یۆنانی: کە بریتییە لە چەند دۆلابێک لە کتێبی یۆنانی.

- کتێبخـانەی بـاکوری ئەفەریقـا: ئەم بەشـە بـریتییە لە چـوار دۆلاب کتێـب، ئەوانـیش دابەش دەبـن بەسـەر کتێبـی؛ (بەربەر، ئەمـازیغی، عەرەبـی)، کە بە زمانی جۆراو جۆر نووسراون، لەوانە؛ (فەرەنسی، ئینگلیزی، ئەڵمانی، بەشێکی کەمیش بە زمانی عەرەبی).

- کتێبخـانەی کـوردی: ژمـارەی کتێبەکـانی ئەم کتێبخـانەیە، بە بەراورد بە کتێبخانەکـانی تـر، زۆر نـین، بەڵام لە دەسـتپێکی دامەزراندنیـدا، لە هەموویـان زیاتر، ئەندام و چالاکی زیاتری هەبووە.

- کۆمەڵێک کتێبی فارسـی: کە خۆیـان لە سـێ دۆلاب کتێـب دەدەن، بەڵام بە کتێبخـانە حـسێب نەکـراوە. بـاوەڕ دەکەم هەر لەبەر ئەوە بێـت کە لە شـاری هـانۆڤەر، دوو کتێبخـانەی تـری پەناهەنـدە ئێرانییەکـان هەیە، بـۆیە ئەمەیـان بە کتێبخانە حسێب نەکردووە.

**کتێبخانەی کوردی**

دامەزراندن و زەمینە سـازکردن بـۆ ئەم کتێبخـانەیە بـۆ سـاڵانی (١٩٨٦-١٩٨٧) دەگەڕێتەوە. کۆمەڵێک کوردی پەناهەنـدەی باشـور لـەم سـاتەوەختەدا کۆمەڵێک کتێبیـان کـۆکردۆتەوەو وەک بەشـێک لە کتێبخـانەی نێونەتەوەیی دایاننـاوە. لە ساڵی (١٩٨٧)دا، یەکەم چالاکییان بەستنی کۆڕێک بووە بە زمـانی ئینگلیـزی و لەهەمـان کاتیـشدا تەرجەمەی زمـانی ئەڵمـانی کـراوە. تـورکە چەپەکـانیش هاریکاریان کردوون و ئەوانیش کتێبەکانی خۆیـان، لەم کتێبخـانە نێونەتەوەییە دانـاوە. پاشـان کوردەکـانی بـاکور هەوڵ دەدەن کتێبخـانەیەک بـکەنەوە، بەڵام هەوڵەکەیان شکست دێنێت. کتێبخـانەی کوردی لە سـاڵی (١٩٩٣)دا، بە فەرمـی مـۆڵەت لە حکـومەت وەردەگـرن و دەیـکەنەوە. کەسـە چـالاک و ئەکتیڤەکـان بریتی بوون لە ؛(هوشیارعەبدوڵا هەولێری، کەمال سلێمانی، ڕەمەزان). ئەمـانە دەسـت پێـشخەر و بنـاغە دانەری بـوون. دوای ئەوە خەڵکـانی تـریش دەبـنە ئەنـدام لەم کتێبخـانەیەدا. بە گـوێرەی دیکۆمێنتەکـانی نـاو ئەم کتێبخـانەیە، لە

ســـــاڵی (١٩٩٥)دا، چـــــالاکی باشـــــیان هەبـــــووەو ڕۆژانە کـــــرایەوەو ئەم ئەندامانە؛(هوشیار عەبدوڵا، ئیبراهیم محەمەد، فەرەج تەها، بەکر مەرگەیی، ئەحمەد کەلاری، کەنعان شێخۆ)، دەوامیان لێ کردووە. جاران لە ناوچەی نۆرد شتاد (باکوری شار)، لە کۆرن شتراسە (شەقامی کۆرن)، بووە.
لە ڕێکەوتی (٢٩-٨-٢٠٠١)، پرۆتۆکۆڵێک لە نێوان کتێبخانەی کوردی (وریا، ئەردەڵان، فرانک پوئین) و کتێبخانەی هانا ئارند (ڤاڵتەر کۆخ)دا، واژۆ دەکرێت. بە گوێرەی ئەم پرۆتۆکۆڵە، کتێبخانەی کوردی دەگوازرێتەوە ئەم کتێبخانە نێونەتەوەییە. کوردەکان هەوڵ دەدەن، شوێنێکی تایبەت بگرن و بیکەنە کتێبخانە، بەڵام هەوڵەکانیان سەر ناگرێت. بە گوێرەی قسەکانی (ڤاڵتەر کۆخ)، ئەندامەکانی ئەم کتێبخانەیە زۆر چالاک بوونەو بە بەردەوامی بە ژمارەیەکی زۆر هاتوچۆی ئەم شوێنەیان کردووە، کە جاری وا هەبووە خۆی لە پەنجا کەس داوە.

### بەشێک لە ئامانج و ئەرکەکانی کتێبخانە

بە گوێرەی پەیڕەو و پرۆگرامی ناوخۆ ؛ (کتێبخانەی کوردی شاری هانۆڤەر دەزگایەکی کولتووری بێلایەن و سەربەخۆیە، لە هەنگاوەکانیدا بەرژەوەندی کورد بە گشتی ڕەچاو دەکات).
- کتێبخانەی کوردی تێدەکۆشێت بۆ پتەوکردنی دۆستایەتی نێوان هەموو میللەتانی جیهان و بەهێزکردنی بیروباوەڕی نێونەتەوەیی. هەروەها هەوڵ دەدات بۆ بەدیهێنانی ئەم ئامانجانەی خوارەوە؛-
- کۆکردنەوەی هەموو ئەو کتێب و ڕۆژنامەو گۆڤارو بڵاوکراوانەی کە بە زمانی کوردی چاپکراون یان چاپدەکرێن بە هەر جۆرە ئەلف و بێیەک نووسرابن.
- کۆکردنەوەی هەموو ئەو کتێب و بڵاوکراوانەی کە بە زمانە جیهانییەکان چاپکراون و دەکرێن، بە تایبەت دەربارەی کوردو کوردستان.
- بنیاتنانی ئەرشیفێکی بەرفراوان بۆ کتێبخانەی کوردی.
- کتێبخانە هەوڵ دەدات ببێتە مەڵبەندێکی کولتووری بۆ کوردە ئاوارەکان و

کەسانی بیانی کە دەیانەوێت توێژینەوە لەسەر کورد بکەن.
– کتێبخانە تێدەکۆشێت بۆ بەشداری لە بواری هونەریدا وەک (پێکهێنان و یارمەتی کۆمەڵەی شانۆو مۆسیقاو کاری تەشکیلی).
– کتێبخانە کار دەکات بۆ بانگهێشتن و سازکردنی سیمینارو یاد کردنەوە لەلایەن ڕۆشنبیران و کەسان و کۆمەڵەی هونەری دەرهەق بە خزمەت بە کولتووری کوردی ، کتێبخانە پێویستییەکانی ئەو جۆرە کارانە دابین دەکات.
– کتێبخانە هەوڵ دەدات بۆ یارمەتیدانی کوردە ئاوارەکان و پەنابەرەکان.

## کتێبەکانی ناو ئەم کتێبخانەیە

کتێبەکان، بەشی زۆریان لەلایەن کوردەکانی هانۆڤەرەوە بە تایبەتی ئەندامەکانیان، پێشکەش کراون. ئەوانی تریش بە گوێرەی نووسراوی سەر کتێبەکان، لەلایەن خودی نووسەرەکانەوە، یان خەڵکی ترەوە لە شوێنی جیا جیا پێشکەش بەم کتێبخانەیە کراون. دەتوانین کتێب و مەوجوداتی کتێبخانەکە کە خۆیان لە (٣٢٥) ناوونیشان دەدەن، بەم شێوەیە پۆلین بکەین. (هەڵبەت لە سەرەتاوە ژمارەکە زۆر لەمە زۆرتر بووە، بەڵام کە داخراوە، وردە وردە کەم بوونەتەوە).
(١) – دوو سەدو سی و پێنج دانە بە زمانی کوردی(کرمانجی خواروو– ڕێنووسی ئارامی)و عەرەبین. کتێبە عەرەبییەکان زۆر کەمن، لە ڕووی ژمارەوە لەگەڵ کوردییەکاندا بەراورد ناکرێن. بەرهەمی زۆربەی نووسەرانی کوردی تێدایە، ئەگەر بە یەک ناوونیشانیش بوو بێت. لەوانە، نووسەران؛ (د. جەمال نەبەز، د. ئاوڕەحمانی حاجی مارف، د. مارف خەزنەدار، حوسێن حوزنی موکریانی، مەسعود محەمەد، عەلائەدی سەجادی، محەمەد عەلی قەرەداغی، د. سادق شەرەفکەندی، د. خەلیل جندی، ئەسکەرێ بیوک، فریاد فازیل عومەر، دلشاد مەریوانی، حەیدەر عومەر، خەبات عارف، د. حوسێن خەلیقی، فەرهاد شاکەلی، عەونی داودی، ڕێبوار ڕەشید، سەعید نورسی، عەلی باپیر، عەبدولقادر سەعید، ئەنوەر محەمەد ئەحمەد، . . . . . تاد).
(٢)– بیست و حەوت دانە بە زمانی کوردی (کرمانجی ژوورووـڕێنووسی

لاتینـی)و تـورکین. کتێـبە تورکییەکـان زۆر کەمـن کە خـۆی لە (٤-٥)، کتێـب دەدات. ئەوانـیش هـی مێژوونـووس و کۆمەڵناسـی دۆسـتی کـورد (ئیـسماعیل بێشکچی)ن و لەسەر مێژوو و دۆزی کورد نووسراون.

(٣)- شەسـت و سـێ دانە بە زمـانی ئەڵمـانی نووسـراون کە سـێزدە لەوانە ڕۆمانەکانی (یەشـار کەمـال)ن و لە تـورکییەوە کراونەتە ئەڵمـانی. لەگەڵ چەنـد کتێبێکـی تـر کە نووسـەری ئەڵمـانی (مـۆتکە)، لەسـەر کوردسـتان و کـورد، نووسـیویەتی. بەشـێکی تریـان خەڵکـی پـسپۆڕ و ڕۆژنامەنووسـی ئەڵمـانی و کورد نووسیویانە، یان وەرگێڕدراون. کتێبی نووسـەرە کوردەکانی وەک (لەیلا زانـا، د. عیـسمەت شـەریف وانلـی، مەهـدی زانـا، مەحمـود باکـسی، شـێرکۆ بێکەس، فازیل ڕەسوڵ، . . . . .) لەوێدا، دەبینرێن.

(٤)- گۆڤارەکـان: هەنـدێک لە ژمارەکـانی گۆڤـارە کـوردی و ئەڵمـانی و عەرەبییەکـانی وەک؛(یەکگـرتن، ژیلەمـۆ، دالیـان، هـاڤیبوون، هـاوار، نـواڵە، ڕۆژ، هانـا، ڕێگـای ئاشـتی و سۆسـیالیزم، نووسـەری کـورد، نووسـەری نـوێ، وان، بیری نوێ، ئەکادیمی، ئەمارا، رسـالە العـراق، کوردسـتان ئینفـۆ، . . . . . تـاد)، لە دۆلابەکاندا دەبینرێن.

ناوەرۆک و چمکی کتێبەکان وەک هەر کتێبخانەیەکی ئاسایی تر، هەمەجۆرن، وەک؛-

- کتێبی مێژوویی
- کتێبی سیاسی
- کتێبی کۆمەلایەتی
- ئیسلامی
- زانستی
- قوتابخانە، یان پەروەردەیی
- ئەدەبـی بە هەمـوو چمکەکـانی وەک؛ (ڕۆمـان، چیـرۆک، شـیعر، چیرۆکـی منداڵآن، فۆلکلۆر، فەرهەنگ).

بە داخەوە، بەهۆی گواستنەوەی ململانێی حزبی لە کوردستانەوە بۆ هەموو شـوێنێک کە کـوردی پەناهەنـدەی لـێ بێـت، هەروەهـا یەکتـر قبـوڵ نەکـردن و

لەگەڵ یەکتـر هەڵنەکـردن، بە ناچـاری کتێبخـانەکە- مەبەسـت لە کـوردیەکەیە نەک هانـا ئارنـد - ، داخـراوەو چالاکییەکانیـان وەسـتاوە. ئەوەنـدە کتێبەی کە ماویشن، بە بێنازی لەنێو دۆڵابەکاندا تۆزیان لێ نیشتووەو کەسێک نییە لایان لێ بکاتەوەو میوانداربیان بکات.

## پێشنیارێک بۆ حکومەتی هەرێم

ئەمـڕۆ لە هەمـوو کاتێـک زیـاتر، کـوردێکی زۆر- هـی هەمـوو پارچەکـان بە لوبنان و کۆمارەکانی یەکێتی سۆڤیەتی جارانیشەوە- لە هانۆڤەردا دەژین، وا خەریکە ئەو نەوەیەی لەوێدا لەدایک بوون، پێڕادەگەن و لێپرسـراوەتی سیاسـی و کـارگێڕی وڵات دەگرنە دەست، ئەگەر لایـان لـێ نەکرێتەوەو خۆیـان لـێ بە خـاوەن نەکرێـت، لەوانەیە سـوودێکی ئەوتۆیـان بـۆ نیـشتیمانی یەکەمیـان (کوردسـتان) ، نەبێـت. بـۆیە پێـشنیار دەکەیـن کە حکـومەتی هەرێـم، دوور لە گیـانی زاڵبـوونی حزبـایەتی، خـۆ لەم پەناهەنـدانە بە خـاوەن بکـات و بەدەنـگ داواکـارییە کولتووریەکانیـانەوە بچێت، خەڵکێکی ڕۆشـنبیر لەم نێوەنـدەدا هەن، دەکرێـت لێپرسـراویەتی ئەم سـەنتەرو کتێبخانەیـان پـێ بـسپێردرێت. بـۆ مەسـەلەی کـردنەوەو دامەزرانـدنی کتێبخـانە هەر هیچـی تێناچێت، حکـومەتی خۆجێیەتی ئەڵمانیا، بە پێی یاسا دەتوانێت یارمەتییەک بدات. دەمێنێتەوە سـەر کـۆکردنەوەی کتێـب، ئەمەش ئەوەنـدە کـارێکی ئەسـتەم نیـیە، حکـومەت (وەزارەتـی ڕۆشـنبیری) ، لە ڕێگـای فرۆکەخانەکـانەوە ، دەتوانێـت بە نـاردنی کتێب یارمەتی بدات. حاڵی حازر ئەوەندە کتێب لە کوردستاندا چاپ دەکرێت، بەڵام بە داخەوە خوێنەریان نییە. دڵنیام ئەم کـاتە، دەزگـا تـایبەتییە ئەهلییەکـانی چاپ و بڵاوکردنەوەش بە کتێب ، یارمەتی پێشکەش دەکەن.

مەسـەلەیەکی تـری هەرە گرنـگ ئەوەیە، مـانەوەی کتێـب و نەفەوتـانی ، لە ئەورووپـا زامنتـرە وەک لە کوردسـتان. ئەدی ئەوە نیـیە کتێـب و گۆڤـارو دەستنووسە کۆنەکانمان لەم کتێبخانانەدا پارێزراون. . . .

## کتێبە چاپکراوەکانم

(١) پەردەی شەرم، شیعر، چاپخانەی (ڕاپەڕین)، سلێمانی، ١٩٨٢.

(٢) کەلەشێری سپی و کەلەشێری ڕەش، چیرۆک بۆ منداڵان، وەرگێڕان لە عەرەبییەوە، چاپخانەی (ئەسعەد)، بەغدا، ١٩٨٨.

(٣) تەکان، شیعر، لە بڵاوکراوەکانی سەعدوڵلا شێخانی، چاپخانەی (الامة)، بەغدا، ١٩٩٠.

(٤) ڕۆڵی ئەدەب لە شۆڕش و گۆڕانە کۆمەڵایەتییەکاندا، لێکۆڵینەوە، بەناوی خواستراوی (ب.دەوەن) بڵاوکراوەتەوە، هەولێر، ١٩٩١.

(٥) بیبلۆگرافیای ڕۆژنامەگەریی کوردی لەنێوان (١٩٧٥-١٩٩٣)، لە چاپکراوەکانی ڕاگەیاندنی بزوتنەوەی میللی کوردستان، چاپخانەی ڕۆشنبیری، هەولێر، ١٩٩٨.

(٦) کاردۆ گەلاڵی نووسەرو پارێزەرو سیاسەتمەدار، کتێبی (گوڵان)، ژمارە (٢٤)ناوی چاپخانەی بەسەرەوە نییە، هەولێر، ١٩٩٨.

(٧) دەروازەیەک بۆ ناسینی (سمایلە باشە)ی شاعیر، چاپی یەکەم، چاپخانەی (ماردین)، هەولێر، ٢٠٠٠.

(٨) چەند پووشێک بۆ هێلانەیەکی تر، ڕەخنە، چاپخانەی (منارە)، هەولێر، ٢٠٠٠.

(٩) سەفەری ڕەش کۆژانی دەربەدەریی و ئاوارەییە، لێکۆڵینەوە، چاپخانەی (ماردین)، هەولێر، ٢٠٠٢.

(١٠) بەسەرکردنەوە (بیست و چوار بابەتی ئەدەبی و ڕۆشنبیرییە)، چاپخانەی (کشتوکاڵ)، هەولێر، ٢٠٠٥.

(١١) بزر بوونی ناوی کوردی لە کۆمەڵگەی کوردەواریدا، لێکۆڵینەوە، لە بڵاوکراوەکانی دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی بەدرخان، چاپی یەکەم، چاپخانەی (ڕۆژهەڵات)، هەولێر، ٢٠٠٨.

(١٢) مزگەوتەکانی ڕۆژئاوا، لێکۆڵینەوە، چاپی یەکەم، دەزگای توێژینەوەو بڵاوکردنەوەی موکریانی، چاپخانەی (خانی)، دهۆک، ٢٠٠٨.

(١٣) بزاڤی ڕۆژنامەگەریی کوردی لە ئەڵمانیا (١٩٦٣-٢٠٠٦)، لێکۆڵینەوە، چاپی یەکەم، دەزگای بارزان نیوز بۆ توێژینەوەو ڕاگەیاندن، چاپخانەی (پاک)، هەولێر، ٢٠١٠.

(١٤) هەژان، شیعری بەرگریی، چاپی دووەم، چاپخانەی (ڕۆژهەڵات)، هەولێر، ٢٠١١.

(١٥) (بێوار)ێک لە ئاوارەییدا، لێکۆڵینەوە، ناوی چاپخانەی لەسەر نییە، هۆڵەندا، ٢٠١٢.

(١٦) ڕابەریی ڕۆژنامەگەریی کوردی (١٩٧٥-١٩٩٣)، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆشنبیری، هەولێر،٢٠١٣. (١٧) حزبی سۆسیالیستی کوردستان کانوونی دووەمی ١٩٧٦- شوباتی ١٩٩٣ (هەڵکشان... داکشان... پەرتەوازە بوون)، لێکۆڵینەوە، چاپی یەکەم، چاپخانەی (ڕۆژهەڵات)، هەولێر، ٢٠١٩.

(١٨) بۆ ئەوەی ڕاستیەکان لە جەماوەر وون نەبن، لە بڵاوکراوەکانی حزبی سۆسیالیستی کوردستان- عێراق، ئامادەکردن و پێشەکی: ئیسماعیل تەنیا، هەولێر، ٢٠١٩. پرۆژەی چاپ و بڵاوکردنەوەی دیکۆمێنت و بەیاننامەکانی حزبی سۆسیالیستی کوردستان (١٩٧٦-١٩٩٣)، زنجیرە: (١).

# ناوەرۆک

*** بەشی یەکەم :**


- نمایشێک لە مینبەری (من)ەوە . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . ٦


*** بەشی دووەم :**


- ڕۆژنامەگەریی چەپی کوردی . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . ٥٠
- وێستگەکانی ڕۆژنامەگەریی کوردی لە دەڤەری بادیناندا . . . . . . . . ٦٦
- ڕۆژنامەگەریی چوار پارتی کوردستان . . . . . . . . . . . . . . . . . . ٧٢
- ڕۆژنامەگەریی زیندان لە مێژووی ڕۆژنامەگەریی کوردیدا . . . . . . ٨٢
- ڕۆژنامەگەریی کوردی (نهێنی و ئاشکرا)ی منداڵان . . . . . . . . . . . ٨٦
- ڕۆژنامەگەریی کوردە (زازا)کان . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . ٩٤
- گۆڤارە کۆچپێکراوەکان . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . ١٠٠


*** بەشی سێیەم :**


- دەنگی پێشمەرگە لە چوار خوولی جیاوازدا . . . . . . . . . . . . . . . ١٠٦
- پەڕەنگ: زایەڵەی دەنگی ڕەوەندی کورد لە قۆناغە سەختەکاندا . . ١١٤
- پێشکەوتن: گۆڤارێکی تەمەن کورت و بە بڕشت . . . . . . . . . . . ١٣٢
- هاڤیبوون: ناوەندێکی چالاک و بەخشندە بوو . . . . . . . . . . . . . ١٣٩
- مێژوویەک لەسەر (لم)دا . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . ١٥٢
- کتێبخانەی کوردی لە هانۆڤەر . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . ١٥٧